# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

**89**

**نیسان 2012**



خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**سەباح ئیسماعیل**

ojeen_sabah@yahoo.com

0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:

**چنوور نامیق**

chnur.namq@yahoo.com

0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

هەڵەگری:

**تریسکە ئەحمەد، ئاریان ئەحمەد**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد



دەزگای شەفەق

کوردستان – کەرکووک

شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری


وەک چۆن ناکرێ لەمڕۆدا دنیای ڕازاوە و جوان و ڕەنگاوڕەنگ بەڕەش و سپی ببینین، ئاواش ناکرێ دەقی جوان و داهێنانی هونەری و ئیستاتیکی بەچاویلکەی تاک ڕەهەندییەوە بخوێنینەوە.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

---

ئێمەی کورد پێویستە درک بەو ڕاستییە بکەین کە ڕۆماننووسەکانمان بەتەنیا هۆکار نین کە ڕۆڵی مێژووی تژی کارەساتی وڵاتی ئێمە بە ڕێچکەی وڵاتانی جیهان نەڕۆیشتووە، بگرە قەوارەی نەتەوە و پەراوێزخرانی نەتەوەیی هۆکاری تری ئەو بابەتەن.

ئارام شێخ وەسانی

---

خوێندنەوە کارێک نییە هیچ ڕۆشنبیرێک بتوانێ هەرگیز وەلای بخا، بنووس بێ یا نە. ڕۆشنبیر ئەگەر هەموو کات شوێنپێی هەر شتێکی نوێ هەڵنەگرێ کە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا پەیدا دەبێ، لە کاروان دوا دەکەوێ و ئەو ئەندازە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی بەشی لەوەپاشی ناکاو لە شوێنی خۆیدا قەتیس دەمێنێ.

محەمەدی مەلا کەریم

## پێڕست


لە "نەوشەفەق"ـەوە بۆ "الادب". سەروتار. سەرنووسیار ........ 3
جێمس جۆیس.. هونەرمەندی دەربەدەر. لێکۆڵینەوە. دێڤد دێیچس. و: د. ئازاد حەمەشەریف ........ 5
خوێنەر و ژیان لە دەرەوەی دەق. خوێندنەوە. عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) ........ 18
بێدەنگیی ڕۆمان و مێژووی کارەساتئامێزی کورد. وتار. ئارام شێخ وەسانی ........ 24
هونەر وەک گوزارشتی شیعری لە تێڕوانینی کرۆچەدا. وتار. یوگنی باسین. و: ڕزگار جەباری ........ 28
ولیەم فۆکنەر.. خودان ستایلێکی سەخت و تەمومژاوی. وتار. کامەران تاهیر ........ 32
خەمەکانی ئەدەبی تورکمانی. وتار. ڕەمزی چاوش. لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری ........ 34
ئاشناییەکی کورت بەژیان و بەرهەمەکانی عەلی ئەشرەف دەروێشیان. ناساندن. و: ئازاد نەجم ........ 39
لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم. دیمانە ........ 45
لەگەڵ شاعیر و ڕۆماننووسی لبنانی شەربل داغر. دیمانە. لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان ........ 61
وردە کۆتر. شیعر. دلاوەر قەرەداغی ........ 67
تەلیسمی مامزێک. شیعر. نەوزاد ڕەفعەت ........ 70
تووڕەبوون بە ئارامی...!. شیعر. ئیدریس عەلی ........ 72
نزیکترین کەسی لە خۆم.. ئەی مەرگ. شیعر. بەناز کوێستانی ........ 77
مێشکم بەتاڵ، گیرفانەکانم پڕ. شیعر. گۆران ڕەسووڵ ........ 83
خوێندنەوەی چەند پەیڤێک لە هۆڵێکی چۆڵدا. شیعر. هێمن عــوسمان عەبدوڵڵا ........ 86
ماڵێک لە گوڵ، ماڵێک لە ئاگر. شیعر. ئومێد عەلی ........ 91
باغێک لە زەڕنەقووت پێ گەییوە ئێمەش لەوێداین.. شیعر. بێستوون مینە ........ 93
پەریزادی شیعری مۆدێرنی ئێران. شیعری وەرگێڕاو. فروغ فەروخزاد. و: بابەک سەحرانەوەرد ........ 96
مارشی قەلەڕەشەکان. چیرۆک. ئەدیب نادر ........ 102
تەنیاییم ئەدوێ.. بێدەنگی. چیرۆک. سوارە کافرۆشی ........ 106
کەمانچە. چیرۆک. گۆران ڕەئووف ........ 109
لە مەمکەمژەوە بۆ جگەرە .چیرۆک. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 116
مراوییە کێوییەکانی باخچەی ئاژەڵانی... چیرۆکی وەرگێڕاو. مستەفا مەستوور. و: جەبار سابیر ........ 120
گاڵتە. چیرۆک. ئەنتۆن تشیخۆف. وەرگێڕانی: حوسێن عەلی ........ 126
لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەک. چیرۆکی وەرگێڕاو. پاولۆ کۆیلۆ. و: هێمن مەحموود حەمە ........ 131
دوو تێکستی شانۆیی کورت. شانۆ .سامۆئیل بیکت .ئا. و وەرگێڕانی: نیهاد جامی ........ 134
گای پیرۆز. کۆنەدەفتەر. مارف بەرزنجی ........ 139

سەروتار

سەرنووسیار

# لە "نەوشەفەق"ـەوە بۆ "الادب"



زۆر جـاران لێـرە لە کـەرکـووک کـاتێـک لەگـەڵ نووسـەرێکی عـەرەب یا تورکمان یا کلدۆئاشووری گفتوگۆمان سەبارەت بەوەی چەندێک زانیاریی لەسەر ئەدەبی کوردی هەیە دەکرد، بەوە وڵامی دەدامەوە، زانیاریی نییە و بەرهەمی کوردی بەعەرەبی تاک و تەراک نەبێ نەبینیوە و حەز دەکات گەر شک دەبەم هەندێک سـەرچاوەی بەعـەرەبی بدەمێ، منیش جگە لە چەند کتێـبێکی کەم هیچی وام بەدەستەوە نەبوو، داخ و ئەفسـووسم بۆ ئەوە دەخوارد لەبەرچی کار لەسەر وەرگێڕان بۆ عەرەبی ناکەین، تاکو ئەدەبی کوردی بەعەرەب بناسێنین. ئەم کەڵکەڵەیە جار ناجار سەری هەڵدەدایەوە و هەراسـانی دەکـردم، ئەوەبوو لەگەڵ بەرپرسی دەزگەی ئاراسـدا لەسـەر ئەوە ڕێکەوتین کـۆوارێکی وەرزیی عـەرەبی بەناوی "الادب" دەربکەین، بەشی زۆری تایبەت بێت بەوەرگێـڕانی دەقی ناوازەی کـوردی بۆ زمـانی



عەرەبی. ئەمە ئەو پرۆژەیەیە من دەمویست و بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە. ئیتر دەبێت قۆڵی لێ هەڵماڵین و کاری بۆ بکەین.

ئەوی نکوڵی لێ ناکرێت هەموان کەمتەرخەم بووینە لە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانی عەرەبی و ناساندنی بەوانی تر، لە کاتێکدا لە ئەدەبی کوردیدا کاری پڕ لە داهێنانی زۆرمان هەن و دەکرێت بەشانازی و ڕوویەکی سوورەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی تر و بەجیهان بناسرێن.

بۆیە لەم دوا ژمارەی نەوشەفەقەوە لە گشت ئەو نووسەرانە دەخوازین، کە توانای وەرگێڕانی هۆنراوە و چیرۆک و و پەخشانیان بۆ عەرەبی هەیە، یا دەتوانن بەعەرەبی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی کوردی بکەن، با بەرهەمەکانیان بنێرن و گۆڤارەکەی پێ بڕازێننەوە.

ئێمە لێرەوە سوپاس و منەتباری هەموو ئەو نووسەرانەین، کە لە نۆ ژمارەی پێشووی نەوشەفەقدا (٨١-٨٩) هاوکارییان کردین و بەسەریان کردینەوە. هەڵبەت ئەم پرۆژە نوێیەش بەیارمەتی و پشتیوانیی ئەوان نەبێت تەواو کەماڵ بەڕێوە ناچێت، بۆیە لەم ساتەوە چاوەڕێی بەرهەمیانین.

لێکۆڵینەوە

دێڤد دێیچس

# جێمس جۆیس..
# هونەرمەندی دەربەدەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
د. ئازاد حەمەشەریف

(جێمس جۆیس) لە ساڵی ١٨٨٢دا لە شاری (دبلن) چاوی بە دنیا هەڵێنا، ئەو شارەی ئاکارە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە نواندنی جوامێرییەکی پەڕپووت لە بەرامبەر پێشینەیەکی خەماویی رامیاری و ئاینی و مەیخۆری. باوکە تەوەزەل و مەشرەف خۆشەکەی، دایکە پشوودرێژ و سەرکەچەکەی، لەگەڵ دایەنە رەقەکار و توندوتیژەکەی (مسز کۆنوێ ی) بریتی بوون لەو سێ کەسەی کاریگەرییەکی یەکجار گەورەیان لە ژیانی ماڵەوەی (جۆیس)ی لاو کرد. ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە خێزانەکەیان لە ژیانێکی نیمچە بەختەوەرانەوە بەرەو ناخی هەژارییەکی هەردەم زێدەبوو شۆڕ دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەبێ ئومێدی هەوڵی دەدا کەمێک رووخساری رێز و پایەبەرزیی بۆ بمێنێتەوە، کەچی بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت، چونکە ئەو خێزانە بەردەوام بەرەو هەوارگەی بچووک و بچووکتریش هەنگاوی دەنا لەو کاتەی داهاتی خێزانەکەیان بەرەو نەمان دەچوو. ئەمەش دەوروبەرێکی یاریدەدەر نەبوو بۆ هونەرمەندێکی بەتوانا. لەپاش مردنی (پارنێڵ)، سەرکردەی نەتەوەیی (ئێرلەندە)، لە ساڵی ١٨٩٢دا، شەپۆلی شێواوی باری ڕامیاری (ئێرلەندە)ی دوای (پارنێڵ)، نەوایەکی نائومێدی پڕ ئاژاوەی خستە سەر باری بۆگەنی بەربڵاوی ئەو سەردەمە کە گشت کارە پاڵەوانییەکانی بزاڤی بوژاندنەوەی ئەدەبی (ئێرلەند)ی نەیدەتوانی بیشارێتەوە.

ئا لەناو ئەو هەموو ئاشووب و ئاژاوەیەدا بوو کە (جۆیس) گەورە بوو. تاقە رووخسارێکی (دەبلن) کە ئەو دەیتوانی پڕ بە دڵ پەسندی بکات خۆشەویستیی گۆرانی بوو، تاوەکو کار بەو ئەنجامە گەیشت وەخت بوو (جۆیس) بەپیشە ببێتە گۆرانیبێژی نەوای (تێنەر). ئەوەی دەمایەوە



ئەوە بوو، لەلای (جـۆیس) گەورەبـوون لە (ئێرلەنـدە)دا برێتی بوو لە گـەیشتن بەو رایەی پێویسـتـە خاک و خۆڵی باب و باپیرانی بەجێ بهێڵێت.

(جۆیس) لە خوێندنگە جێزوێتییەکانی (کلۆنگوۆس) و (بێلڤییدر)دا پەروەردە کرا، لە تەمـەنی شـەش سـاڵ و نیـودا چووە ئەوەی بەرایی و لـە تەمـەنی شـازدەدا زانـکۆی کـاسـۆلیکـی (دەبلن) "ئەو زانکۆیەی بەشێک بوو لە بـووژاندنەوەی زانکۆی کاسـۆلیکی و لە سـەرەتاکانی ئەم سـەدەیە لەلایەن (کاردینال نیومان) دامەزرێنرابوو". (جۆیس) لەوێ بۆ خوێندنی زمانە هاوچەرخەکان خۆی تەرخان کـرد، جـا لە سـاڵی ١٩٠٢دا بەکـالۆریۆسـی وەرگرت و بڕیاری دا یەکسـەر خـۆی بخـزێنێـتـە ناو باوەشی دەربەدەرییەکی خۆویستانە لە (پاریس). هەرچەندە پاش سـاڵێک بە ناچاری نەک بەدەست خـۆی، گـەڕایەوە (دەبلـن)، ئەوەش بۆ مـاوەیەکی مـەیلەو کـورت بوو. لـە سـاڵی ١٩٠٤دا دیسـان (ئێـرلەندە)ی بەجێ هێـشـتـەوە، ئەمـجـارەیان بۆ چەشنە دوورکـەوتنەوەیەکی وا، بێـجگە لە دوو سـەردانی کـورت بۆ هەوارگـەی باب و باپیـرانی لـە سـالآنی ١٩٠٩ و ١٩١٢دا، تـا دوا ڕۆژی ژیانی خایاند.

لە ماوەی خوێندنی لە سێ دانیشتگە کاسۆلیکییەکانەوە بوو ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەو پێویستی بە ژیانێکی دەربەدەری هـەیە. پێـشـینەی ژیانی مـاڵەوەی، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو شـەڕەچـەقـە ئاینی و ڕامیـارییانـەی کە بە شـێوەیەکی وا هێمایی لە دیمەنی نانـخواردنی جەژنی سـەری ساڵ لە ڕۆمـانی (وێنەی هـونەرمـەند لە تافی لاویدا) نیـشـان دراوە. جـا لـەوێ دەبـینین جـوامـێـرییـە پەرپـووتـەکـە پەرپـووتتـر دەبێت، هـەر ئەمـانە ئەو شـتـانە بوون وایان لێی دەکـرد بەردەوام هـەست بەوە بکات پێـویسـتـە لـە دەسـتـیـان ڕابکات؟ لە هەمـان کـاتـیـشـدا ژیانی رامـیـاری و هونەری (دەبلن)ی بە شـێـوەیەکی وا تەسک و پووچەڵ و پەنگخواردوو دەبینی، ڕێک وەکو پێشـینەی مـاڵەوەی خۆی. لە سـەرەتـادا جـێگرەوەی ئەمـەی لەناو ئاینـدا دۆزییـەوە، هەروەک دەبینین کـاتـێ لە خـوێندنگەی (بێلڤـیـدێر)دابوو مـاوەیەکی باش بەقـووڵی خـەریکی خـواپەرسـتی بوو، پاشـان ئەو شـتـانەی بەبالآکـردنی کۆمـەڵە ئـارەزوویەکی گـەرمـوگـوڕی هەرزەکاری دادەنا. بەر لـەوەی (بێلڤـیـدێر) بەجێ بهـێـڵـێت ئەو ئاینی رەت کـردبـووەوە، وەلێ هێـشـتـا ڕێزی لە ئاکـاری هزری ئاینزانی دەگـرت (ئەو ڕێزەی کە تا سەر لەلای مایەوە)، کەچی بەهاکانی ئاینی بەنەزۆک و ڕێگر دادەنا. ئاینی کاسـۆلیکی تەنیـا برێتـی بوو لە یەکـێک لەو هێـزانەی لە تافی لاویدا ئەوی بەرەو خـوارەوە رادەکـێـشـا، ئەوەی تریان نیشـتـمانپەروەری بوو، بەهەردوو لقی رامیاری و ڕۆشنبیرییەوە، کە لە کۆتاییدا ئەوەشیـانی فڕێ دا و بەرهـەڵستی داواکارییەکانی ئەدەبی (نوێ)ی ئێرلەندی (لێدی گریگۆری) و (و. ب. یێتس) و ئەوانەی تر کرد.

ڕەنگە بپـرسـین: بۆچی (جـۆیس) خـۆی خسـتـە ناو باوەشی خـۆدابرین؟ بۆچی کـاتێک هـێـشـتـا تەمـــەنی (٢٠) ســـالآن بوو تـاقــە ڕێگەی گــونجــاوی ژیانی خـــۆی لە دەربـەدەریدا دەبینی؟ بە وەڵامـدانـەوەی ئەم پرسـیـارانە کلیلی تێگەیشتن لە (جـۆیس)ی هونەرمـەند و (جـۆیس)ی مـرۆڤ

دەکـەوێتـە دەسـتـمـان. وەڵامی ئەم پرسـیـارانە لەلایـەن (جـۆیس)ەوە لە ڕۆمـانە سـەربووردنـامـە خـودییـەکـەیدا (وێنەی هـونـەرمـەند لە تافی لاویدا) دراوەتەوە. لەو ڕۆمـانـەدا، لە میـانەی گێڕانەوەی چیرۆکی گەشـەکردنی (ستیڤن دیدالەس)، ئەو ڕەتکردنەوەی بـەردەوامـی خۆی بۆ ئەو چوارچێوەیەی تیایدا دەژیت تۆمـار دەکات و ئەمـەش لە هـەمـان کاتدا برێتییـە لە چیـرۆکی دەرکـەوتنی خـۆی وەک هـونـەرمـەندێک. هـەر لەوێشـدا پێشینەی ڕێ لێگری مالـەوەی، لەگـەڵ کەشـوبا دژوارە سـاردوسڕەکەی خوێندنگە و گفتوگۆ هیچ و پووچەکانی زانکۆ دەبینین.

(سـتـیـڤـن) دەبینین (کـە جـۆیسـە بەخـۆی) یەک لە دوای یەک مـاڵ و ئاین و نیـشـتـمـانەکەی ڕەت دەکاتەوە و تا دێ شـانـازی بەخـووەوە دەکات و دوورەپەرێز دەبێت و پڕ بـە دەنگ هـاواری (خـزمـەت ناکـەم) بە ڕووی هـەمـوو ئەو شـتـانـەی نوێنـەری ئەرسـەدۆکـسـیـەت و نەریتن دەتەقـێنتـەوە. جـا هـەرچەندەی ئەو زیاتر دوورەپەرێز دەبێت، زێتر خۆی لە هـاوڕێکانی دەدزێتەوە و زێتریش لە ڕوانینە بابەتییـەکـەی هونەرمـەند نزیک دەبێتـەوە. (سـتیڤـن)ی هونـەرمـەند ئەو سـاتە لەدایک دەبێت کـاتێک سـەرکـەوتووانە بەرهـەڵسـتی ئەو فریوەی دەیەوێ ئەو بخـاتە ناو ڕێکخراوی جێزوێتی دەکات: ئەو لە ناکاوڕا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت ئەو هـاتووەتە دنیا تا دوور لە خەڵکی بژیت، تا بە چاوێکی بابەتییانە تەماشای دنیای مرۆڤ بکات و هـەڵسوکـەوتیان بە وردەکارییەکی هونەرمـەندانەی بێ ئارەزوو تۆمار بکات:

"ئەو هـەرگـیـز وەک قـەشـە بخـووردان لەپێش قـوربـانیی پیرۆز ناجـوولێنێتـەوە. چـارەنووسـی ئەو برێتـیـیـە لەوەی دەبێ لە دەست یاسـا کـۆمـەڵایەتی و ئاینییـەکـان رابکات.... ئەو چارەنووسی وا نووسرابوو دەبێ بلیمەتیی خۆی دوور لە خەڵکی تر دەستگیر بکات یا بلیمەتیی خەڵکی تر بە خۆی فێر ببێت کاتێک بە ناو تەون و تەڵەکانی ئەم جیهانەدا گوزەر دەکات".

چارەنووسی ئەو وەک هونەرمەندێک داوای هـەڵبژاردنی دەربەدەریی لێی دەکرد.

جـا بەم چـەشنە (وێنـەی هونەرمـەند لە تافی لاویدا) برێتـیـیـە لە تۆمـارکـردنی گـەشـەکـردنی هـاوتەریبی هونـەرمەند و دەربەدەری. ڕۆمـانەکە ئەو دەمـە تەواو دەبێت کاتێک فـەلسـەفـەی هونەری (سـتـیـڤـن) گـەشـەی کـردووە لەگـەڵ بڕیاری بەجـێـهـێـشـتـنی (ئێرلـەندە). تەنیـا لەو کـاتەی تانەی سـەرچاوی (ستیڤن) لادەچێت ئەو بە چاوی هونەرمـەندێک تەماشـای دنیا دەکات نەوەک بەچاوی کاسۆلیکلییەک، یان وەک ئێرلەندییـەک. بەڵام وەک (هـەستێکی ڕووت)، ئەو بەچاوێکی ئیستـاتیکی پاکیزە ژیانی ئاساییی هاوکاریکردن و خۆگونجاندن ڕەت دەکاتەوە. لە ئێستا بەدواوە (ڕاستگۆییی هونەری) برێتییـە لەو هـەمـوو شـتـانەی ئەو گرینگیی پێ دەدات، ئەو سـاتە ئـەو بووەتە مرۆڤـێکی کەنارگیر و ناهاریکار.

لە گوین بوو (جۆیس) بووبووایە قـەشـە، بەڵام هـەڵبژاردنەکەی تەنیا لە مـابەینی بوون بە قەشـە و هـونەرمـەندی بوو. ئەو جـۆرە مێشکە ناهـاوکارەی کـە نکووڵی لەخۆکردن بە تامـەزرۆییی دەسـەڵاتەوە

گرێ دەدات، دەكرا بە "دەسەڵاتی ئەو كلیلانەی خەڵک پێكتر دەبەستێتەوە و لە گوناھ دەربازیان دەكات"، یان بەھۆی توانای خۆئاسای ھونەرمەند بە دروستكردنەوەی دنیا لە وشەبڕی بشكێت. جا ھەر لەبەر ئەمەشە رەتكردنەوەی (ستیڤن) بۆ چوونە ناو رێكخراوی جێزوێتییەكان برێتییە لە لووتكەی رۆمانی (وێنەی ھونەرمەند لە تافی لاویدا). خۆ ھەر بۆیەشە ھەڵبژاردنی ھونەرمەندی تاقە بوارە بۆ ئەو مابێتەوە، بەشەكەی تری رۆمانەكەش برێتییە لە قسەی ئاسایی لەبارەی تیۆری ئیستاتیكی (ستیڤن)ەوە لەبارەی دەربەدەرییەوە.

ئەو ئیستاتیكییەی (جۆیس) گەشەی پێ دەدات، ئەوەكەی (ستیڤن) بە دوور و درێژی لە (وێنەی ھونەرمەند)دا لێی دەدوێت لەو جۆرانەیە مرۆڤ لە ھونەرمەندێک چاوەڕوانە، كە ھونەر لەلایەوە مانای دەربەدەری دەبەخشێت. ھونەر وا دەبینرێت گوازتنەوە بێت لە فۆرمی سترانی كە سادەترین فۆرمی ھونەرە و برێتییە لە دەربڕینێكی پڕ سۆزی تاوێكی كەسی بەرەو فۆرمی داستانی، كە چیی تر شتێكی خودی پاكیزە نییە بەرەو فۆرمی دراماتیكی كە ئەمەیان بەرزترین و كامڵترین فۆرمە و "ھونەرمەند وەكو خواوەندێک لەناو یا لەپشت یا لەودیو یا لەسەر دەستكردەكەی بە نەبینراوی دەمێنێتەوە، لە بوونی خۆی پاكژ كراوەتەوە و بە بێباكی نینۆكی سەرپەنجەكانی رێک دەخات." جا ئەركی بەرزترین چەشنە ھونەرمەند ئەوەیە تێڕوانینێكی تەواو بابەتی و بێباک و ناكەسی بەرھەم بھێنێت و سەرلەنوێ دنیای مرۆڤ لە زمان دروست بكاتەوە و ھەروەھا ناشێت ئەو لە خوا زیاتر خۆی سەر بە جیھانە خوڵقێنراوەكەی خۆی بزانێت.

لە دوا بەشی (وێنەی ھونەرمەند)دا دوو بیرۆكەی سەرەكی سەر ھەڵدەدەن، ئەوانیش برێتین لە گەشەكردنی ئیستاتیكی (ستیڤن) و رەتكردنەوەی بەردەوامی دەوروبەرەكەی. بەشێوەیەک یا شێوەیەكی تر ئەم دوو كردەیە (پرۆسە) لە یەكتریدا دەردەكەونەوە، ھەروەھا ئەو كەرەستانەی (جۆیس) بەكاریان دێنێت بۆ روونكردنەوەی ئەم چەشنە رەنگدانەوانە شایەنی سەرنج دانن. یەكەمیان، ئێمە دەبینین خوولقاندنی تێڕوانینێكی ئیستاتیكیی پاڵەوانەكە یان لەلایەن خۆی بە تەنیا، یا لە گۆشەگیرییەكی تەواو، یا لە بەرھەڵستییەكی راستەوخۆی ھاوڕێكانی خراوەتە ڕوو. دووەمیان: لەو پنتەوە بەرەو دوا تا كۆتایی پەڕتووكەكە، (ستیڤن) بە چاوێكی ھونەرمەندانەی دوورەپەرێز تەماشای ھاوڕێ و ناسیاوەكانی دەكات، نەک بەچاوی مرۆڤێكی ئاسایی، تا ئەنجام بەوە دەگات ئەو بەخۆی ھەردەم وەكو مرۆڤێكی (تەنیا) و (جیاواز) نیشان دراوە. سێیەمیان، ئەو تێروانینە ئیستاتیكییەی وەک شتێكی گەشەسەندوو خراوەتە بەرچاو ھەڵبەتە ئەمەش تێڕوانینی (جۆیس) خۆیەتی برێتییە لەو جۆرە تێڕوانینەی كە دوورێتی و بابەتیبوونی ھونەرمەندەكە دەردەخات: جیھان برێتییە لە شتێک كە دەبێت سەرلەنوێ لە دوورەوەڕا دروست بكرێتەوە، نەوەک لە ناوەوەڕا لاسایی بكرێتەوە. ئا بەم چەشنە (جۆیس) دەیەوێت گەشەكردنی ھونەرمەند و دەربەدەری وەک بەشی یەک كردە (پرۆسە) بخاتە بەرچاو.

ئەگەر بەوردی تەماشای ئەو شێوازە بكەین كە تێگەی ھونەرمەند وەكو وێنەیەكی تایبەتی نەک

وێنەیەکی گشتی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا، ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی روونتر تێ بگەین چی روو دەدات. لەگەڵ ئۆسکاروایلد و "دارزیووەکانی" نەوەدەکاندا ئەوە دەبینین کە نکووڵی چ لە ئەرکی هونەری (وەک وایلد دەڵێ: "هەمــوو هونەرێک بە تەواوی بێ ســوودە") و چ لە سوودی کۆمەڵایەتیی هونەرمەند دەکرێت. جا لە گۆشەگیرییەوە بەرەو دەربەدەری تاقە هەنگاوێکە.

ئەوەی راســتی بێت – مێــژووی ئەدەب چەندین نموونەی لەم چەشنە دەردەخــات – کــاتێک چوارچێــوەی بەهای کــۆمــەڵایەتی بەرەو هەڵوەشـــانەوە دەچێت ئەرکی هونەرمەندیش دەبێتە شتێکی گومان لێکراو. هەر لە هەمان کاتیشدا هەموو پلە و پایەیەکی دیاری خۆی لە کۆمەڵگە لە دەست دەدات و کاردانەوەشی (بەرامبەر کۆمەڵگە) بە هۆی دوورەپەرێزی یان دەربەدەری دەبێت. ئا ئەوە یەکێک بوو لەو بزووتنەوە ئەوروپاییە گشتییەی کەوتە گەشەکردن کاتێک مەنگیی دنیای ڤیکتۆری بەرەو پشێوی و تێک شێوانی زێتر دەچوو. ئەمە بە سادەیی برێتی نییە لە رەتکردنەوەی چینی ناوەڕاست لەلایەن هونەرمەندەوە وەک هەندێک نووســەری مێــژووی ئەدەبی وای بۆ دەچن، بگرە برێتییە لە رەتکردنەوەی هەموو رووخسارەکانی کۆمەڵگە لەلایەن هونەرمەندەوە.

بۆیەش هاتنە دنیای ستیڤن دیدالەس (کە جێمس جۆیسە) وەک هونەرمەندێک مانای چوونە پاڵ هیچ پیشــەیەکی دیاریکراو نییــە، هەروەها مــاناشی ئەوە نییــە ئەو شــوێنی خــۆی لەنــاو پەیژەی کۆمەڵایەتی دۆزیوەتەوە و ئەرکەکەی کارێکی سووک و ئاسانە. بە پێچەوانەوە، ئەوە مانای وایە ئەو گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی ئەو هیچ شوێنێک و هیچ چەشنە ئەرکێکی دیاریکراوی نییە. کاتێک ســەدەی نۆزدەم بەرەو کــۆتاییــیــەکەی هــەنگاوی دەنا، پایەی ئەدەبی راســتــەقــینە (جــیــدی) وەکــو پیشــەیەک تا دەهات تەمومــژاویتر دەبوو. رێگەکانی چوونە نــاو هــەر چەشنە پیشــەیێکی هونەری ئاڵۆز و تێک شــێــواو بوو. دادوەرانــی چەشــەی هــونەری لە بوونــا نەمــابوون. بۆیە هــەر لــە دژی ئەو چەشنە پێشینەیە بوو هونەرمەند بۆ بەرگری لە خۆکردن خۆی بە دەربەدەرێک دەزانی و چەشنە تێروانینێکی هونەریی دەهێنایە کایەوە کە بێباکییەکی تەواوی پێوە دیاربوو . راستە رازینەبوونی (جۆیس) لە (دەبلن) بۆنەیەک بوو نەک هۆی ڕاستەقینەی دوورەپەرێزییەکەی.

جــا (جۆیس) لە ئەنجامــی بەدەنگ هاتن لە بەرامــبــەر ئەو رەوشــانەی کە لە گــوینە بــە ئاســتــەم ئاگەداریان بووبێت، ئێرلەندەی بەجێ هێشت و بەرەو کیشوەر بەرێ کەوت تا هونەرەکەی لە ناو "بێ دەنگی و دەربەدەری و کارامەیی"دا بە بەرهەم بهێنێت. یەکەم بەرهــەمی (جۆیس) برێتی بوو لە کۆمــەڵێک کورتە چیرۆک، ئەوانیش وێنەی چەند رووخســارێکی نموونەیی ئەو (دەبلن)ە بوون کە پشتی تێ کردبوو، زۆر بــە ساکاری ناونیشانی (دەبلنییەکان)ی لێ نا. چیرۆکەکان بە وەسفکردنی سەردەمی منداڵی لــە (دەبلن) دەست پێ دەکەن و بە زمانی کەسی یەکەم نووسراون، ئینجا تا دێت پــەرتووکـــەکـــە بــەرەو لێکۆڵینەوەیەکی بابەتەنیـــــاتر هــەنگاو دەنێت و لــەوێوە نووســـەر بــە دوورەپەرێزییــەکی هۆشــیــارانەوە چەند رەوشــێکی جــیــاکــراوەی ژیانی (دەبلــن) بە کورتــی نیشــان دەدات. ئێــمــەش لەوێدا گــەشــەکــردن لە هــونەری (ســتــرانیــیــەوە) بەرەو (درامــاتیکی) دەبینین بەو



چەشنەی کە جۆیس لەو زاراوانە گەیشتبوو. چەند وێنەیەکی وەک (ڕۆژێکی لاولاوەیی لە ژووری کۆمیتەدا) لەناو یەک تاقە دیمەندا هەموو ئەو ئیشوکارە سەرەکییانە دەخاتە روو کە (دەبلنی)یە ئاساییەکان پێیەوە خەریکن، وێڕای ئەوەش دۆخی دەروونیی ئەو شوێنە دەردەخات، دۆخێکی تاریکی تێکەڵ بە هەڵەشەیی باڵی بەسەریاندا کێشاوە. ئا لێرەدا چەشنە ریالیزمێکی خامۆشی نیگارە (فلێمینگ ئاساکان) دەبینین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکان لە وێنەی ریالیستی زیاترن، هەروەها چیرۆکەکان هێماییین، چونکە هەر کەسێک و هەر وێنەیەک لەمانە دەبن بەهێمای شاری (دەبلن) و خەڵکەکەی.

دوا چیرۆکی (دەبلنییەکان) (مردوو)ە و لەوانەی تر جیاوازە. ئەو چیرۆکە کەمتر بریتییە لە وێنەیەکی نموونەیی باری (دەبلن) لەوەی ئەفسانەیەکە بۆ نواندنی مەبەستێک دروست کراوە. لێرەدا (جۆیس) دەیەوێ لە ڕوانینێکی یەکجار خودییەوە ئەو گۆڕانە دەستنیشان بکات، کە تۆ وا هەست دەکەیت دەڵێی دنیا بە دەوری تۆوە خول دەخۆیت، لەوەشەوە دەچیتە باری ئەو چەشنە تێڕوانینەی کەسایەتیت سڕاوەتەوە و دەتوانیت لە دوورەوە بوەستیت و بەبێباکی سەیری خۆت و دنیا بکەیت. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە بارێکی دەروونیی خۆپەرستانەی پڕ لە فیشاڵەوە دەست پێ دەکات، پاشان لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەوە، وا دەردەکەوێت کەسایەتی سڕاوەتەوە و لەناو رەوشێکی دەروونیی بێباکییەوە بە هەموو شتێک رازی دەبێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەم

چیرۆکە پاشی چیرۆکەکانی تر (دەبلنییەکان) نووسراوە و بەشێکی سەرەکیی کۆمەڵە ڕەسەنەکە پێک ناهێنێت. جا چیرۆکی (مردوو) جۆرە بیرۆکەیەکی پاشەبەرەیە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆخەریککردنی (جۆیس) بە مەسەلەی هەڵوێستی جوانناسیی ڕاست و دروست دەردەبڕێت. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوەی بەسەر (گابرێل) دێت وەک ئەوەیە کە بەسەر (ستیڤن) دێت لە (وێنەی هونەرمەند)دا، ئەو لە تێڕوانینێکی سترانییەوە دنیا بە شێوەیەکی خۆویستانە لێک دەداتەوە و (جۆیس) ئەمە بە ناکامڵترین ڕوانین دادەنێت، ئینجا دەگاتە تێڕوانینێکی (دراماتیکی) و ئەمەش لەلای (جۆیس) دروستترین بۆچوونی جوانناسیی (ئیستاتیکی) بوو.

(وێنەی هونەرمەند) بەدوای (دەبلنییەکان)دا هات. لەو ڕۆمانە سەربووردنامە خودییەدا – ئەگەرچیش سەربووردنامەیەکی خودییە، کەچی بەزمانی کەسی سێیەم نووسراوە – (جۆیس) دەیەوێ دوور لە خودی خۆی و دەووروبەرەکەی بوەستێت و بە چاوێکی تەواو بابەتییەوە لەبارەی گەشەکردنی خۆیەوە وەک هونەرمەندێک بنووسێت. هەروەک بینیمان، ئەو ڕۆمانە بریتییە لە تۆمارکردنی گەشەکردنی هاوتەریبی هونەرمەند و دەربەدەری. دوای تەواوکردنی ئەمە، (جۆیس) توانی دابسەکنی تا یەکەم شاکاری بنووسێ.

ڕوانینی (جۆیس) بۆ هونەرمەند بەو پێیەی کە دەربەدەرە، کە ئەم چەشنە تێڕوانینەش زۆر بە توندی بە ئایدیالی بێباکی و بابەتیی هونەرەوە بەستراوەتەوە، بە چەشنێکی سروشتی سنووری بۆ هەڵبژاردنی بابەت و تەکنیکی ناو یەکەمین شاکاری مەزنی کێشا. هەر بۆیە ڕۆمانی (یولیسیس) بریتییە لە هەوڵدانێک بۆ وێنەکێشانی چالاکییەکانی مرۆڤ بە دوورەپەرێزییەکی تەواو پڕاوپڕ – کە ئەمەش داواکارییەکی شێوازی (دراماتیکی)یە و هەڵوێستی ئەو هونەرمەندە وەکو کەسێکی دەربەدەر. (دەبلن) ئەو دنیایەیە کە جۆیس وەک هونەرمەندێک خۆی لێ کێشاوەتەوە. جا لەم کارەیدا دەبێ (دەبلن) بکرێتە هێمای دنیا بە گشتی و پێزیستە چالاکییەکانی خەڵکی ئەو شارە وا نیشان بدرێت کە بریتییە لە دنیایەکی بچووککراوەی هەموو چالاکییەکانی ڕەگەزی مرۆڤ. ئەگەر بێتو ئەرکی هونەرمەندی ڕاستەقینە، هەروەک جۆیس داوای دەکات، ئەوە بێ کە "نەبینراو بێ و لە بوونی خۆی پاکژ کرابێتەوە و بەبێباکی نینۆکی سەر پەنجەکانی ڕێک بخات"، کەواتە جۆیس دەبێتە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە بەرامبەر بەو (دەبلن)ەی خۆی لێ کرد بە نەناسیار و بێباکانە تەماشای دەکرد. نووسین لەبارەی (دەبلن)ەوە لە سویسرا و پاریسەدا، وای لێ کرد وەک "خوای خوڵقێنەر" بێت و لە ئاسمانێکی دوورەوە لە دەستکردەکەی خۆی ورد ببێتەوە.

ڕۆمانی (یولیسیس) بریتییە لە وەسفی ژمارە ڕووداوێکی دیاریکراو لەبارەی ژمارەیەک خەڵکی دیاریکراوەوە لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە – کە (دەبلن)ە . لەگەڵ ئەوەشدا (جۆیس) ناچار بوو (دەبلن) بکاتە وێنەیەکی بچووککراوی دنیا تا دووری خۆی لەم شارە بکاتە هەڵوێستێکی جوانناسی. جا بۆیە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لەسەر یەک ئاست ناگێڕدرێتەوە، چیرۆکەکە بە شێوازێکی وا ئاڵۆز دەگێڕدرێتەوە کە قووڵی و مانا دەدرێتە ڕووداوەکان و دەبن بە

هێمای چالاکیی مرۆڤ لە جیهاندا، نەک تەنیا وەسفکردنی کۆمەڵە کەسێکی شاری (دەبلن) . دیارترین شێواز کە (جۆیس) بۆ روونکردنەوەی رووخساری دنیا بچووککراوەکەی چیرۆکەکە بەکاری دێنێت برێتییە لەو هاوتەرییبیەی کە لەگەڵ (ئۆدیسەی) هۆمیرۆس هەیەتی. چونکە (جۆیس) یولیسیسی هۆمیرۆسی بە کاملترین مرۆڤ لە هەموو ئەدەب دادەنا – ئەو مرۆڤەی هەموو لایەنێکی دیارخراوە و لە یەک کاتدا پاڵەوان و ترسنۆکە، وریا و هەڵەشەیە، لاواز و بەهێزە، مێرد و دڵدارە، چاوتێر و قرچۆکە، تۆڵەسەن و بەخشندەیە، مرۆڤێکی بالا و پووچەڵە – جا (جۆیس) هەوڵی دا تا سەرچڵییەکانی پاڵەوانی رۆمانەکەی، لیۆپۆڵد بلووم، کە جوولەکەیەکی ئێرلەندییە، لەسەر هەمان رێرەوی نموونەیی ئەو یولیسیسە بروات کە هۆمیرۆس گیانی خستبووە بەر. جا هەربەم شێوەیەش، هەر رووداوێک لە چالاکییەکانی (بلووم) لە ماوەی ئەو رۆژەی کە لە (دەبلن)ە بەرامبەری خۆی لە یەکێک لە سەرچڵییەکانی یولیسیسی (ئۆدیسە)ی هۆمیرۆسدا هەیە. بەمەش (بلووم) دەبێتە گشت مرۆڤ و (دەبلن)یش دەبێتە سەرتاپای دنیا، کەچی مرۆڤەکانی تر مرۆڤی ناکامڵ دەردەکەون.

بۆ نموونە، (ستیڤن) لە (یولیسیس)دا سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە تا رۆڵێکی گرینگ بگێرێت بەو پێیەی کە (مرۆڤ هونەرمەندە)، لێرەدا ئەو پڕ بەمانای وشە هونەرمەندە، کەچی (بلووم) نیمچە هونەرمەندە و نیمچە زاناشە، هەڵبەتەش هەر یەکێک لە توانا هونەری و زانستییەکەی لەسەر ئاستێکی زۆر لەوە نزمترە تا (بلووم) ببێتە هونەرمەندێکی "تەواو" یا زانایێکی "تەواو".

پەرتووکەکە لە سەعات ٨ی بەیانی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤دا دەست پێ دەکات. (ستیڤن دیدالەس) بە هۆی مردنی دایکی داوای لێ کراوە بگەرێتەوە (ئێرلەندە) پاش ئەوەی ساڵێکی لە پاریس بەسەر بردووە (هەروەکو جێمس جۆیس خۆی)، ئەو لە بورجێکی کۆنی سەربازیدا لەگەڵ (بەک مەلیگان) کە قوتابییەکی گاڵتەبازی کۆلێجی پزیشکییە و میوانێکی ئینگلیزیشی لەگەڵە، لەسەر کەنار دەژیت. جا لە میانی ئەو دیمەنە بەراییانەدا کەسێتیی (ستیڤن) زۆر بە وردی هەڵنراوە. ئەو هونەرمەندێکی دوورەپەرێز و ناهاوکارە، هەروەها هەموو ئەو هەنگاوانە رەت دەکاتەوە کە نوێنەرانی دنیای ئاسایی بەرەو رووی دەنێن. وێڕای ئەوەش مرۆڤێکی ناکامڵە و پاش دەمێکی تر دەبێتە دژی (لیۆپۆلد بلووم) کە مرۆڤێکی کامڵە و نوێنەری دنیای هاریکاری و ئاشتبوونەوەیە. پاش بەدرەنگ کەوتنی (ستیڤن) لە میانی چالاکییە زووەکانی سەرلەبەیانی و بەهۆی خستنەرووی (تەوژمی بەئاگاییەوە)، ئێمە هەموو تەزووە سەرەکییەکانی ناو مێشکی ئەو دەزانین، ئینجا نووسەر دەمانبات بۆ ماڵی (لیوپۆلد بلووم) و پاشتر بەدوای ئەویشدا دەچین لە میانی چالاکییەکانی رۆژانەی. ئێمە (بلووم) لە ماڵی خۆی دەبینین، پاشان لە کۆرێکی ماتەمیندا، ئینجا دەبینین مامەڵەی بازرگانی دەکات، فراوین دەکات و بەناو شەقامەکانی (دەبلن)دا پیاسە دەکات – ئێمە زۆر بەوردی چاودێریی هەموو چالاکییەکانی دەکەین، کەچی لە هەر پنتێکی ئەم پنتانەدا ناوەوەی مێشکی دەخرێتە ڕوو، بەگشت رووداوە رابردووە چاوەڕواننەکراوەکانەوە تاوەکو

هەموو مێژووی رابردووی ئاشکرا دەکرێت.

لە کۆتاییدا (بلووم) و (ستیڤن) کە بە درێژایی رۆژ یەکتریان ون کردبوو پێک شاد دەبنەوە. ئێستا کات درەنگە و (ستیڤن) کە لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیی کۆلێجی پزیشکی دەیخواردەوە باری خراپ و نالەبارە. جا هەستێکی باوکانە پاڵ بە (بلووم) بەرەو (ستیڤن) دەنێت - ئەمەش لەبەرئەوەیە کورەکەی ئەو بە ساوایی مردبوو و بە شێوەیەکی هێمای جێگەی ئەو دەگرێتەوە - چاودێریی سەرچڵییەکانی داهاتووی (ستیڤن) دەکات کە ئەو رۆڵی پارێزەرێک بەرامبەر بەم دەبینێت. لووتکەی پەرتووکەکە لەو کاتەدا دەست پێ دەکات کە (ستیڤن) بە تەواوی سەرمەستە و (بلووم)یش لە ماندوێتییان داڕزاوە، هەردووکیان خۆیان داوێنە ناو باوەشی زنجیرەیەک لە هۆرینە کە ژێر هەست و بێ هەستیان بەشێوەیەکی وا دراماتیکی دەکەوێتە روو و کەسایەتییان بێ پێچ و پەنا بە تەواوی ئاشکرا دەبێت کە لە هەموو ئەدەبدا هاوتای نییە. پاشان (بلووم) (ستیڤن) دەباتەوە ماڵ و ژەمەنانێکی دەداتێ.

دوای ئەوەی (ستیڤن) دەڕوات (بلووم) خۆی دەخزێنتە ناو نوێنەکەیەوە - ئەو دەمە سەعات ٢ی بەیانی ١٧ی حوزەیرانە - کەچی ئا لێرەدا ژنەکەی ئەو کە بنەمای سێکس و زاوزێ دەنوێنێ و سەرتاپای ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، کۆتا بە پەرتووکەکە بە مەنەلۆگێکی دوور و درێژ دێنێ کە یادی هەموو ئەزموونەکانی خۆی وەک ئافرەتێک دەکاتەوە.



لە ڕۆمانی (یولیسیس)دا (جۆیس) دەیەوێ هەموو شتێک بدرکێنێ، هەڵژمێری سەرچڵیی کۆمەڵە خەڵکێکی بچووک لە ماوەی تاقە ڕۆژێکدا دەکات، کە ئەمەش سەرجەمی سەرچڵییەکانی مرۆڤ دەنوێنێ – ئەو لێرەدا هیچ چەشنە تێڕوانینێک دەرنابڕێت، هیچ شتێکیش بە پوختەتر دانانێت و هیچ چەشنە تەرازوویەکی بەهاش ناسەپێنێت. چونکە بە پێی بۆچوونی (جۆیس)، پێویستە هونەرمەند دوورەپەرێز و بێباک بێ و نابێ هیچ چەشنە تێڕوانینێکی هەبێت. جا بەم پێیەش، ئەم کۆمەڵە کەرەسەی تەکنیکییەی کە لە (یولیسیس)دا بەکار هێنراون لە خزمەتی دوو فرماندان – ئەوانەی بۆ فراوانکردنی مانای چیرۆکەکە بەکار هێنراون تا ئەو ڕادەیەی گشت چالاکییەکانی مرۆڤ بگرێتە خۆ، هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەی لێکەوتنەوەی هەر چەشنە هەڵوێستێک یا تێڕوانینێک. کەسەکان ئاوا نیشان دراون کە پێوەندیی هەمەلا و دروستیان لەگەڵ یەکتری هەیە و ئەو پێوەندییانەش لە هەمان کاتدا هەم هێمایی و هەم ریالیستیشن. هەر کەسێک لە کەسەکان نموونەیەکی (هۆمیرۆس)ی پێ دەبەخشرێت کە بە ڕۆڵی فراوانکردنی واتای کردەکان هەڵدەستێت.

ڕووداوەکانی چیرۆکەکە وا بە وردی ریز کراون تا یەکەیەکی توندوتۆڵ پێک بهێنێت. هەروەها ئەم ڕووداوانەش نموونەی (هۆمیرۆس)یان پێ بەخشراوە کە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و پێوەندیشیان بە ڕووخسارە ڕاستەقینەکەی (دەبلن)ەوە هەیە. لەمەش پتر، ڕووداوەکان مانای تریان دراوەتە پاڵ لەسەر ئاستی سێیەم: کە ئاستی سوفییانە یا فەلسەفییانەیە و (جۆیس) بۆیە بەکاری دەهێنێت تا لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ڕۆمانەکەدا هەموو شێوازە سەرەکییەکانی بیرکردنەوە پێشکێش بکات کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کاتەوە مێشکی مرۆڤی پێوە خەریک بووە. هەر بۆیەش ئاستی (هۆمیرۆس)ی لە چیرۆکەکە نەخشەی بۆ کێشراوە تا کێش بخاتە سەر "کامڵی" (بلووم)ی پاڵەوان، کەچی فرمانی ئاستی سێیەم ئەوەیە چیرۆکەکە بە بابەتە سەرەکییەکانی بیری مرۆڤ ببەستێتەوە، تا لەو ڕێگەیەوە واتا گشتییەکان فراوان بکات. ئەم ئاستەی سێیەم دیسان یارمەتیی چەسپاندنی بێباکیی (جۆیس) دەدات، جا ئەگەر ئیشێک لەسەر ئاستێکی ریالیستی پووچەڵ و بێ بایەخ بێت کەچی لەسەر ئاستێکی سۆفییانە پڕ مانا و بایەخدار دەبێت، ئەوەش مانای ئەوەیە کە شتی پووچەڵ و پڕ مانا لە ڕاستیدا هەر یەک شتن و هیچ جیاوازییەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ لە مابەینی ئەوەی کەم بەهاتر یان زۆر بەهاتر لە چالاکییەکانی مرۆڤدا نییە. کاتێک (مستەر بلووم) شەپقەکەی بەرز دەکاتەوە و کاتێک (مستەر بلووم) بەرگری لە مەسەلەی دادوەری دەکات بڕێتین لە دوو مەسەلەی گرینگ لەسەر هەمان ئاستی گرینگیدا یاخۆ ئەوانە دوو مەسەلەی بێ بایەخن لەسەر هەمان ئاستی بێ بایەخیدا. جا ئەوەی پاڵەوانانە و ئەوەی پووچەڵە، ئەوەی هیچ و پووچ و ئەوەی مانادارە، ئەوەی کەم خایەن و ئەوەی هەمیشەییە، لە یەک کاتدا لەسەر کۆمەڵە ئاستێک بە هۆی شێوازی (جۆیس) لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا پێمان ناسێنراوە. جا "ڕاستگۆییەکەی" ئەو وەک هونەرمەندێک بێباکی و دەربەدەرییەکەی لە دنیادا بەم چەشنە پارێزراوە.

(جـۆیس) چەندین شـێـوازی تریشی بەکار هێناوە بۆ چەسـپـاندنی رووخـسـاری وێنەی دنیـا بچووککراوەکەی (یولیسیس)، هەندێک لەوان زۆر بە کارامەیی و راست و دروستی بەکار هێنراون، بەڵام لێرە ماوەی ئەوەمان نی یە باسی هیچ یەکێک لەو شێوازانە بکەین. ئەوەندە بەسـە بڵێین لە رێگەی شێواز و تەکنیکەوە دەتوانرێت هەر چیرۆکێکی پووچەڵی تر ببێتە مانادار بەو واتایەی کە زۆرشت بەخۆوەبگرێت.

(جـۆیس)یش بە هۆی ئەو شێوازەی کە وردەکاریی تێدا بەکار هێنا و هـەروەها بەهۆی نووسین لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز پێکەوە، توانی وێنەی چەند رووداوێکی (دەبلن) بکاتە پانۆرامایەکی لێک نەپچڕاوی ژیان. لەلای (جـۆیس)، چالاکیی جوانناسی بریتییـە لە دروستکردنەوەی دیمەنی مرۆڤایەتی بەهۆی زمان بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە تێڕوانینێک دەرببڕێت و بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە پێوانەیەکی نائیستاتیکی بەهای بەسـەردا ببڕێت. (جۆیس) چیرۆکەکەی لەسـەر شـێوازێکی وا هەڵدەنێت کە هەموو رووخسارەکانی ئەزموونی مرۆڤ بە یەکتر بچوێنێت.

ئەم مـەسـەلەیە بە شـێـوەیـەکی روونتـر لە دوا بەرهەمی کـە (فـینیگانـزوێیک)ە دەردەکـەوێت. لەم رۆمانەدا ئاستی دەرەوەی چیرۆکەکە لەبارەی خەونی دەبلنییـەکە کە لە ڕەچەڵەکێکی نەرویجییە. (هـ. س. ئێرویکەر)، بەچەشنـی (بلووم)، ئەو تەرزە مـرۆڤـێکی وایە کـە ئەزمـوونی تـا ئەو رادەیەی دەبێتە هێمای ئەزموونی هەموو مرۆڤ فراوان کراوە. (پیتـە یەکەمەکانی ناوی، هەروەک دەبینین واتای ئەوەیە "ئا لێرەوە هەموو مرۆڤێک دێت").

خـەونی ئێرویکەر ئەوەندە ئاڵۆزە کورت ناکرێتەوە و بە زمانێکی وا دەگێڕدرێتـەوە بە زەحمـەت ئینگلیزییە: ئەوەش لەبەرئەوەیە کاتێک (جۆیس) هەوڵ دەدات وا لە مێشکی مرۆڤێکی ماندوو بکات لە ماوەی چەند سـەعاتێکی کەمدا ببێتە هێمای هەمـوو ژیان و مێژووی مـرۆڤ، (جـۆیس) ناچارە لەسـەر کۆمەڵە ئاستێک پێکرا بنووسێت، وا لە هەر تاقە وشـەیەک بکات کۆمـەڵێک مانـای جیاواز بەخۆوە بگرێت، هەر یەکێکیش لەو مانایانە لەسـەر چەند ئاستێک بوەستێت کە چیرۆکەکەی پێ گێـڕدراوەتەوە. لەگەڵ ئـەوەشـدا ئەو ئاسـتـانە لێک جیـاواز نەمـاونەتەوە، ئەوەش وەک ئەو کۆمـەڵە مانایانەن کە لێک جیاواز نامێنێتـەوە و بە ناو یـەکتردا تێک دەپەڕن و لەناو یەکتردا بزر دەبن و بەردەوام شـێـوازی نوێ پێک دەهێنن. ئەو ڕەگـەزدۆزی و دژیـەک و "وشـە داتاشـراوە" ئاڵۆزانەی (جـۆیس) لەو کـارەیدا بەکـاری دەهێنێ لەو جـۆرانەیە لە هەمـوو مـێژووی زمـاندا هـەر هـاوتایشی نەبێت و پەردە لە رووی پلەیەکی یـەکجار بەرز لە کارامـەیی و زرنگیی (جـۆیس) هـەڵدەماڵێ. هـەمـوو چیـرۆکەکـە بە شـێـوازێکی وا دروست و هەست ناسکانە داڕێژراوە کـە بەرەنگاری هـەمـوو جـۆرە لێکدانەوەیەک دەبێتەوە لە وتارێکی کورتدا.

لە ڕۆمـانی (فینیگانزوێیک)دا (جـۆیس) تەنانەت کـاتێکی کورتتـر لەوەی بنچینەی ڕایەڵی ڕۆمـانی (یولیـسـیس)ی لەسـەر هەڵنرابـوو وەردەگرێت و بە شـێـوازێکی ئاڵۆزتر رێکی دەخـات، ئەوەش بۆ

بەدەستهێنانی کاریگەریی دنیا بچووککراوەکەیە – تاکو یەک وشە مانای هەموو شتێک ببەخشێت – وەکو بینیمان ئەوەش مەبەستی (یولیسیس) بوو. ئا ئەوەیە مەبەستی ئەو هونەرمەندەی بە هۆی ئاشووب و داڕووخانی بەها لەو جیهانەی چاوی تێدا کردەوە پەشۆکاوە، هەر بۆیەشە بە ناچاری هەست بە ڕاکردن دەکات لەو دنیایەدا، کە ئەرکی سەرشانی وەک هونەرمەند تیایدا نادیار و بزرە، بۆ ئەوەشە پەرە بە جۆرە تێڕوانینێکی هونەریی وا بدات ئەم ڕاکردنەی بکاتە کارێکی چاک. بۆ ئەوەی خۆی لە گیروگرفتی هەڵبژاردن بەدوور بگرێت – چونکە هەڵبژاردن بریتییە لە هەبوونی چەشنە تێڕوانینێک، هەموو جۆرە تێروانینێک و هەموو جۆرە پێوانەیەکی بەها ڕەت دەکاتەوە – (جۆیس) هەوڵ دەدات هەرگیز هیچ هەڵنەبژێرێت، لە جیاتیی ئەوە ئەو وا شارەزایانە تەکنیکەکەی بەکار دەهێنێ تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر شتێکی گوت مانای وایە هەموو شتێکی گوتووە. کردەی هەڵبژاردن یان دانان بەوەی چاکترە ئەو کەسە ئەو ئیشە بکات نەک یەکێکی تر، مانای وایە ئەو خۆی بە دنیای ئەو بەها و پێوانانەوە خەریک دەکات کە خۆی ڕەتی کردوونەتەوە، چونکە هەر ئەوانە بوون سەریان لێ دەشێواند و وەک هونەرمەندێک ڕێیان لێی دەگرت.

کەوتە کاتێک (جۆیس) لە دنیا ڕای کرد، بێگومان ئەو تەنیایی و دەربەدەری بە شتێکی مەزنتر دەزانی و پێناسەیەکی بۆ هونەر دانا کە بریتییە لەو کارامەییە تەکنیکییەی یارمەتیی هونەرمەند دەدات بۆ گەیاندنی هەموو شتێک پێکەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەوی تر بەباشتر بزانێت یان کێش بخاتە سەر شتێکی دیاریکراو. کاتێک (جۆیس) ئەم ئیشەی ئەنجام دا، ئەو بەرزترین شێوەی داهێنانی ورشەداری ئەدەبی جیهانی نوێژ بەدرێژایی هەموو ڕۆژگارێک – داهێنا. کەچی پیشەی داهێنان هەموو شتێک نییە و ئەوانەی لە ئیشەکانی (جۆیس)دا بەدوای ئامانجێک یا بەهایێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی مانا و (بایەخی مرۆڤایەتی) هەمیشەیی (ئەگەرچی ئەو زاراوەیە زۆر بەهەڵە بەکار هێنراوە، کەچی لێرەدا لە ڕاستی دوور نییە) بدەنە بەرهەمی (جۆیس) تووشی نائومێدی دەبن. چونکە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان هونەر و پیشەی داهێناندا هەیە، ئەگەرچیش ئەو هێزانەی کە کاریان لە جۆیس کرد وایان لێی کرد وا بە چاک بزانێت (هونەر و پیشەی داهێنان) بخاتە دوو تای تەرازووی یەکسانەوە.

١– ئەم وتارە لەو کتێبەوە وەرگێڕاوە.

Frank Van O'connor, (ed) Forms of Modern Fiction: A Collection of Critical Essays.Bloomington: Indiana University Press,1959.

ناونیشانی وتارەکە ئەمەیە: David Daiches (James Joyce: The Artist As Exile)

خوێندنەوە

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# خوێنەر و ژیان لە دەرەوەی دەق

## پێشەکییەک بۆ کۆڕەکەی عەبدوڵڵا پەشێو لە ڤانکۆڤەر

هیچ شتێک هێندەی ئەوە بۆ نووسەر جێگەی دڵخۆشی نییە کە خوێنەر یان گوێگری جیدیی هەبێ و پەیتا پەیتا ئەو خوێنەرە جیدییانە بکەونە گەشت بۆ دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی دەق و پەی بە نهێنییەکانی دەق ببەن. ئێمە ئێستا لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە مەودایەکی بەرین کەوتووەتە نێوان خوێنەر و دەق، بەتایبەتیش خوێنەر و شیعر. بەزیادەڕۆییی نازانم گەر بڵێم بە ئەندازەی ئەو لەشکرە بێشومارەی شیعر لە کۆمەڵگەی کوردی، کەچی بەدەگمەن خوێنەری جیدی دەدۆزیتەوە بیەوێ ببێ بە بەشێک لە پرۆسەی نووسین و بەشداریی داهێنەرانەی داهێنانی دەقنووس بکات. ئەندریە جید دەڵێ" بە لای منەوە بۆ خوێندنەوەی نووسەرێک تەنیا ئەوە نییە تێ بگەی بزانی چی دەڵێ، بگرە ئەوەیە بچی و گەشت بکەی لەگەڵیادا". گەشتکردن لەگەڵ نووسەر، گەشتکردنە لەگەڵ وشە و خەیاڵ، گەشتکردنە لەگەڵ ئەفسانە، گەشتکردنە لەگەڵ پرۆسەی داهێنان و جوانی. گەشتکردنە لەگەڵ زمان و ئیستاتیکا، "شیعر خۆراکی بیرکردنەوەیە و هەموو خۆراکێکیش پێکهاتەی خۆی هەیە" خوێنەری شیعریش وەک بەشێک و پێکهاتەیەکی دەق دەبێ لێپرسراوانە دەقەکان تاوتوێ بکات و بیانخوێنێتەوە. خوێندنەوەی دەقیش بە گەلێ ڕێگەی جیاواز دەکرێ ئەنجام بدرێ. مەبەستمە بڵێم لە کاتی خوێندنەوەی دەق دەبێ لە ململانێ و دەستویەخەدا بین لەگەڵ دەق و دۆزینەوەی کۆدەکان و دەرککردن بەنهێنییەکانی پشت پرۆسەی داهێنان و ئینجا بینینی ڕەهەندە جیاوازەکان. وەک چۆن ناکرێ لەمڕۆدا دنیای ڕازاوە و جوان و ڕەنگاوڕەنگ بەڕەش و سپی ببینین، ئاواش ناکرێ دەقی جوان و داهێنانی هونەری و ئیستاتیکی بەچاویلکەی تاک ڕەهەندییەوە بخوێنینەوە. ئەرستۆ دەڵێ" ئەفلاتوون زۆر ئازیزمە، بەڵام لە ئەفلاتوون ئازیزتر

حەقیقەتە" بۆ خوێنەریش دەشێ شیعر ئازیز بێ، بەڵام لە شیعریش ئازیزتر خۆجیانەکردنەوەیە لە دەق و پرۆسەی داهێنان. لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی ئۆرگانیکی لە بارودۆخی ڕاوەستاودا نییە، بگرە بەردەوام لە ئەنجامی کارلێکردنی ناوەکی و دەرەکی لە گەشەکردن وە یان لە دواکەوتندایە. گەشەی تەکنەلۆجیا توانیویەتی سەرلەبەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخاتە دۆخێکی تایبەتەوە و تەواوی کۆمەڵگەکان بەرەو ملدان بەو ڕاستییەدا بەرێ کە هیچ کۆمەڵگەیەک لە دەرەوەی ئەو گەشەکردنەوە ناتوانێ هەناسە بدات. هەر بۆیە هونەری نووسین لە بەردەم ئەژدیهای تەکنەلۆجیا تووشی ڕاتەکانێکی بەهێز هاتووە. لەم نێوەشدا دەتوانم بڵێم شیعر و شانۆ زۆرترین زیانیان پێ گەیشتووە. خوێنەری چالاک لە سەردەمی گەشەی زەبەلاحی تەکنەلۆجیا بەرپاکەری جەنگە لە پێناو ناسینەوەی دەقی جوان و داهێنەر. لە پێناو دۆزینەوەی زمانی داهێنان و ئیستاتیکا. ولیەم فێڵپس دەڵێ "من خوێنەران بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکەم ئەوانەی دەخوێننەوە بۆ ئەوەی لە بیریان نەچێتەوە و ئەوانەی ئەشخوێننەوە بۆ ئەوەی لە بیریان بچێتەوە. "خوێنەرانی هەردوو پۆلەکەی ولیەم هیچ نامۆ نین بەخوێنەرانی چالاک و تەمەڵی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردییەوە. بیرەوەری خوێنەری کورد لە پانتایی فراوانی دنیای چاپەمەنی و کتێبدا دووچاری جۆرێک لە کورتهێنانی هاتووە کە ئەمەش بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تراجیدیایە. هەرچەندە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی لە چاو بیست ساڵی ڕابردوودا جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە.

سەبارەت بەشیعری کوردییش وای دەبینم کە لە بەردەم دوو ڕاستیدا خەریکە ناسنامەی خۆی لە دەست دەدات.

یەک: لافاوی بەربڵاوی بڵاوکردنەوەی ئەو بەناو دەقانەی شیعر کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک بێڕێزییە بە خوێنەر و بە شیعر.

دوو: وابەستەبوونی خوێنەری کوردە بەسۆز و ئەندێشە سیاسییەکان و بوونی بۆشاییەکی گەورەیە لە نێوان هەردوو جیهانی دەقنووس و دەقخوێندا.

بەبڕوای من ئەوەی خوێنەری کوردی لە شیعری کوردی تۆراندووە دەتوانین ئاوای چڕ بکەینەوە:

یەک: خوێنەری کورد بارهێنراوی کەشوهەوایەکی ئەدەبیی وا بووە کە دەقی سادە و ڕۆشنیان خستووەتە بەردەم و بێ هیچ ماندووبوونێک لە پەیام و ناوەڕۆکی دەق حاڵی بووە.

دوو: ئەدەب و شیعری کوردی بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و سەرکوتکردنی میللەتی کورد لەلایەن دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانەوە دووچاری قەتیسبوون و خولانەوە هات لە دەوری خاڵێکی تایبەتدا، ئەویش زەوینە خۆشکردن و سەرهەڵدانی ئەو جۆرە لە شیعر بوو کە پێی دەگوترا "شیعری شۆڕشگێڕانە".

سێ/ بەهەڵە تێگەیشتن لە پەیامی شیعر و شاعیر و برەودان بەو تێگەیشتنەی کە شیعر ئەرکی

ئایدیۆلۆجی دەبینێ و هۆکارێکە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک.

ئەم هۆکارانەی سەرەوە وەک گوتمان شێوازێکی شیعری هێنایە ئاراوەکە دواتر پێی گوترا شیعری سیاسی یان بەرگری یان شیعری شۆڕشگێڕانە. ئەم جۆرە شیعرە خوێنەری کوردی لە ئاستی هەست و سۆزدا هێشتەوە و بواری بیرکردنەوە و کەشفکردنی لێ سەندەوە. ئەو زەوینەیەی بۆ خوێنەری کورد فەراهەم نەکرد کە بیر بکاتەوە و بتوانێ خۆی بەبەشێک لە پرۆسەی نووسین بزانێ و کۆد و ڕەهەندە جیاوازەکانی دەق بناسێت، خوێنەری کورد دەقێکی ئەوێ سادە و ڕۆشن و بێ گرێ و گۆڵ بێ و پەیامەکەی بەئاسانی بداتە دەستەوە و خوێنەر تووشی بیرکردنەوە نەکات. هەر بۆیە کە شیعر گەشە دەکات و زمانی شیعریش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بنیاتی شیعر لە تاک ڕەهەندییەوە دەگۆڕێ بۆ فرە ڕەهەندی. ئیتر ئەو خوێنەرەی کە ساڵانێکە بزووتنەوەی شیعری کوردی ئیشی لەسەر کردووە بێتاقەت دەبێ و توانای بەرگریکردن لەدەست دەدا و سەرەنجام لە شیعر دوور دەکەوێتەوە. ئەو خوێنەرە ئیتر ئەگەر ڕۆژی سەد شیعریش بخوێنێتەوە ناتوانێ بچێتە نێو ماڵی شیعر، بگرە لە دەرەوەی شیعرەوە خەریکە بەبڕیارە سیاسییەکانی، شیعر سەردەبڕێ. ئەم جۆرە خوێنەرە، خوێنەری دەرەوەی دەقن و هەر لە دەرەوەی دەقیش دەژین. بۆ خوێنەرێکی ئاسایی ژیان لە دەرەوەی دەق بەمانای وەستانەوەیە لە بەرامبەر دەق و دەقنووسدا، ژیان لە دەرەوەی دەق گەڕانەوەیە بۆ سەرزەوینە سەوزەکانی خوێنەرێکی سادە، ئەو خوێنەرەی بڕیاری داوە بۆ چرکەیەکیش بیر نەکاتەوە و ڕانەمێنی لە دەق، گەڕانەوەیە بۆ بەردەم پەیکەری سەربڕینی شیعر و زامدارکردنی وشەیە، ژیان لە دەرەوەی دەق جیانەکردنەوەی جوان و دزێوییە لە یەکتر، جیانەکردنەوەی داهێنانە لە پاشاگەردانی. جیانەکردنەوەی ژیان لە مەرگ و جوانەمەرگکردنی هەستەکانە.

ئامادەبووانی بەڕێز... شیعردۆستان... لەوەتەی مرۆڤ زمانی پژاوە، سەری شیعریشی لەگەڵ دووپەلکە بووە. لە بەرەبەیانی مێژووەوە شیعر شێوازێک بووە لە شێوازەکانی دەربڕین، هۆکارێک بووە کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە توانیویانە گوزارشت لە دید و بۆچوون و خەون و خولیا و ئارەزووەکانیان بکەن. شیعر و داستانە شیعرییەکان لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتان هۆکارێکیش بووە بۆ ناسین و دیاریکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و ئیستاتیکای ئەو میللەتانە. زمان وەک ڕەگەزێکی چالاک و زیندوو ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە بردنە پێشەوەی ئەم چالاکیی هزرییەی مرۆڤ. شیعر بەرەنجامی چالاکیی هزریی مرۆڤە لە دژەکردار یان ڕووداوێک یان دیاردەیەک یان هەست و سۆز دەربڕینەیان دەشێ شتێکی تر بێت کە تا ئێستا نایزانین چییە. ڕەنگە بۆ ئێمە گرینگ نەبێ بزانین شیعر چییە. ڕەنگە شیعر هۆکارێک بێت بۆ چێژ وەرگرتن، ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ زیندووبوونی شاعیر، بەڵام گرینگە زۆریش گرینگە بتوانین لە خوێنەر بگەین و ئاستی جیدیبوونی خوێنەر بناسین و ڕێزی لێ بگرین. وەک چۆن گرینگە بۆ خوێنەر کە بزانێ چی دەخوێنێتەوە، ئاواش بۆ شاعیر گرینگە بزانێ کێ گوێی لێ دەگرێ و کێ دەیخوێنێتەوە.

خۆشەویستان... پەشێو زیاتر لە چل ساڵە خەریکی شیعر نووسینە و هەمووش ئاگەداری توانای



شیعری پەشێوین. پەشێو نەک هەر جێپەنجەی دیارە بەبزووتنەوەی شیعری کوردییەوە، بگرە کاریگەری شیعرەکانی بەشێوەیەکە کە بەبڕوای من توانیویەتی جێگەی خۆی لە دڵی کۆمەڵگەی کوردستان بکاتەوە. پەشێو بەکۆمەڵێ هەوراز و نشێوی شیعریدا تێپەڕیوە. عەبدوڵڵا پەشێو پێش ڕاگەیاندنی مانیفێستی ڕوانگە لە ساڵی ١٩٧٠، ناکەوێتە دەرەوەی ئەوەی پێی دەگوترێ "قوتابخانەی شیعریی گۆران". لەو سەردەمەدا هەوڵەکانی پەشێو لە دیوانەکانی "بتی شکاو" و "فرمێسک و زام"دا چڕ دەبنەوە. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ڕوانگە ئیتر ڕاتەکاندنەکانی پەشێو بەڕوونی دەردەکەون بەتایبەتی لە دیوانەکانی "دوانزە وانە بۆ منداڵان" و "شەونامەی شاعیرێکی تینوو" و "شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم".

هەرچەندە کاروانی شیعری پەشێو بەر لە بەیاننامەی ڕوانگەوە دەست پێ دەکات، بەڵام لە بەیانی ڕوانگەوە ئیتر نەک هەر شیعری پەشێو، بگرە سەرجەم بزووتنەوەی شیعری کوردی کەوتە بەردەم ئاڵوگۆڕ و هەلومەرجێکی نوێوە. شیعری کوردی ئیتر لەو چوارچێوە وەسفئامێز و ڕۆمانسییەی کە ساڵانێک بوو هەناسەی تێدا دەدا، هاتە دەرێ ئاوێزان و پێوەست بوو بەبزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕزگاری نیشتمانەوە. لێرەوە شیعر بەگشتی کەوتە بەردەم ئەم ئەرکە سەختە کە ئەویش دەرخستنی غەم و ئازار و ژانی گەلی کورد بوو لە ڕێگەی دەقی شیعرییەوە. تێکستی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بوو بەهەڵگری جۆرێک لە پەیامی سیاسی و کێشەی میللیی گەلی کورد زۆر بەچڕی قورساییی خستە سەر بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی. ئەم لێکهەڵپێکرانە وەک ڕێبین هەردی دەڵێ" نەک هەر گەورە نووسەرانی حەفتاکانی لە خۆی کۆ کردبووەوە، بگرە بەتوندیش لەلایەن هەلومەرجی واقیعەوە پشتگیری دەکرا". پەشێویش لەو سەردەمە وەک ڕووخسارێکی چالاک و شیرین دەرکەوت بەتایبەتی لە میهرەجانی یەکەمی

شیعریی كوردیی لە ساڵی ١٩٧٢ لە كەركووك كە بە"دوانزە وانە بۆ منداڵان" نەک هەر سەرنجی ئامادەبووان، بگرە سەرنجی هەموو رەخنەی كوردی بۆ لای خۆی راكێشا. ئیتر پەشێو لەوساوە بێ پەروا و بێ هەدادان خەریكە لە رێگەی شیعرەوە درێژە بەو پەیامەی روانگە دەدات. هەرچەندە هەلومەرجی سیاسی كوردستان چەندین ئاڵوگۆڕیی بەسەردا هاتووە، بەڵام رێڕەوی شیعرەكانی پەشێو هەر بەو ئاراستەدا دەڕۆن كە روانگەییەكان دایاننا. بۆیە بەدەر لە ناوەڕۆكی سیاسیی شیعرەكانی پەشێو كە شوێن سەرنجی ئەم كورتە پێشەكییەی من نییە و دەبێ و پێویستە خوێندنەوەی سیاسی- مێژوویی سەراپاگیری بۆ بكرێ و ورد بخوێنرێتەوە، بەڵام دەكرێ بەیەک دوو دێر ئەوە بڵێین كە پەشێو وەک شاعیرێكی نەتەوەیی لە درێژەی هەوڵەكانی و بەتایبەت لە دیوانی "سەرەتانی براكوژی یەک و دوودا"دا راچڵەكانێک دێنێتە ئاراوە. پەشێو لەناو بزووتنەوەكەی خۆیەوە، بزووتنەوەی كوردایەتییەوە دەنگی "نا" و یاخیبوون بەرز دەكاتەوە و ئاڵای وەستانەوە دژ بەشەڕ بەرز ڕادەگرێ. بەبڕوای من سەروەرییەک كە پەشێو لەم نێوەدا بەدەستی هێنابێ دژایەتیكردنی شەڕی براكوژی و نەچوونە پاڵی ئەو حكومەت و دەسەڵاتە زەرد و سەوزە بوو كە خوڵقێنەری ئەو كوشتارگایە بوون. پەشێو دەیتوانی پلە و پایە و دەسەڵاتی هەبێ، دەیتوانی بەسەر لەقاندنێک ببێتە دەوڵەمەندترین نووسەری كورد. پەشێو نە مێژووی خۆی فرۆشت و نە قەڵەمەكەی، پەشێو نە هەڵوێستەكانی هەراج كرد و نە وشە. لە بریی ئەوە پەشێو لە جیاتیی نیشتەجێبوون لە باڵەخانە رەنگاورەنگەكانی خیانەت، لە دەرەوەی ژیانی پڕ لە باقوبریق گیرسایەوە. ئەم گیرسانەوە و مانەوەیەی كاک پەشێو لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات بووە مایەی خۆشەویستییەک كە پەشێو شان بەشانی ژمارەیەک نووسەر و هونەرمەندی تر لە بزووتنەوەی ئەدەبی كوردیدا كە لە دەرەوەی میلیشیا ئەدەبی و رۆشنبیرییەكاندا دەژین، بتوانێ لەسەر كورسیی رێز و خۆشەویستیی خەڵک دابنیشێ. لەگەڵ ئەمانەشدا جێی خۆیەتی لە خۆشەویستیی شیعرەوە ئەوەش بڵێین كە هەرچەندە زمانی شیعری لای پەشێو زمانێكی سادە و بێگرێ و گۆڵ و سفتە، زمانێكە دەوڵەمەند بە وشەی نوێی كوردیی رەسەن كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمانەهێشتا ئاو لە كانیاوی روانگەییەكان دەخواتەوە. خۆشبەختانە ئەگەر پەشێو لە بیست ساڵی یەكەمی ئەزموونی شیعریی خۆیدا تینوویێتیی ئێمەی خوێنەری بەزمانێكی سادە و ساكار شكاندبێ، كە ئەویش زمانی كرێكار و جووتیار و كاسبكار بووە و تەنانەت كەسێكی نەخوێنەواریش كێشەی تێگەیشتنی لە شیعرەكانی پەشێودا نەبووە، ئەوا لە بیست ساڵی دواییدا بەرەو رووی زمانێكی چڕوپڕی كردوونەتەوە كە بەڵگەی كوردیزان و زمانزانی پەشێو دەردەخات. بۆیە ئەگەر وەكو خوێنەرێكی جیدی شیعر لە كێرڤی گەشەی زمانی شیعریی پەشێو بڕوانین دەبینین لە ئەو كێرڤە تا دێت روو لەسەر دەڕوات. ئەزموونی تازەی پەشێو لە دیوانی" بەرەو زەردەپەڕ"دا دەرخەری توانایەكی بەرچاوی شاعیر و دەسەڵاتی زمانە. بۆیە پێم وایە لەو ئەزموونەوە پەشێو هەمان پیرۆزیی بۆ زمانی شیعرە سەرەتاییەكانی نییە. ئەو پێی وایە دەبێ زمانی شیعر زمانی سەردەم بێ جا بارودۆخەكە هەرچییەک بێت. پەشێو دەزانێ كە ناتوانێ چیی تر بەزمانی "دوانزە وانە بۆ

منداڵان" بنووسێت و تاسەی خوێنەری سەدەی بیست و یەکی پێ بشکێنێ! ئەو دەزانێ پیادەکردنی ئەزموونی زمانی ڕوانگەییەکان کاتی بەسەر چووە و چاک دەزانێ بۆ ئەوەی نەوەستاو بێت و بەردەوام بێت و بەرەوپێشەوە بچێت دەبێ دەستبەرداری زمانی سادەی ڕوانگەییەکان بێت و بەزمانی سەردەمەوە ئەزموونەکانیمان بخاتە بەردەست. پەشێو لای ڕوونە کە نابێ زمانی شیعری دابگرێتە ئاستی خوێنەرێکی کوردزمانیی سادە، بگرە دەبێ خوێنەرە سادەکە ببێتە جێگەی سەرنج و بەرزی بکاتەوە بۆ ئاست زمانێکی شیعریی باڵا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زمانی شیعریی پەشێو پێیەکی لەناو ڕابردوودایە و پێیەکەی تریشی لەناو ئێستایە.

خۆشەویستان... با جارێکی تر لە ماڵی شیعر یەک بگرینەوە، با لە پەنجەرەی شیعریشەوە بڕوانینە جوانی و لە سیحری سەفەر ڕامێنین و بەدەم فڕینی خەیاڵەوە بچین دیوی دووەمی داهێنان ببینین. بچین لەناو بیابانی تەنیاییدا، خودی تەنیایی بدۆزینەوە و بیدوێنین، لەناو باخچەکانی بووندا، وێنەی مەرگ بکێشین و دەست بەرین بۆ هەورەکان. با لەگەڵ "با"دا گەمە بکەین و زمانی دەریا ئاشنا بین . با لە بەردەم دیمەنە ڕەنگینەکانی وەرینی گەڵا و سوێندخواردنی باڵندەدا نیگا ببڕینە گۆرانیی زێوانەکان. با لە ماڵی شیعرەوە سەرێک بکێشین بەنیشتمانی تاراوگە و غوربەتا و هەناسەکورت و درێژ و ساردوسڕەکان کۆ بکەینەوە و هەر بەشیعرێکیشدا بینێرینەوە بۆ بەردەم پەیکەرە زامدارەکەی ئازادی. با خەونەکان لە ماڵی شیعرەوە فێری فڕین بکەین. ژیان جوانە چونکە شیعری جوان هەیە و خەیاڵی ڕازاوە هەیە. ژیان جوانە چونکە لە ڕێگەی شیعرەوە دەتوانین بەسەرهاتەکانی چرا و ناڵەناڵی هەورەکان و دوعا و نزای دایکەکان و گۆرانییەکانی قەرەجێک ڕاگەیەنین. چەند جوانە ژیان وەختێ شیعری لێ دەچۆڕێ و چەند بێ تامیشە کاتێ شیعر دەتۆرێ و دەچی لە سێبەری هەورێکی کۆچەریدا پشت لە دڵداری دەکات و نامەکانی خۆشەویستی دەدڕێنێ. بۆ ئەوەی لە جوانیی ژیان بگەین دەبێ شیعر بخوێنینەوە.

بەڕێزان... بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانیی زیاتردا نەتانهێڵینەوە، من کۆتا بەم پێشەکییە دەهێنم و لێتان دەگەڕێم کاک پەشێو بەگەشتێکی ئەفسووناوی بەرەو کەلەبەرە پەنهان و تاریکەکانی ژیانتان ببات، ئەو کەلەبەرانەی هەر شیعر ڕێی پێ دەبات و هەر شیعر ئاشنای پێچ و پەناکانیەتی. با بزانین کاک پەشێو لەم کۆڕەدا ڕووبەڕووی چ ئەزموونێکی تازە و چ بەرەوپێش چوونێکی شیعریمان دەکاتەوە؟

هەر سەرفراز بن.

سەرچاوەکان:

١- ڕێبین هەردی، پێشەکیی دیوانی "تەیرەکانی ئیسماعیل"ی دلاوەر قەرەداغی ١٩٩٧ چاپی دووەم.

٢- یەک دوو سەرچاوەی ئینتەرنێت.

تێبینی: ئەم نووسینە لە ئێوارە کۆڕەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا پەشێو لە ٢٠١٠/٦/١٢ لە ڤانکۆڤەر لەلایەن عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) خۆیەوە خوێنرایەوە.

وتار

ئارام شێخ وەسانی

# بێدەنگیی ڕۆمان و مێژووی کارەساتئامێزی کورد

ئێمەی کورد ئەگەرچی خاوەنی کیانێکی یەکگرتوو نین بۆ ئەوەی پرۆسەی پلەداری گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و فەرهەنگییەکان، لە ئاستی خۆیدا بە ڕەوڕەوەیەکی تەندروستدا بڕوات. بەڵام ئەوەش نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی بێدەسەڵات دابنیشین بەرامبەر خواست و ویستە نەتەوەییەکانمان. هەموومان هاوڕاین کە لە کۆنەوە تا ئێستا هۆکاری جیاجیا هەبووە بۆ ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک نەبێتە خاوەن قەوارەیەکی یەکگرتوو و خاوەن وڵات. ئەو تەنگژەیەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە لە هەموو کایە مرۆییەکاندا ناتەواو بین. کارەساتەکانی کورد زۆر بابەتی گەورە و جەوهەرین کە دەکرا ئەدەب ئیشی گەورەی بۆ کردبان، هەر لە دابەشکردنی کوردستانی گەورەوە، تا ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کوردی هەر چوار پارچە هاتووە.

تراجیدیای مەرگ و ستەم و ئازار لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە ڕوو بدات یەک مانای هەیە. ئێمە بۆ نەمانتوانیوە ئەو مانایە نیشانی جیهان بدەین؟ کوردانی کوردستانی عێراق خاوەنی چەندین ڕووداوی تراجیدین. هەموو ئەو ڕووداوانە کەرەستەیەکی زۆر باشن بۆ ئەدەبدۆستان، تا لە ڕێگەی ئەو کارەساتە نەتەوەییانەوە بتوانین دۆز و تەنگژەی کوردبوون بەجیهان بگەیەنین... ئەگەرچی ئێمە کێشەی زمانی گەیاندنمان هەیە، بەڵام زۆرجار ئەوە نەبووەتە گرفت لە بەردەم چەندین نەتەوەی تری وەک ئێمە.

کارەساتی کیمیابارانکردنی شار و گوندەکان و ڕووداوی ئەنفال و ڕووداوی کۆڕەو و ستەمکاریی بەعس، ئەو ڕووداوە گرینگانەن کە دەکرا ئەدەب وەک بنەڕەتێک ئیشیان لەسەر بکات

بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئامانجی گەورە بەدی بهێنرێت. ڕۆمان وەک ژانرێکی نوێی بواری ئەدەب کە مێژوویەکی کۆنی نییە توانیویەتی پانتاییەکی باش لە مەیدانی گەیاندنی ئازارەکان وەخۆ بگرێت... ڕۆمان زۆر جۆری هەیە، یەکێک لەو جۆرە ڕۆمانانەی کە باس لە ڕابردوو دەکات و پشت بەڕابردوو و کارەساتەکانی ڕابردوو دەبەستێت بریتییە لە (ڕۆمانی مێژوویی).

ئەو جۆرە ڕۆمانە بریتییە لە نووسینەوەی مێژوو بە ستایل و ئامانجی ئەدەب، ئەدەبێک کە پێوەندی و ئاراستە و ئامانجەکانی مێژوو دادەڕێژێتەوە. پەیامی مێژوو لە ئەدەبدا تەواو پەیامێکی جیاوازە. مێژوو لە چوارچێوەی خۆیدا زۆرینەی جار بۆ پاراستن و مانەوەی ڕووداوەکان لە بیرەوەری و هەروەها بۆ نووسینەوەی ڕابردوو و دووبارەنەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو سوودی لێ دەبینرێت، بەڵام مێژووی ناو ڕۆمان لە بەردەم ئەرک و کارێکی جیاوازدایە... ئەوەی لێرەوە گەرەکمە باسی بکەم ئەو ئەرکە جیاوازەی ئەدەبە کە بەمێژووی دەبەخشێ. ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی خاوەنی ئامانجی تایبەتی خۆیەتی، بۆیە ئێمەی کورد پێویست بوو بەستراتیجەوە ئەو ڕووداوانەی دووچاری گەلەکەمان هاتوون لەژێر سیستەمی دیکتاتۆری و زوڵم و ستەمکاریدا بیانکەین بە بابەتی سەرەکیی ئەدەب.

مەرج نییە ئەو شوێنەی زوڵمی زۆری لێ کرا ئەدەبی گەورەش چەکەرە بکات، لێ مەرجە ئەدەب وەک کایە و ستراتیجێکی درێژخایەن گرینگیی پێ بدرێت بۆ وەدەنگهاتن و ئاشکراکردنی ئەو ستەم و جەفاییەی نەتەوەیەک لە مێژوودا دووچاری بووە. من دواتر دێمە سەر باسی گرینگی هونەری سینەما و وابەستەبوونی بە ڕۆمانەوە، چونکە سینەما بەبێ ڕۆمان ناتوانێ هەنگاوێکی سەرکەوتوو بنێ.

ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین لە بواری سینەمادا هەمان ئارمانج و هەمان ستراتیجە کە ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی ئیشی بۆ دەکات. کارکردن لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەیەک لە قاڵبی ئەدەبدا گرینگیی ئەوەی هەیە کە بۆ جیهان ئەو بابەتە نەمر بکەیت، هەروەها بۆ هەموو دنیا ئەو ڕووداوانە بکەیتە بیرەوەرییەکی سەرنج ڕاکێش. هۆلۆکۆست ڕووداوێکی تراجیدیی گەلی جوولەکەیە، ئەوان لە ڕێگەی ئەم ڕووداوە مێژووییەوە تا ئەم چرکەیەش ئەدەب و ستراتیج و سیاسەت بەڕێوە دەبەن.

لێرەوە ئەو بابەتە وەک ئەزموونێکی جیهانی و ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەنفال یان کیمیاباران پێویستە سوودێکی مەزن بەئێمەمانان ببەخشێت. ئەگەر سەیری ڕەوڕەوەی مێژوو بکەین لە هەموو ڕوویێکەوە هۆلۆکۆست بووە هۆکاری دروستبوونەوە و ژیانەوەی گەلی جوولەکە. چەندان ڕۆمانی مەزن لەو بارەوە نووسران، چەندان فیلمی جیهانی بەرهەم هێنران، هەروەها هەموو جیهان لە ئاست تراجیدیای ڕووداوەکە ئاگەدار کرایەوە. پێویستمان بە هەڵوێستە کردنە لەبارەی ئەرکی

ڕۆمان لە ڕووداوە مەرگەساتئامێزەکانی گەلی کوردەوە.

کۆچڕەوە گەورەکەی کورد و ڕووداوی ئەنفال و کیمیابارانکردن لە کوردستانی باشوور گرینگترین تەوەرن کە سۆز و سەرنجی جیهانی لەبارەوە جۆش بدرێ. ئێمە زۆر ڕۆمان و چیرۆک و شیعرمان هەیە باس لە بیرەوەریی ئەنفال دەکات، بەڵام کۆی ئەو کارانەی لەو بوارەدا کراوە لە ئاست گەورەییی ئەو ڕووداوانەدا نەبووە. ئەوەی کە نووسراوەتەوە لە شێوەی ئەدەب و بەتایبەتی ڕۆمان ئەو گرینگییەی وەرنەگرتووە. دەتوانین بڵێین لەم بوارەدا شیعر لە هەریەک لە چیرۆک و ڕۆمان چالاکتر بووە بۆ باسکردن لە ئەنفال و کردەی کیمیابارانکردن و وێرانبوونی وڵات، ئەوەش لە نموونەی ئەو هەموو هەوڵە شیعریانەیە کە لەو بارەوە نووسراون. دەتوانین لەم ڕوانینەوە بڵێین ڕۆمان لە پەراوێزی شیعردایە.

ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە ڕۆماننووسی ئێمە ئەوەندەی کاری کردووە لەسەر هەندێ چەمکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەوەندە ئیشی نەکردووە لەسەر بابەتێکی مێژووی تراجیدیی گەلەکەی، ئەوەیش بەبێ ناوهێنانی شاعیر و ڕۆماننووسە باشەکانمان ئەوە بەڕوونی دیارە. ئەگەر سەیری ئەزموونی چەند وڵاتێک بکەین دەبینین کە لە ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەوە سەدان کاری ئەدەبی ئەفرێندراوە.

بۆ نموونە: شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی بووە هۆی ئەوەی دەیان ڕۆمان و چیرۆکی مەزنی لەبارەوە بنووسرێ، وەک ڕۆمانەکانی جۆرج ئۆروێل و نووسینە ئەدەبییەکانی ترۆتسکی و تۆلستۆی و چەندانی تر، ئەمە وەک ڕووداو هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی عێراق، بەچاوپۆشین لە قەباوارە و زمان. هەروەها ڕووداوی شۆڕشی جەزائیر بەهەمان شێوە دەیان ڕۆمانی گرینگی بەخشی بەگەلی جەزائیر بۆ ئەوەی جیهان لە مێژووەکەیان ئاگەدار بێت، بەنموونەی ڕۆمانەکانی واسینی ئەلئەعرەج و ئەحلام موستەغانمی. ئەو شەڕ و شۆڕشەی کە لە جەزائیر هەبوو هاوشێوەی شەڕی بەعس و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە.

ئەگەر باس لە ڕۆمانیا بکەین دەبێت ئەوە بزانین لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاریدا نموونەی ڕۆمانی (وڵاتی هەڵوژە سەوزەکان)ی هێرتا مۆلەرمان هەیە کە نۆبڵی ئەدەبیی بەهۆی ئەو بەرهەمەوە وەرگرت... وەک ئەوەی لە ڕۆمانەکە و لە مێژوودا دیارە بەهەمان شێوەی زوڵم و ستەمکاریی سەدام حوسێن خەڵکی ڕۆمانیا ئازاریان چەشتووە لەژێر دەستی فەرمانڕەوای دیکتاتۆر (نیکۆلای تیشیکۆ). هەروەها ئەگەر باسی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و شۆڕشی پیشەسازیی بەریتانیا و شۆڕشی فرەنسی بکەین سەدان ڕۆماننووس هەموو بەرهەمەکانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو ڕووداوانە لە بازنە و ئەرکی ئەدەبدا. نموونەی دیارترینی

ڕۆماننووسەكانی ئەو ڕووداوانە (ڤیكتۆر هۆگۆ، ئیرنیست هەمینگوای، چارلیس دیكنز و فریدریک شیللەر، هێرمان مێلڤیل... تاد).

ئێمەی كورد پێویستە درک بەو ڕاستییە بكەین كە ڕۆماننووسەكانمان بەتەنیا هۆكار نین كە ڕۆڵی مێژووی تژی كارەساتی وڵاتی ئێمە بە ڕێچكەی وڵاتانی جیهان نەڕۆیشتووە، بگرە قەوارەی نەتەوە و پەڕاوێزخرانی نەتەوەیی هۆكاری تری ئەو بابەتەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا چاكە ئەوە نەكرێتە بەهانەی ئەوەی ڕۆمان و چیرۆک نەنووسین لەوبارەوە... دەشێت ئەدەبی ئێمە لە چوارچێوەی قەوارەی خۆماندا پڕ بێت لەو نووسینە جوانانەی كە لەبارەی ئەنفال و كۆڕەو و كیمیاباران و ستەمكارییەوە دەنووسرێن. بەشێوەیەكی گشتی بەهۆی ئەو نووسینەوەوە دەگەینە چەند بڕوایەک ئەویش ئەوەیە: ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی نەیتوانیوە لە ئاست گەورەیی و تراجیدیاكانی ناو مێژووی میللەتەكەمان بێت. هەروەها پێویستە ڕۆماننووسە بەئەزموون و شارەزاكانی میللەتەكەمان تواناكانیان تەرخان بكەن بۆ نووسینی شاكاری تایبەت بە ڕووداوە مەرگەساتئامێزەكانی وڵاتەكەمان.

لەلایەكی ترەوە پێویستە حكومەت و كاربەدەستانی وڵات لە گرینگیی ئەدەب تێ بگەن و پڕۆژەی گەورەی وەرگێڕانی ئەو تێكستانە بەئەنجام بگەیەنن، بۆ زمانە زیندووەكانی جیهان بەتایبەتی ئینگلیزی. لەم ڕوانگەوە حكومەت لە ڕێگەی تەرخانكردنی بودجەیەكی پێویست بەم ئاراستەیە دەتوانێت لایەنێكی گرینگی پڕۆسەكە بگەیەنێتە ئەنجام. لەم كاتەدا سكاڵا و ڕەخنەمان نابێت لە خەمخۆرییەكانی دەسەڵات بۆ ئەو بوارە چونكە زۆر گرینگە ئێمە كارەساتەكانمان بەجیهانی بكەین و سۆزی جیهان بۆ لای خۆمان ڕابكێشین، ئەوەش تەنیا بە ئەدەب دەكرێت. ئێمە ئەدەبنووسی باشمان هەیە، بەڵام تواناكانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەكردووە، بەهۆی ئەوەی پڕۆژەیەكی گشتگیر و هەمەلایەن لە ئارادانییە هەم لەلایەن دەسەڵات و هەم لەلایەن ئەدەبدۆست و نووسەرەكانمانەوە.

دەبێ ئەو بڕوایە لای هەموو لایەک دروست بێت كە ئەدەب بەگشتی ڕۆمان بەتایبەتی دەتوانێ ئەو ئەرک و ئامانجی مەزن ڕاپەڕێنێ. لە شیمانەی هەبوونی ڕۆمانی باشیشەوە دەكرێت هونەری سینەمای جیهانی بنیات بنێین. كاتێ ڕۆمانەكان دەنگدانەوەی جیهانیان وەرگرت، دەكرێت بكرێنە سیناریۆ بۆ دروستبوونی فیلمی جیهانی، بێگومان ئەوەش بەبودجە و پشتگیریی حكومەت دەكرێت. دەكرێت بیر بكەینەوە كە كۆدەنگی وەدەست بخەین لە ئاستی جیهان بۆ دۆزی سیاسیی كورد و داڕشتنی سیاسەت و پلانی ستراتیجی بۆ بناخەی قەوارەیەكی یەكگرتووی كوردی خاوەن كیان و دەوڵەت و سەروەری، كە ئەوەش هەرگیز ئەستەم نییە و خەونیش نییە، بگرە هەوڵدانێكی هەمەلایەنەی دەستەی نوخبەی نووسەران و هونەرمەندانە بە پاڵپشتیی دەسەڵات و سیاسییەكانی كورد.

وتار

یوگنی باسین

# هونەر وەک گوزارشتی شیعری لە تێڕوانینی کرۆچەدا

وەرگێڕانی: ڕزگار جەباری

تیۆرییەکانی کرۆچە لە (یەکەم بەرهەمی ستاتیکا)یەکەیدا، دواتر گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات. یەکێک لە بەرجەستەترینی تیۆرییەکانی برێتییە لە پەسندکردنی هاوبەهاییی هونەر و گوزارشتە ستاتیکییەکان. کرۆچە لە پێناو دەربازبوون لە کۆتی ئەم هاوبەهاییەدا، چەمکی شهود بەش بەش دەکات. لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩٠٨ بەناوی (شهودی پەتی و تایبەتمەندیی خۆشئاوازانەی هونەر)، چەمکی (شهودی خۆشئاوازانە لە هونەردا)ی خستە ڕوو و لە هەموو شهودەکانی تری جیا کردەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەم جیاوازییە لە چیدایە؟ کرۆچە چی لەم کتێبەدا و چی لە تێکڕای نووسینەکانی تریدا، تەنیا وەڵامگەلێکی گشتی دەداتەوە. (شهودی هونەر)، یان شهود لە هونەردا دۆخێکی (پەتی)ی هەیە، واتە شهودی خۆشئاوازانەیە، ئەمانە چەمکگەلی ئەبستراکت نین، بگرە (دۆخێکی زەین) و ناواخنێکی کارتێکراون، کە خودان چۆنیەتیی ئیحساسن. شهود لە هونەردا پێکهاتەیەکە لە ئیحساس و وێنا. ئەمە ئیحساسێکە کە کراوە بەقووڵبینی. کارلۆ دو سیمۆن دەنووسێت: ئەو دەمانەی کرۆچە بەو بەرەنجامە دەگات، کە گوزارشتی هونەری هەستێکی پاڵفتەکراوە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم تایبەتمەندییەی گوزارشتی هونەری ناتوانێت رووی هاوبەشی کردارە زمانییەکان بێت. ئەمە یەکەم زەبری برووسکەئاسایە لەسەر هاوبەهاییی زمان و هونەر.

کرۆچە لە (گوزارشت)دا، پۆلێن بەکار دێنێت. ئەم پۆلێنە پێشتر لە پەراوێزی کتێبی (ستاتیکا)دا خرابووە ڕوو، کە تیایدا گوزارشتە هەقیقییەکانی لە گوزارشتە سروشتگەراییە

ئیحساسەکان و هێماگەلە مەفهومییەکان جیاواز خستبوویە روو. ئەم پۆلێنە بە تێروتەسەلی لە کتێبی (شیعر)دا (ساڵی ١٩٣٧) هاتووە. لەوە بەدواوە هونەر لەگەڵ سەرجەم جۆرەکانی گوزارشتەکان و زمان بە گشتی، هاوبەها نییە، بگرە تەنیا لەگەڵ گوزارشتی شیعریدا هاوبەهایە. زمان بە پێچەوانەی گوزارشتە شیعرییەکانەوە کە تەنیا گوزارشتی هەقیقین، واتە ئەوەی کە وەک فاکتەری دیتنەکیی روح پێوەندی بە شهودەوە هەیە، داگری سێ جۆر یان زیاتری گوزارشتی سروشتگەراییی ئیحساسە لە شێوەی دەنگە کورتەکاندا. بۆ نموونە دەنگەکانی بانگکردن (نیمچە رستە – پیتی بانگکردن)، لە بەرامبەر گوزارشتی شیعری سروشتگەرایی نەبووە و وێنەی دیتنەکی بە ئیحساس دەبەخشێت. بۆ نموونە دەنگەکانی بانگکردن لە شیعردا، پێشتر فاکتەرێکی دیتنەکییە.

گوزارشتی سادە، زمانی زانستەکان، تێفکرینی لۆجیکی، گرینگترین رووخسارە جیاوازییەکەی لەگەڵ هونەردا، لە تایبەتمەندییە هێماییەکەیدایە. لەم حاڵەتەدا تێفکرین لە رێگەی نیشانەکان یان هێماکانەوە دەردەبڕدرێت. لە بەرامبەردا شیعر هەرگیز ناتوانێت هێما، واتە نیشانەی شتێکی تر بێت. پەخشان زمانێکە، کە لە گوزارشتە خامەکان (دەست لێ نەدراو) پاڵفتە کراوە. گوزارشت لە زمانی شیعریدا رووی تەواوکاریی زمانی پەخشان نییە، بگرە ئەفرێنەری جەوهەری بنچینەییی وێنەی هەقیقی گوزارشتە. بە پێچەوانەی تایبەتمەندیی دیتنەکیی گوزارشتی شیعرییەوە، گوزارشتی پەخشانی بەکارهێنانێکی کرداری هەیە و لە رێگەی پرۆسەکانی فرمانەوە دروست دەبێت. لە کاتێکدا کە شیعر هیچ جۆرە بنچینەیەکی نییە بەڵام پەخشان خودان جۆرە بنچینە و کۆمەڵە سیمبولێکە کە لەسەر بنەمای ئەوان دەتوانین ئاستی کاریگەرییەکەی بپێوین. لێرەدا پێوەری سەرەکیی هەقیقەت، هاوشان لەگەڵ ئاسانیدا، پوختی و کورتییە.

بە گشتی کرۆچە کۆمەڵێ مەعریفەی وردی بۆ تایبەتمەندییەکانی زمانی زانستەکان و جیاوازییەکەی لەگەڵ گوزارشتی شیعریدا خستە روو. بەڵام هەروەک (تاپاریدزە) ئاماژەی پێ دەکات: کرۆچە لەم بابەتەدا لەگەڵ تیۆرییەکەی خۆیدا لەمەڕ چییەتیی پێکهێنەرە لۆجیکییەکان دژە. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە پێکهاتەی لۆجیکی دەبێت داگری (شهود – ئاخاوتنی) هەقیقی بێت و تێگەیەک بێت خودان گوزارشتی زارەکی بێت.

کرۆچە هەوڵ دەدات، کە فاکتەری ئاخاوتنی هەقیقی لە شێوەی گوزارشت، لەگەڵ تێگەیشتنەکەیدا لە بەرچاو بگرێت، بەڵام لەم بابەتەدا (روونێتی و چەسپێنەر) نییە، بەرەنجام ئاخاوتن و تیگەیشتن لە یەکتری دوور دەکەونەوە و بەش بەش دەبن. لە هەمان کاتدا بە جەختکردنەوە لەسەر خەسڵەتە تایبەتییەکانی گوزارشتی شیعری و بە بەراورد لەگەڵ گوزارشتی بەڵگەخوازی لە شێوەی نیشانەکاندا و لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی چییەتیی سیمبولی یان نیشانەییی هونەرە، کە کرۆچە ناچار لە وەڵامی پرسی چییەتیی تایبەتی گوزارشتی شیعری و ئەویش بە شێوەیەکی ورد بە ناونیشانی جۆرێکی تایبەتی (سیمبولیزم) یان دیاردەیەکی

سیمیۆتێکی، دۆش دادەمێنێت.

پرسە پەرتەوازەکانی ئەو، لەو بارەوەی کە دەتوانین بەرهەمی هونەری وەک سیمبولی لە بەرچاو بگرین، بە مەرجێ لە شهود نزیک ببێتەوە و بە مەرجێ ئیحساس نەک بیروباوەڕ، ببەخشێت بە هونەری ناسکێتیی ئەسیری سیمبول، بە گشتی بی ئاکام ماوەتەوە.

بە باوەڕی کرۆچە، دەبێت جیاوازی لە نێوان هونەر یان گوزارشتی شیعری لەگەڵ گوزارشتی رازاوەدا دابنێین. بە پێچەوانەوە هونەر گوزارشتی رازاوەی پرۆسەکانی فرمان دروست دەکات، کە ئامانجەکەی بریتییە لە بێدارکردنەوەی حاڵەتێکی دیاریکراو لە زەینی مرۆڤدا بە هاوکاریی دەنگە کورتەکان، هۆکاری سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی ئەم جۆرە گوزارشتە و لە بەرامبەردانانی لەگەڵ هونەردا، جۆرێکی ڕاڕاییی ئایدیالیستی و میتافیزیکییە بۆ جوداسازیی هونەر وەک پرۆسەیەکی دیتنەکی، خۆڕەوی و ئازاد لە هەر کۆت و مەرجێکی کۆمەڵایەتی. تەواو هەر بەم هۆیەوە شیعر لە بەرامبەر گوزارشتی ناوازەدا وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و زمانی زانستی رادەوەستێت، کە نیشانە بۆ رۆنانی پێوەندی دروست دەکرێن، هەروەها وەکو پێویستی، گەیاندنی زانیاری لەخۆ دەگرێت، بەڵام کرۆچە لەو باوەڕەدایە کە بۆ هونەر، ئاگایی پێدان ناچارەکی نییە. کرۆچە بەر لەوە لە وتاری (بەرگری لە شیعر)دا نووسیبووی کە، شیعری پەتی بەواتای رەهای وشەکە، ناواخنێک بە ئاگایی ناگەیەنێت. گوزارشتی رازاوە وەک پرۆسەیەکی کرداری، بە سەرجەم کۆت و کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە. لە کاتێکدا هونەر (ئازاد)ە.

بەباوەڕی ئانتۆنیۆ لەگەڵ رەتکردنەوەی فەیلەسووفی مارکسیستی ئیتاڵیایی، ئەم نیازە چاکەی کرۆچە لە (خەملاندنکاری)دا لەبارەی رەهەندە تایبەتییەکانی هونەرەوە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم شێوە پرۆسە ئاساییەکاندا بە (لێکدژی سەیر) و (سەروو کۆدەنگی)، دەبێتە (شیعر – نەک شیعر). وێڕای ئەمە ئەو، پێوەندییەکی لۆجێکی لە نێوان ئەم لێکدژ و دەربڕینە لە هونەردا وەک فاکتەرێکی خۆڕەوی روح بە تێگەیشتنێکی میتافیزیکی دەبینێت، کە بەرهەمی تێڕوانینە ئایدیالیستییەکانە.

کرۆچە بەدەر لە گوزارشتە شیعرییەکان، هەستەکی، پەخشان و رازاوە، باوەڕی بە پێنج شێوەی دیکەی گوزارشتی هەیە! ئەدەبیات لە لێکدانی شێوە جۆرەوجۆرەکان و هاوئاهەنگیی گوزارشت و لێکدانی شیعری لەگەڵ ناواخنی ناشیعریدا دروست دەبیت. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە بۆ جۆرەکانی گوزارشت (کە ئەدەبیاتی ئاین و... هی تر پێ دەڵێن)، ئەدەبیاتی توێژینەوەکاری (مێژوویی، زانستی، فەلسەفی و... هتد) و ئەدەبیاتی رازاوە، ئەدەبیاتی رازاوە خۆی لەسەر بنەمای ئامانجەکەی بۆ دوو لق دابەش دەکرێت: (وەکو کتێبە حەماسییەکان) یان سەرگەرمکار (وەکو رۆمانە پۆلیسی و سەرگورشتەخوازییەکان). سیستەمی کرۆچە بێگومان خودان کۆمەڵی خاڵی ئەرێنییە، بەڵام هەروەک ژمارەیەک لە راڤەکاران ئاماژەیان بۆ کردووە (وەکو تیۆدۆر ئاسترۆالدر و ئەوانی تر) ئەم پۆلێنە ناکۆکیی لەگەڵ بنچینە فەلسەفییەکانی ئەودا هەیە–

بنچینەی جیاوازیدانان لە نێوان چەمکەکان کە پابەندی بەدەستەوەدانی پێناسەن لە جەوهەری پوختدا، لەسەر بنەمای یەکێک لە فاکتەرە روحییەکان (و بەبۆچوونی کرۆچە ئەدەبیات خودان جەوهەرێکی لەو جۆرە نییە.) و تیۆریی زاراوەکانی (چاکە، جوانی، سوودمەندیی هەقیقەت و... هتد).

بەڵگەی سەرەکیی کرۆچە بۆ جیاوازیدانان لە نێوان شیعر و ئەدەبیاتدا لەوەدایە، کە ئەو دەخوازێت جۆرە هەمەچەشنەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان (بۆ نموونە شیعری رامیاری) لە هونەری هەقیقی، واتە شیعر بەش بەش (مجزی) بکات. هەروەها بە نیمچە هونەری ناودێر دەکات. کرۆچە دەڵێت: وێڕای هەبوونی رواڵەتی شیعری، جەوهەری ئەدەبیاتێکی لەو جۆرە شیعری نییە. ئەم بەڵگەخوازییە بێگومان میتافیزیکییە و بەرەنجامەکانیشی گومانئامێزە. بیروباوەڕی کرۆچە لەمەڕ نیمچە هونەر بە شیوەیەکی تەواوکراو، لە کتێبی (کاینگ وود)دا بەرچاو دەکەوێت، لەم بەرهەمەدا جەوهەری میتافیزیکییانەی ئەم تیۆرییە بەتەواوی ئاشکراوە.

لەبەرئەوەی گوزارشتە دەرەکییەکان لە وتاری کورتدا دیاری دەکرێت و ناوەرۆکی ناشیعری دەتوانێت خۆی لە شێوەی شیعریدا بپۆشێت، جیاوازییەکەیان تەنیا دەتوانرێت لە رووی واتاکەیانەوە دەستنیشان بکرێت. ئەم پۆلێنەی کرۆچە لە گوزارشتەکان لە راستیدا (تیۆریی واتا)یەکەی ئەوە. بەبۆچوونی کرۆچە، چییەتی واتای گوزارشتێک، بەو رادەیەی کە لە رێگەی بەردەوامی (حاڵەتێکی ناخەکی) دیاری دەکریت، واتای شیعری لە رێگەی حاڵەتی پرۆسەیەکی پەتی دیاری دەکرێت و، واتای پەخشانی لە رێگەی حاڵەتی پرۆسەیەکی واتادار و لۆجیکییەوە دیاری دەکرێت. حاڵەتی شیعری بە سروش و کەڵکەڵەوە دیاری دەکرێت و، حاڵەتی ئەدەبی بە کۆنترۆڵ و وێنەدانەوە دیاری دەکرێت. بەردەوامیی حاڵەتەکە بەستراوەتەوە بە زاراوەی (چنین یان دەق).

تێڕوانینی کرۆچە لە توێژینەوەی واتادا بە تایبەتی لەبارەی توێژینەوەی واتای بەرهەمە هونەرییەکانەوە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی  لێکۆڵەران لە توێژینەوەی تایبەتمەندییە عەینی و بنیاتە عەینییە زاتییەکانی زمانی هونەر، کە خۆی مەرجی یەکەمین و زەرووریيە بۆ دیاریکردنی حاڵەتی شیعری پێوەندیدار بە بەرهەمە هونەرییەکانەوە.

سەرچاوە: فلسفه سمانتێک هنر.

وەرگێڕانی بۆ فارسی: بهمن اصلاح پزیر.

وتار

کامەران تاهیر

# وليەم فۆكنەر..
# خودان ستایلێكی سەخت و تەمومژاوی



کاتێک تەماشای نەخشەی ڕۆمانی ئەمەریکایی دەکەین، یەکسەر ناوی دوو داهێنەری مەزن دێتە پێشەوە و دەبنە سەرتۆپ و سەرمەشقی ڕۆماننووسانی سەرپاکی ئەمەریکا، یەکێکیان ئێرنست هەمنگوایە، ئەوی تریشیان ولیەم فۆکنەرە، هەردووکیان خودان خەڵاتی نۆبڵن.

ئەوەی دەخوازین لێرەدا قسەی لەبارەوە بکەین، ئەو جۆرە ستایلەیە، کە ولیەم فۆکنەر لە نووسینی ڕۆمانەکانیدا بەرجەستەی کردووە، هەر ئەم ستایلەشی وای کرد فۆکنەر لە تەواوی ڕۆماننووسانی تر جودا بکاتەوە.. فۆکنەر جگە لە نووسینی ڕۆمان ژمارەیەک کورتە چیرۆکیشی نووسیوە، لەم ژانرەشدا توانیویەتی داهێنەری خۆی و تواناکانی خۆی بنوێنێت.

سەرەتای دەستپێکردنی نووسینی لای فۆکنەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە ئاشنایەتی دەگەڵ (شێروە ئەندرسۆن)ی ڕۆماننووس پەیدا دەکات، ئەندرسۆن پاڵپشتی و هاندەری تەواوی بوو، بۆ ئەوەی دەست بکات بەڕۆمان نووسین، ئەم هاندانەش وای کرد، دواتر چەندین ڕۆمان بنووسێت و بڵاویان بکاتەوە لەوانەش: "هەرا و زەنا، توندوتیژی، میحراب، دارخورمای کێوی، پیاوی پیر" و چەندین بەرهەمی تر. فۆکنەر لە تەواوی ڕۆمانەکانیدا ستایلێکی سەخت و دژوار و ئاڵۆزی بەکار هێناوە، تەنانەت ئەوانەی لە زمانی ئینگلیزی زۆر باش شارەزان ناکارن بەسانایی تێی بگەن، بەکارهێنانی پەیڤ و ڕستەی یەکجار دوور و درێژ، کە بەنێویەکتردا تێک چرژاون و هەڵقژاون یاخۆ بەتەواوی بەنێویەکتردا چوون، هەر ئەمەش وای کردووە وێنەکانیش بەنێویەکتردا بچن و پێکدا هەڵبقژێن و فەزا و رووبەرێکی بەرفرە بگرنە خۆ، بەئەندازەیەک کاتێک خوێنەر هەر ڕۆمانێکی فۆکنەر دەخوێنێتەوە سەری لێ دەشێوێ و نازانێ ڕۆماننووس لەبارەی کامە کاراکتەرەوە قسان دەکات، بۆ نموونە هێشتە ڕستەیەکی تەواو نەکردووە، ئاخۆ لەبارەی کێ دەپەیڤێت، دەستی بەنووسینی ڕستەیەکی تر دەکرد، ئەمەش زۆرجار لە وا خوێنەر دەکات ڕستەکانی پێشووتری یاخۆ ڕستەی پێشتری لە بیر بچێتەوە.

لە ڕاستیدا ولیەم فۆکنەر لە ڕۆماننووسیدا خودان ستایلێکی نوێ و فۆرمێکی سەربەخۆیە، کە بەستایلی سەخت و ئاڵۆز و تەمومژاوی دێنە ناسکرن. ڕۆماننووس لە ساڵی ١٨٩٧ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٤٩ خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت و ساڵی ١٩٦٢ بۆ هەتاهەتایە چاولێک دەنێ و ماڵئاوایی لە ژیان و داهێنان دەکات.

وتار

ڕەمزی چاوش

# خەمەکانی ئەدەبی تورکمانی

لە تورکمانییەوە:
عەبدولستار جەباری

دەسپێک: ئەدەب واتە زمان و ژیار و بەرهەمی گەلان و تا چەند پابەندبوونە بەمیراتگرییەوە.. هاوکات پێوەریشە بۆ بەرەو مەدەنیبوونی گەلان و پێشکەوتنیان، رووکەشی رەنگدانەوەی قۆناغە مێژووییەکانی نەتەوەکانە بەر لە بوارەکانی تری ژیان و، تاکە شایەتحاڵی گەلانیشە... رەنگە ئەدەب ئەو هەستە بێت کە خۆمانی لە بەرامبەر شتێک دەبینینەوە کە ئێمە هەین، هەروەک – بێکێت – دەڵێت...

ئا بەمجۆرە بەدرێژاییی مێژوو ئەدەب پرۆسەی گواستنەوەی کولتووری مرۆڤە.

گواستنەوەی هۆش و هەست و سۆزە بەرامبەر بە ژیان، زۆرجارانیش ئەدەب و ڕۆشنبیری روویەکی تری ژیان بەرهەم دەهێنێ.. ئەم رووە نوێیەش نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و شاعیر لە میانەی بەرهەم و هەستە راستگۆیانەکەیانەوە بۆ ئەم ژیانە نوێیەی تژی لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بۆ دەربەڕاندنی بێزاری و سستی لە رووخسارە چەقبەستووەکانی ژیان دروستی دەکەن..

دەکرێ ئەدەب و جۆرەکانی لە شێوازی دەرکەوتن و گەشەکردنی بچوێنین بەرەوتێکی ڕێرەوی بەردەوام لەسەر خاکێکی بزووێنەر، بەو جۆرە مەجرای خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆ پێک دەهێنێت..

هەر بۆیە ژیانی مرۆڤ و ژیانی گەلانیش بە هەموو جیاوازی و لاساییکردن و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانیانەوە تۆمار دەکرێن و دەخزێندرێنە نێو پاشماوەکانی ئەدەبی گەلانەوە.

(جۆرج شفاینەر) بەمجۆرە وەسفی ئەدەب دەکات و دەڵێ: «ئەدەب زمانێکە لە دەرەوەی زەمەنی ئاسایی».

ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی بەتەنیا نەخشی سەر دیواری زمان نەبووە، گەپێکی کۆمەڵایەتیش نییە هەروەک هەندێ وای دەبینێ. چونکە هیچ پێوەرێک بۆ رۆڵی ئەدەب دانانێن لە دروستکردنی ژیان، کە داینەمۆی ژیانی کۆمەڵایەتییە و رێکخەری ژیانی کۆمەڵگە و کلیلی گەشەکردن و فاکتەرێکی گرینگە لە فاکتەرەکانی پێشکەوتن.

دەکرێ لە رێی ئەم پێشەکییە کورتەوە بچینە نێو دەرگەی ئەدەبی تورکمانییەوە، ئێمەش هەموو خەمەکانی ئەم ئەدەبە دەخەینە سەرشانمان ، هیوا و ئەندێشەکانی ئێستا و رابردوو و داهاتووشی هەڵدەگرین. چونکە بێ شک بەشێکین لەم ئەدەبەوە هەموو بۆچوون و ئاواتەکانمان لەنێو ئەم ئەدەبەدا دەگەشێتەوە، خەونی ئێمەش ئەوەیەوە ببینین بدرەوشێتەوە و بگەشێتەوە تاکو شوێنی شایستەی خۆی بکاتەوە لەنێو کولتووری نەتەوە و گەلانی تردا، چونکە هیچی لەوان کەمتر نییە، هەوڵی پێشکەوتنی هەموو ژانرەکانی تری دەدەین.

نیگەرانین بەوەی ئەم گەنجینە کولتوورییە بەنرخە گرمۆڵە بێت لەنێو چەند نووسینێکی پەراوێزخراودا، ئاخۆ ئەم دەنگە تورکمانییە تەنگەتاو بکرێت لە دوو توێ چەند دەقێکی شیعریدا، یا وردە وردە بئاخنرێتە نێو قاڵبی خۆریات و چوارینەکانەوە.

ئەدەبی تورکمانی و نوێگەرییەکانی بەتایبەتی کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو سەری هەڵدا، ئەدەبێکی وابەستەبوو بەدۆزەکانی سەردەمەکەیەوە هەروەک لە بەرهەمی هەموو ئەدیبە تورکمانەکان لە شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و رۆمانەکانیاندا بەدی دەکرا.

نووسەر (مەحموود ئەمین ئەلعالم) لە کتێبەکەی بەناوی (رۆشنبیری و شۆرش)دا، دەڵێ: «کە داوا لە نووسەران و هونەرمەندان دەکەین وابەستە بن بە دۆزەکانی سەردەمەکانیان و کێشەی کۆمەڵگەکانیانەوە، داوای کەمتەرخەمی و هەڵچوونیان لێ ناکەین و بەردیش لەسەر ئازادیی رادەربڕینیان دانانێین»..

رەنگە کەسێک پرسیاری ئەوە بکات و بڵێ: لەم ساتەوەختەدا ئەدیبی تورکمانی بەچییەوە وابەستە بێت!!، لەم قۆناغەدا دەتوانێ چی پێشکێشی رۆڵەکانی گەلەکەی بکات؟!

وابەستەبوونی نووسەر و بڕوابوونی بەوەی کە شتێکی نوێ پێشکێش بکات، ئەوە بەنەمری بۆی دەمێنێتەوە، بەتەنیا ئەوانەی وا باون وەکو (خۆریات و چوارینەکان) بێت و جارێکی تر پێشکێشیان بکاتەوە!

بگرە وابەستەبوون بە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و دۆزەکانی سەردەم و خەمەکانی ئازادیی داکۆکیکردن لە مرۆڤ..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، نووسەر و شاعیری تورکمان بەهەستیارییەوە و بەبڕوای تەواوە بەرەو ڕێگەی ڕاست هەنگاو دەنێت..

هەروەک شاعیری گەورەی تورکمان (حەسەن ئەکرەم) چۆن دەیان ساڵ لەمەوبەر بەزمانی تورکمانی و بەدڵێکی تژی لە خۆشەویستیی یەکەم بۆ تورکمان و دووەم بۆ خەڵکانی تر ڕێگەی مرۆڤایەتیی گرتە بەر..

ئێمەش مادام بەردەوامین لە نووسین، هەر لەو گۆشەنیگایەوە دەبێ شێلگیرانە هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نموونەیی تاکو ئەدەبی تورکمانی هێدی هێدی بەرەوپێش هەنگاو بنێ و دەنگ بەرز کەینەوە و لایەنە گەشەدار و چێژاوییەکانی ئاشکرا بێت، تا بەرچاومان ڕوون بکاتەوە..

پەیامەکەیشی بەرەو باشتر و کامڵتربوون بگەیەنینە سەر.. تاکو نەمرییەکانی زیندوو بکەینەوە، کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەشەی کرد، نموونەی ئەدەبی پێشکەوتوو هاوسەنگیی بەرهەمی ئەدەبی گەلانی تر بوو..

لە چەندین لاوە بەرهەمی پێشکێش دەکرد و هەوڵی دەدا جەماوەر و هەواداران و نەوەیەک لە لاوان بنیات بنێت، کە ئیمڕۆ ناوبانگیان هەیە لە ناوەندیی ڕۆشنبیریی تورکمانی..

ئامانجی ئەو ئەدەبە ئەوە نەبوو نەوەیەکی نیمچە ئەدیب دروست بکات کە ئیمڕۆ لە چەپڵە لێدان بەولاوە، کە لە هۆڵەکانی وتار خوێندنەوەدا بۆیان لێ دەدرێت، هیچی تریان زیاد نەکردووە بۆ ئەدەبی تورکمانی..

ئەدەب خەمێکی ڕۆژانە و بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی بوو، هەریەکێ لەو نەوەیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو تەواوکاری ڕووی گەشی ئەدەبی تورکمانی بێت..

مخابن ئیمڕۆش لە کاتێکدا بانگەشەی خەمی ئەدەبی تورکمانی دەکەین، کەچی لە بەرامبەردا دەستەیە شاعیر ئەوانەی کە ئەم سیفەتەیان بەخۆیان بەخشیوە، نە هیچ دەزانن و نە دانی خێرش بە کەسدا دەنێن، تەنیا شیعری دروشمدار و لیریکی دەزانن، لەگەڵ ئەوەی ڕێز لە جۆرە ئەدەبە دەگرین، وەلێ لایەنی تریش هەیە پێویستە بەشوێنیاندا بگەڕێین.. وەبەختم ئەمە دیاردەیەکی ترسناکە پێویستە بەرەنگاری ببینەوە، لەبەرئەوەی سەرەتای تێکدانی ئەدەبی تورکمانییە و، دەبێ هەموو دەزگا بینراو و بیستراو کۆوار و ڕۆژنامەکان درک بەوە بکەن کە لەسایەی ئەم دۆخەدا ئەدەبی تورکمانی دەچێتە نێو سەردەمی تاریکییەوە.. ناشتوانین ئینکاریی هەستی نەتەوەیی و جۆشدان بۆ پاراستنی بوونی تورکمان لە ئەدەبەکەماندا بکەین، کە هەندێ لایەن لە هەوڵی ئەوەدان ڕۆڵی تورکمان لە تەونی عێراقیدا پەراوێزی کەن.

وەلێ پێویستە لەسەرمان لەم بارودۆخەدا هەوڵ بدەین شێلگیرانە کار لەسەر ئەوە بکەین هەموو دەرگەکان بخەینە سەرپشت تا بتوانین بەبوونی تورکمانەوە بچینە ژوورەوە لە ڕێگەی بەرهەمە

ئەدەبییەکانمانەوە بۆ هەموو جیهان بیسەلمێنین کە ئێمە گەلێکی زیندووین و، تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەمان بکەینە نموونەیەکی زیندوو بۆ رۆشنبیری و رابردووشمان بکەینە پردێک بۆ پەڕینەوە بۆ داهاتوومان و، دیرۆکی لەمێژینەشمان سەرچاوەیەکی پڕ بەهایە بۆمان و دەنگی تورکمانیش لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا دەنگ بداتەوە.

بۆیە پێویستە هەمووان بەشدار بین لە دروستکردنی ئەم کایە رۆشنبیرییە، نووسەر، هونەرمەند، شاعیر، سیاسەتوان، رۆژنامەنووس، راگەیاندنکار.. هەموو بەیەکەوە نەخشی تابلۆی جوانی تورکمان لە عێراقی جوانماندا بکێشین و، هەر کەمتەرخەمییەک لە هەر لایەکەوە بێت ئەو کاروانە رۆشنبیرییە بەناتەواوی دەمێنێتەوە..

رەنگە کەسێک بپرسێت: سەقامگیرنەبوونی بارودۆخی ئەمنی و باری دەروونیی تاک و نووسەر و کۆمەڵگە دەبێتە بەربەستێک لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەوەی دەمانەوێت..! وەلێ کاتێ رۆژنامە و کۆوار و کەناڵە ئاسمانییەکان بەگرینگیدانەوە دەرگەی لاپەڕەکانیان بەکراوەیی دەهێڵنەوە لە بەرامبەر کاروانی تورکمانی، پێویستە بیر لەوە بکەینەوە، کە چۆن بەشداریی کاریگەری بکەین لە دروستکردنی نەوەیەک بڕوای تەواویان بەوە هەبێت، کە پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک بە پێوەری رۆشنبیرییەکەی و تا چەند لە خزمەتی کولتووری مرۆڤایەتی دەپێورێت..

زمانی تورکمانی کە لە هزری نووسەر و شاعیرە نوێخوازەکاندا بوو بە ئەندێشەیەکی تەقیوو لە داهێنان و رەنگاڵەی نوێ لە دەربڕین و بەرهەمهێنانی ئەو وێنە شیعرییانەی کە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ زمانە زیندووەکانی تردا و وای لێ هاتووە، لەگەڵ کەسانی تردا پێی دەئاخافن لە زمانی شیعر دەچێ. ئەگەر زمانە شیرینەکەمان بەتەواوی بەکار بهێنین هزری تورکمانیمان تیژ دەکات و خۆشەویستی لە دڵدا دەهەژێنێ گڕ بەردەداتە سووربوون لەسەر بەرگریکردن و خوێنی شەهیدانی داستانەکان گەشتر دەکات و وەک برووسکە دادەبەزێتە سەر ستەمکاران و هەزار و یەک مۆمیش لە رێی مرۆڤایەتی دادەگیرسێنێت.

ئا لێرەدا شاعیری لیریکی دەتوانێ رۆڵی خۆی بگێرێت و لەم زمانە وێنەی جوان بخوڵقێنێت و ژیان لە وشەدا بگەشێنێتەوە لە میانەی هەوڵەکانی بەرەو داهێنان، هەروەک شاعیری داهێنەری تورکمانی «حەمزە حەمامچی (لە دیوانە شیعرییەکەی یەکەمیدا) یەدینجی قەدەح» واتە "بادەی حەوتەم"دا زمانی تژی کرد لە وشەگەلێک هەڵگری ترپەی دڵ و هەست و سۆزی شاعیرن و رچەی شێوازە باوەکەی شیعری تورکمانیی شکاند.. ئەو داهێنانەی لە شیعری حەمامچی ئۆغلۆ بینیمان هەڵگری بیرۆکەیە بۆ ئەو کەسانەی شوێن هەڵگری ئەو دەبن لەپاش خۆی.. هەروەک چۆن شاعیرە میللییەکانی عێراق رچەی هەمان شێوازی شاعیری داهێنەر (مزەفەر ئەلنواب)یان گرتە بەر و، بوو بەخاوەنی قوتابخانەیەکی نوێی شیعری میللیی عێراقی.. جگە لەمانەش خەمێکی تری ئەدەبی تورکمانی هەیە و هیچی لە خەمەکانی تر کەمتر نییە و، بووەتە درزێک لە دڵماندا ئەویش

پۆلینکردنێکی ناعادیلانەی نووسەران و شاعیرانە: نازناوی شاعیر دەبەخشن بە رێکخەری خۆریات، هەروەک ئەوەی زۆربوونی شاعیر لە هەر میللەتێک کارێکی تەندروست بێت.. شاعیری داغستانی (رەسووڵ هەمزاتۆف) بەتەنیا خۆی بەس بوو، بەهەموو جیهان رابگەیەنێت ئا لەوێ ولاتێکی بچووک و گەلێک هەیە پێی دەڵێن (داغستان) ئەویش لە رێگەی شیعر و ئەدەبەکەیەوە و هیچ پێویستی بەسوپایەک نەبوو لە شاعیران تاکو پاڵپشتی بن بۆ ئەم سەرکەوتنە مەزنەی..

دیاردەیەکی مەترسیداری تریش هەیە، ئەویش پۆلینکردنی شاعیرانە بەپێی تەمەن، هەروەک ئەوەی داهێنان بەپێی ژمارەی ساڵی ئەم شاعیر و ئەو شاعیرە بێت.. لە کاتێکدا پۆلینکردنی تەندروست دەبێ لەسەر بنەمای داهێنان و بەرهەمی بەسوودی بۆ کاروانی رۆشنبیری بێت.

رەنگە هەندێ پۆلینکردن لەسەر بنەمای قوتابخانە ئەدەبی و شیعری بێت.. وەلێ تەنیا داهێنان تاکە پێوەرە بۆ پۆلینکردن و پلەدانان.. بۆیە ماوە بڵێین: هەر کاتێک ئەدەبی تورکمانی ئەو بەربەستانەی لادا کە بوونەتە رێگر لە بەردەم ویست و داخوازییەکانمان ، ئەو کات دەتوانێ کولتوورێکی سەردەمییانە بنیات بنێ و رێگەی راست بگرێتە بەر لەنێو زەریای کولتوورەکانی تردا و بەبڕوا بەخۆبوون و بەتواناوە بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر هەر رەوتێکی سڕینەوە و پەراوێزکردن.. پێویستە لەسەرمان وشەی تورکمانی بگەیەنینە بەرامبەر و هەمیشە هەر کولتوور...

بەتەنیا خۆریات بەس نەبێت لەسەر حیسابی ژانرەکانی تر، چونکە ئەدەبی تورکمانی بەتەنیا خۆریات نییە...

سەرچاوە: کۆواری (یورد) ژمارە ١٠ ئایاری ٢٠٠٧

ناساندن

# ئاشناییيەكی كورت بەژیان و بەرهەمەكانی عەلی ئەشرەف دەروێشیان

وەرگێڕانی بەدەسكارییەوە: ئازاد نەجم




عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری كرماشان هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی ١٣٣٧ دوای تەواوكردنی خوێندن، بەپیشەی مامۆستایی و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دێهاتەكانی گەیلان غەرب (اسلام اباد)، وانە دەڵێتەوە. لە تەمەنی منداڵییەوە، هاوكات لەگەڵ خوێندندا، لەگەڵ زۆر كاردا دەستوپەنجەی نەرم كردووە. لە ساڵی ١٣٤٥دا دەچێتە زانكۆی تاران و لە بەشی ئەدەبیاتی فارسی درێژە بەخوێندن دەدات و سەركەوتووانە قۆناغەكانی خوێندن دەبڕێ. لە ساڵەكانی ١٣٥٠ تا ١٣٥٧ بەهۆی نووسینی كۆمەڵە چیرۆكی (لەم ویلایەتە) و هەڵسووڕان و چالاكیی سیاسییەوە، سێ جار دەسگیر دەكرێت و دەخرێتە گرتیگەوە و مافی نووسینی لێ زەوت دەكەن و لە جاری

سێیەمی بەندکردنیشیدا فەرمانی یازدە ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێ و دوای تەواوکردنی شەش ساڵ، بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕزگار دەبێت. بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانگەلێکی وەک ئینگلیزی، فرەنسی، ڕووسی، ئەڵمانی، عەرەبی و ئەرمەنی و لەم دواییانەشدا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فینلاندی.

بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆکدا بریتین لە: لەم ویلایەتە، ئاشۆرا، وەرزی نان، لەگەڵ گۆرانییەکانی باوکمدا، چیرۆکەکانی زیندان، ژووری تاکەکەسیی ژمارە هەشت، گەورەیی، ساڵە هەورییەکان، لە نەدارییەوە تا دارایی، هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکان، چوار کتێب.

لە بواری نووسینی چیرۆکی منداڵانیشدا خاوەنی بەرهەمەکانی وەک: هەوری ڕەشی هەزار چاو، ڕەنگینە، کەی دەگەڕێیەوە برا گیان، ئاگر لە کتێبخانەی منداڵان و چەندانی ترە...

لە بوارەکانی فەرهەنگ و کولتووردا چەند بەرهەمێکی وەک: پەند و ئەفسانە کوردییەکان، فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەلانی ئێران، کە ئەمەیانی بەهاوکاریی ڕەزا خەندانی مەهابادی تەواو کردووە و خۆی لە بیست بەرگدا دەبینێتەوە. جگە لە نووسینی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و دوو کتێبیش لەبارەی بەرهەمەکانی سەمەدی بەهرەنگییەوە.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە پێشەکییەکەی کۆمەڵە چیرۆکی هەتاودا لەبارەی دەروێشیانەوە دەنووسێ: "زۆربەی خوێنەرانی کورد چیرۆکنووسێکی پایە بەرز و پێشکەوتنخوازی ئازەربایجانی ئێران بەنێوی سەمەدی بەهرەنگی دەناسن کە بیر و قەڵەمی خۆی بۆ خزمەت بە چەوساوەکان و لەوەش واوەتر بۆ پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانەی منداڵان تەرخان کردبوو. بەڵام ڕەنگە کەم کەس لە خوێنەرانی کورد، چیرۆکنووسێکی شۆڕشگێڕی کورد لە ئێراندا بەنێوی (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) بناسن. کە ژیان و بەسەرهاتی زۆر لە سەمەدی بەهرەنگی دەچێت. ئەویش نووسەری هەژاران و چەوساوەکانە، ئەویش دەرد و داخی ستەم لێکراوان دەردەبڕێ و دەیەوێ منداڵان بەرۆحێکی شووڕشگێڕانە پەروەردە بکرێن. ئەو دۆست و هاوڕێ و هاوبیری سەمەد بووە. نووسینەکانی کاریگەریی سەمەدیان پێوە دیارە و دەکرێ بڵێین ئەویش سەمەدێکی ترە. ئەویش وەک سەمەد نەیتوانیوە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێت و لە ئاکامدا هەموو نووسینەکانی بەزمانی فارسین. بەڵام بەشی هەرە زۆریان ئاوێنەی باڵانوێنیی ژیانی نێو کۆمەڵی کوردەواری و تەنانەت هەندێک جار، کەم تا زۆر باس لە ستەمی نەتەوایەتیش دەکات*".

دەروێشیان لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا کە لە زمانی مامۆستایەکەوە دەگێڕدرێتەوە نیشاندەری ئەو پشتیوانی و هاوسۆزییە کە دەروێشیان لەگەڵ خەڵکانی هەژار و بەشمەینەتدا هەیەتی.

یەکێک لە قوتابییەکان، بەنێوی نیاز عەلی کوڕێژگەیەکی بەردەوام نەخۆش و بیمارە، لە پۆلی دووی سەرەتاییە و لە وانەکانیدا بەباشی دەچێتە پێش. ئەو ناتوانی لەگەڵ منداڵەکانی تردا بکەوێتە یاری کردن، چونکە هەر کاتێک یاری دەکات، کۆخەیەکی توند دەیگرێ و خوێن



هەڵدێنێتەوە. تاکە هۆکاری یاریکردنی نیاز عەلی ئەو تۆپەیە کە لە کاغەزی نوسراو، دروستی کردووە. هەلومەرج و گوزەرانی ماڵەوەیان خراپە و کاغەزی فڕێدراوی نێو تەنەکەی خۆڵەکان بۆ نووسینەوەی وانەکانی بەکار دێنێ.

هەمیشە کاتێ بەیانیان ناوی منداڵەکان دەخوێندرێتەوە نیاز عەلی ئامادەیە و کاتێ مامۆستا دەڵێ: نیاز عەلی نەدار، ئەم ڕادەچەنێ و بەشەرمەوە لە کاتێکدا ئەو قەڵەم و دەزووە دەشارێتەوە کە بەکراسەکەیەوە دووریوە، بەدەنگێکی کزۆڵەوە دەڵێ: بەڵێ.

ڕۆژێکیان مامۆستاکەی لەنێو پۆلدا هەڵی دەستێنی و ئەو کاغەزەی پێ دەخوێنێتەوە کە لە بریی شووشە بەپەنجەرەی پۆلەکەوە چەسپاندوویانە.

ئەویش بەدروستی بێ هەڵە دەیخوێنێتەوە: چاکەتی دووسەد و پەنجا تمەنی لە تاراندا هەڕاج کرا.

باوکی نیاز عەلی بێکارە و دایکیشی پێشتر ڕۆژانە بەبیست و پێنج قڕان لەلای مەشهەدی باقر کاری (تەقاندنی فستەق)ی کردووە و ئێستا بەهۆی کەوتنی ددانەکانیەوە، لە ماڵێدا دانیشتووە و بێکارە. برا گەورەکەشی ساڵێ پێشتر لە کاتی کارکردندا کەوتووەتە ژێر خاک و خۆڵەوە و مردووە.

ڕۆژێکیان مامۆستا داوا لەقوتابیەکان دەکات خەونەکانیان بگێڕنەوە. نیاز عەلی خەونەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە خەونیدا لەگەڵ باوکیدا بوونەتە چۆلەکە و بەنێو ژوورێدا هەڵفڕیون و چۆن دایکی سەرەتا پێ دەکەنێ بەڵام دواتر دەست بەگریان دەکات و لە ناکاو هەژدیهایەکی گەورە خۆی بەژوورێدا دەکات و دایکی بەبینینی هەژدیهایەکە زارەترک دەبێت و هاوار دەکات: ئەی هاوار مەشهەدی باقر هات.

مەشهەدی باقر خاوەن کارە و دایکی نیاز عەلی لەلای ئەو کار دەکات. دایکی نیاز عەلی بەبینینی مەشهەدی باقر دەترسێت و خێرا چنگێک فستەق لە کۆشی خۆی دێنێتە دەرێ دەست بەتەقاندنیان دەکات و نیاز عەلی دەبینێ کە چۆن لە ئەنجامی تەقاندنی فستەقەکاندا خوێن بەپووکەکانی دایکیدا دێتە خوارێ. فستەقەکان لەنێو خۆیاندا بڕیار دەدەن لە ڕقی مەشهەدی باقر، نەتەقن و دەم نەکەنەوە. مەشهەدی باقریش کاتێ دەبینێ هەموو فستەقەکان دەمیان داخستووە و ناقەڵشێن تووڕە دەبێت و دەچێ دارێک لە فستەقەکان هەڵدەگرێ و دەیەوێ دارکارییان بکات بەڵام لەو کاتەدا بەرپێیەکانی پڕ دەبن لە ددانی کەوتوو و لەسەریان هەڵدەخلیسکێ و بەپشتدا بەردەبێتەوە. لە ئەنجامی بەربوونەوەی مەشهەدی باقردا فستەقەکان پێکەنین دەیانگرێ و دەم دەکەنەوە. مەشهەدی باقر ئیدی کەیفی ساز دەبێ و دەکەوێتە سەر ئەو فێڵەی کە چۆن کارێکی وا بکات فستەقەکان دەم بکەنەوە، هەر بۆیە دەست دەکات بەئەنجامدانی چەندین کار و کردەوەی سەیر سەیر وەک ئەوەی ملی درێژ دەکات بۆ ئاسمان و ئەستێران هەڵدەلووشێ و سەرمەقولاتان دەکا و چاوەکانی چەپ و چوێڕ دەکا. نیاز عەلیش بەبینینی ئەم کار و کردەوە گاڵتەجاڕییانەی

مەشـهـەدی باقری هەژدیها، پێکەنین دەیگرێ. بەهۆی پێکەنینەکەیەوە مەشـهـەدی باقر دەبینێ و ئیدی دەگاتە ئەو ئاکامەی کە هەموو ئەو کار و کردەوانە لەژێر سەری نیاز عەلیدان. بۆیە دەیەوێ بیگرێت. نیاز عەلیش کە لەو خەونەیدا بووەتە چۆلەکە، دەیەوێت لە پەنجەرەکەوە بفرێت و خۆی رزگار بکات، بەڵام لەو کاتەدا دەمی پەنجەرەکە بەخێرایی بچووک دەبێتەوە و نیاز عەلیش زۆر ترسی لێ دەنیشێ. ئیدی لەو کاتەدا یەکێک لە فستەقەکان دەبێتە باڵۆنێک و بەنیاز عەلی دەڵێ وەرە سەر پشتم با ڕاکەین. ئەویش لەسەر باڵۆنەکە دادەنیشێ و پاشان لە لوولەی سۆبەکەوە دەیباتە دەرێ و بەرەو ئاسمان بەرزی دەکاتەوە. لەو خەونەدا نیاز عەلی لە ئەستێرەکان نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت دانەیەکیان لێ بکاتەوە و بیهێنێتەوە بۆ دایکی تا بیکاتە ملی، بەڵام لەو کاتەدا



قاچی هەڵدەخلیسکێت و سەرەوبن بەردەبێتەوە و وردە وردە شۆڕ دەبێتەوە خوارێ و دەبینێ ئەوا باوکی خەریکی گرتنەوەی قوری سواقە و نیازی هەیە سەربانەکەیان سواق بدات. لە ئەنجامدا دەکەوێتە نێو قوری سواقەکەوە و وەخەبەردێ و دەبینێ سەربانەکەیان لە ئاستی سەری ویدا دڵۆپان دەکا.

دوا بەدوای گێڕانەوەی خەونەکەی، هەموو قوتابییەکان پێ دەکەنن و چەپڵەی بۆ لێ دەدەن.

چەند ڕۆژ دواتر کاتێ مامۆستا دێتەوە نێو پۆل و نێوی منداڵەکان دەخوێنێتەوە، کاتێ دەگاتە سەر نیاز عەلی، منداڵەکان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن ئامادە نییە. کاتێ مامۆستا لە هۆکاری نەهاتنەکەی دەپرسێ، منداڵەکان لە وەڵامدا دەڵێن: دوێنێ ئێوارێ، بەدەم گوتنەوەی ئەستێرەم

دەوێ، ئەستێرەم دەوێ بۆ دایکم، لەسەرمان مرد.

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی خەمگینیی کوڕیژگەیەکە کە هەژاری و نەداری بڕستی لە خۆی و خێزانەکەشی بڕیوە و لە هەمان کاتیشدا لە شارەکان چاکەتی دووسەد و پەنجا تمەنی دەفرۆشرێ. جیاوازییەکی بەرچاوی چینایەتی لەم چیرۆکەدا بەدی دەکرێ. پەنجەرەکانی قوتابخانە بەو سەرمای زستانە شووشەیان پێوە نییە و ڕۆژنامەیان تێ گرتوون. منداڵەکان بەو سەرمایە لە ڕێگەیەکی دوورەوە بە ڕەنج و کوێرەوییەکی زۆر خۆیان دەگەیەننە قوتابخانە، جلوبەرگەکانی نیاز عەلی کۆن و دڕاون و دەفتەری نووسینی نییە و کاغەزی نێو تەنەکە زبڵەکان کۆ دەکاتەوە بۆ نووسین.

خستنە ڕووی ئەم ڕاستییانە، هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو دێرەی سەر ڕۆژنامەکە و گێڕانەوەی خەونە سیمبولییەکەی نیاز عەلی، نیشاندەری پشتیوانیی نووسەرن لە منداڵانی هەژار و خەڵکانی هەژار و کەمدەرامەت.

دەروێشیان بۆ خۆی لەبارەی نووسینی ئەم چیرۆکەیەوە دەڵێ: لە ڕاستیدا ئەوە زیندانی کرماشان بوو وای لێ کردم ئەو چیرۆکە بنووسم. لە ساڵی ۱۳۵۰ لە کەنگاوەری کرماشان دەسگیر کرام، لەوێدا سەرگەرمی کۆکردنەوەی ئەفسانە کوردییەکان بووم، شەوانە لە چایخانەکاندا دەنوستم و پۆلیس ناسیمیانەوە و ڕادەستی ساواکیان کردم... دوای تێپەڕینی قۆناغی لێکۆڵینەوە توانیم لەنێو زیندانییە ئاسایی و سیاسییەکاندا جێگەی خۆم بکەمەوە و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژەکاندا و ئەزموونی ژیانی ڕابردووم، لە ناکاو لەو گۆشە دڵگیرە، دوور لە چاوی سیخوڕان، ڕقی خۆم لە ڕێی قەڵەمەکەمەوە ڕشت و چیرۆکی نەدارم نووسی.

سەرچاوەکان /http://sekkeyedolateeshgh.parsiblog..com

کۆمەڵە چیرۆکی هەتاو، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە ١٩٨٦

## محەمەدی مەلا کەریم:

# قوتابخانەی شیعریی گۆران و شێرکۆ دوو قوتابخانەی زۆر لێک جیاوازن

سازدانی: سەباح ئیسماعیل

٢ لە ٢



* بە ڕای ئێوە باشترین ڕێگە بۆ دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی چییە؟ ئاخۆ ئێوە وای بۆ ناچن کە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو لێک نزیک نابنەوە و زمانێکی یەکگرتوویان لێ دروست نابێت؟



محەمەدی مەلا کەریم

– من لام وانییە تازە هەرگیز زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک دێ. کوردی، عەرەبی نییە خوا قورئانێکی ناردبێ و دەسەڵاتێکی ئیسلامیی دروست کردبێ هەموو ناوچە عەرەبی زمانەکان و دەوروپشتیان بگرێتەوە و لە ڕێگەی کولتووری ئەو ئاینەوە دیالێکتی قورەیشی خێڵی پێغەمبەری ئاینی ئەو دەستەڵاتە ئیسلامییە بەسەر هەموو دیالێکتە جیاجیاکانی ئەو زمانەدا زاڵ ببێ و یەک زمانی فەسیحی عەرەبی ببێ بەزمانی ئەدەبیی هەموو میللەتانی عەرەب.

زمانی یەکگرتوو لە ڕێگەی دەوڵەتی سەرانسەری و پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی سەرانسەری و کولتووری سەرانسەریی نەتەوە گرەوەوە پێک دێ، ئەویش لە کاتێکدا کە هەر کام لە دیالێکتەکانی نەتەوە بەشێکی نەتەوەی بەجۆرێکی وا دانەگرتبێ وەک زمانی نەتەوەیی لێ هاتبێ بۆ ئەو بەشەی نەتەوە کە بەو دیالێکتە دەدوێ. ئەمڕۆیش نە ئەو دەوڵەتە سەرانسەرییە هەیە و، نە ئاسۆی سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتە دیارە و، نە ئەو پێوەندیی ئابووری و بازرگانییەییش، تەنانەت لەناو یەکەیەکەی پارچەکانی وڵاتی نەتەوەدا هەیە.

ئەوەتا ئێستا سۆرانی و بادینانییەکەی کوردستانی خواروو لە ڕێگەی ناوچەگەرییەوە لە قوتابخانەو میدیا و هۆیەکانی تری کولتووردا خەریکە دەبن بە دوو زمان و هەردوولایش و کاربەدەستانیش پەیتاپەیتا باسی زمانی یەکگرتوو ئەکەن. من لام وایە ئەگەر خوا بکا زمانەکەمان بە دابەشبوونەوە تەنها بەسەر کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خوارووڎا بوەستێ و گۆرانی و لوڕی و کەلهوڕی و زازایی و هی تریشی نەیەنە پاڵ و لە دوو زمانی ڕەسمی زیاتری لێ پێک نەیەت، من مەمنوونی خوام و سوپاسی زۆری دەکەم. ئاخر چۆن زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی پێک بێ؟ ئێمە ئێستایش فەرهەنگێکی پڕ بەپێستی هیچ دیالێکت و وردە دیالێکتێکمان لە دیالێکتەکانی زمانەکەمان هەر لە بنەڕەتەوە و بە هیچ جۆرێک نییە و, لە ئەنجامی ئەم ڕاستییەوە فەرهەنگێکی سەرانسەریمان نییە وشەکانی هەموو دیالێکت و وردە دیالێکتەکانی زمانەکەمان بگرێتەوە. ئیتر منێکی بە کرمانجیی خواروو دوو، چۆن واتای وشەکانی هەر کام لە دیالێکتەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سووریا و بادینانەکەی لای خۆمان بزانم و فێری ببم و بە بەکارهێنانیان لە نووسینەکانی خۆمدا هەنگاوێک بەرەو فێرکردنی وشەکانی ئەو دیالێکت و وردە دیالێکتانە بەو کەسانە بنێم کە نووسینەکانم دەخوێننەوە؟ ئێمە فەرهەنگێکی دیالێکتی گۆرانمان نییە، ئەو کەلەپووره شیعرییە دەوڵەمەندەی پتر لە هەزار ساڵ بەم دیالێکتە وتراوەی پێ ڕاست بکەمەوە. ئیتر زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو چۆن دروست دەبێ؟

ئەگەر بێتو بەر لەوەی دەوڵەتێک یا چەند دەوڵەتێکمان بۆ پێک بێ کە لەسەر یەکپارچەیی زمانی کوردی سوور بن و دیالێکتێک لە دیالێکتەکانی زمانەکەمان لە قوتابخانەکاندا داسەپێنن، یا تەواوی مافە کولتوورییەکانمان بێ پێکهاتنی دەوڵەت وەربگرین، کە ئەوەییشم لا شتێکی زۆر دوور و نەگونجاوە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا کە خەڵکەکەی بیانەوێ کاروباری کولتووری و بەڕێوەبەریان بە زمانی کوردی بەڕێوە بەرن، دیالێکتی خودی ئەو بەشە ئەکرێ بە زمانی ئەدەبیی

یەکگرتووی و، خوێندن و راگەیاندن و کاروباری بەڕێوەبردن بەو دیالێکتە دەبێ بە باو و ئیتر کەس ناتوانێ ئەو دیالێکتە لەگەڵ دیالێکتە کوردییە جیاوازەکانی تردا یەکخاتەوە و، ئەو کاتە دەبینی وردە وردە چەندین زمانی کوردیی جیاجیا بۆ پێنووسین و پێخوێندن و پێڕاگەیاندن و کاروبار بەڕێوەبردن دێتە ئاراوە و جێی خۆیان دەگرن و، ئیتر مەگەر هەر بە خەیاڵ و خەوی خۆشی باس زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی سەرانسەریی کوردی بکەین، دەق وەک چۆن دەوڵەتی سۆڤیەت لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتدا ئەوەندە قووڵ بە دان پێدانانی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی وڵاتی سۆڤێتدا ڕۆ چووبوو هەر کام لە دیالێکتەکانی زمانی تورکی (یا تورکمانی)ی کرد بە یەکێک لە بنەماکانی دروستکردنی کۆمارە بە بنەچە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەرفەتی ئەوەی نەڕەخساند بەکردنی شایستەترینی ئەو دیالێکتانە بە بنەمای پێکهاتنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی لە هەموو ئەو کۆمەڵە بە بنەچە تورکانەدا و، نەیهێشت کۆمارێکی یەکگرتووی تورکیان لێ پێک بێ.

بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان. سەرۆکی ئێستای حکوومەتی کوردستان بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆشکی کۆڕی زانیاری کوردستاندا بەجەختەوە لە پێویستیی پێکهاتنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دوا. بارزانیی گەورەی ڕەحمەتیییش کاتی خۆی کە پاش ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئادار خوێندنی سەرەتایی و ناوەندەی و ئامادەکاری لە کوردستاندا دەکران بە کوردی، بەجەختەوە لەسەر بە یەک دیالێکت خوێندن لە سەرانسەری کوردستاندا کە بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو بوو، زۆر سوور بوو. بەڵام وا ئێستا دەبینین لە دەڤەری بادینان منداڵ بە دیالێکتی کرمانجیی سەروو دەخوێنن. کەواتە بۆمان هەیە پرسیار بکەین.. ئەی ڕێبازەکەی بارزانیی ڕەحمەتی و ئەوەی سەرەکی وەزیرانی ئێستای هەرێمی یەکگرتووەی کوردستان فەرمووی، چیتان بەسەر هات و بۆ پشتگوێ خراون؟ کێ بوو خستنیە پشتگوێ؟ نەک هەر ئەمە، بەڵکو وا دەبینین نووسینی کوردی بە پیتی لاتینییش بە خشکە هەر لەم دەڤەرەدا جێ بەنووسین بەپیتی عەرەبی بۆ کوردی ڕام کراو لێژ دەکا و جێگەی دەگرێتەوە.

بۆیە، من ئێستا هیچ تروسکاییەک ڕۆشنایی لەسەر ڕێگەی خەبات بۆ جێگیرکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیدا بەدی ناکەم و، وەک وتییشم، مەمنوونی خوام ئەگەر زمانی کوردی لە دوو زمان زیاتری لێ دەرنەچێ!

* زۆربەی زۆری ئەو نووسەرانەی خەریکی چیرۆک یا ڕۆمان یا لێکۆڵینەوە یا مێژوونووسی بوون، سەرەتاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ شیعر. بەڕێزتان یەکێکن لەوانە. من وای بۆ دەچم شیعر دادەمێنێ و ناتوانێ بەبەردەوامی وەڵام بۆ هەموو شتەکان بداتەوە. هەر لەبەرئەمەشە نووسەران لە پڕ لێی هەڵدەگەڕێنەوە و ڕووەو بوارێکی تر هەنگاو دەنێن. تۆ دەڵێی چی؟

– من هەرچەند سەرەتام بە شیعر دەست پێ نەکردووە، وەک تۆ دەڵێیت ئەوپەڕەکەی هەر ئەوەندەیە لەوانەیە لە سەرەتادا وردە وردە شیعرییشم نووسیبێ و، ئاماریکییشم لەبارەی ئەو زانستییە نییە تۆ دەرت خستووە لە بەردەستدا نییە تا بزانم وایە یان نا، ڕازی پرسیارەکەییشت بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کەوا شیعر نووسین–بەڵام شیعری هەڕەمە و هەر بەناو شیعر و بێ سەروبن، لە پەخشان نووسین ئاسانترە و یەکەمین جۆری کاری ئەدەبییە کە مرۆ بەختی خۆی تێدا تاقی کردبێتەوە، چونکە لە سەردەمێکدا کە نووسین هێشتا نەدۆزرابووەوە و نەبوو، هەر شیعر بوو بە لەبەرکردنی و توانی نەهێشتی فەوتان و لەناوچوونی، دەتوانرا مانەوەی بۆ دەستەبەر بکرێ. لەمەیش بەولاوە، لە شیعری هەڕەمەدا واتا مەبەست نییە. هەر ئەوەندە بەسە کە سەروبنی شیعرەکە وەک یەک و هاوجووت بن. ئەمە یەک. دەشڵێن کورد هەموو لە مادەزادەوە شاعیرن. بۆیە دەبێ هەموو کەس بەختی خۆی لە سەرەتای ژیانیدا لە شیعر وتندا تاقی بکاتەوە. ئەمەیش دوو. جا کە شیعری هەڕەمە هیچی پێ نەما، مرۆ ئەگەر خۆی لە ڕاستیدا شاعیر نەبوو و شک دەکا و بۆ خۆی، ئەگەر تۆزقاڵێک ئینساقی هەبوو، بەر لە هەر کەسێکی تر، هەست بەبێ مایەیی خۆی دەکا و دەستبەرداری سواری کۆڵی شیعر بوون دەبێ و کارێکی تر بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. ئەگەر پەخشانی پێ نووسرا ئەوا دەبێ بەچیرۆکنووس یا ڕۆماننووس یا شانۆنامەنووس یا بنووسی جۆرێکی تر و، ئەگینا لەوانییشدا دەستی لە بنی هەمانەوە دەردەچێ.

بێینەوە بۆ سەر پرسیارەکە. بێگومان شیعر ناتوانێ بە فریای هەموو جۆرە مەبەستێکی نووسیندا بگات. مرۆ ئەگەر بەهرەی نووسینی جۆرە کارێکی ئەدەبیی تێدا بێ، بۆ خۆی رازی نابێ بەهرەکەی لە تەنیا شیعر نووسیندا قەتیس بمێنێ و پەل بۆ یەکێ یا زیاتر لە جۆرەکانی ئەدەب دەهاوێ. ئێمە زۆر شاعیر دەناسین، وەک شیعر دەنووسن، شانۆنامە یا چیرۆک یا ڕۆمانیش دەنووسن. شیعر مەگەر شیعری فێرکردنی منداڵان و قوتابیان بێ کە لە سەدەکانی پێشوودا باو بووە و ئێستایش جاروبار لە کتێبی منداڵانی قوتابخانەدا دەیبینین، ئەگینا بابەتگەلی وەک ماتماتیک و فیزیا و کیمیا و هی تر، بە هیچ کلۆجێک ناکرێ بە شیعر بنووسرێن. ئەمە تەنیا لە کۆمەڵانی پاشکەوتووی وەک کۆمەڵی ئێمەدایە شیعر لە هەموو کاسەیەکدا کراوە بە کەوچک، ئەگینا شیعری ڕاستەقینە و پڕ بەهرە و تەڕ و پاراو دەبێ بۆ باسی سروشت، بۆ پێدا هەڵدانی ئافرەت و جوانی، بۆ دڵداری تەرخان بێ. بۆ ڕازی دەروون، بۆ پەند و حیکمەتی بەرز و باڵا بخرێتە کار و بوترێ.

* زیاتر خوێندنەوەت پێ باشترە یا نووسین، یا ڕاتان وایە نووسەرێک کە پێ گەییشت کاتی زیاتر بۆ نووسین تەرخان بکات؟

– خوێندنەوە کارێک نییە هیچ ڕۆشنبیرێک بتوانێ هەرگیز وەلای بخا، بنووس بێ یا نە. ڕۆشنبیر ئەگەر هەموو کات شوێنپێی هەر شتێکی نوێ هەڵنەگرێ کە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا

پەیدا دەبێ، لە کاروان دوا دەکەوێ و ئەو ئەندازە رۆشنبیرییەی هەیەتی بەشی لەوەپاشی ناکاو لە شوێنی خۆیدا قەتیس دەمێنێ. ئەمە لەبارەی کاری خوێندنەوە و خۆ زیاتر رۆشنبیرکردنەوە. جا ئەگەر هاتوو توانی نووسین یا شیعر وتنییشی هەبوو، دەبێ ئەو توانەییشی بخاتە کارو پەیتاپەیتا کەڵکی لێ وەربگرێ لە هەر بوارێکی کاری نووسیندا بێ، زۆر حەیف و مخابن دەستبەرداری ئەو توانەی ببێ و لێی بگەڕێ. هەرچی ئەوەییشە کە زۆری کاتی بۆ خوێندنەوە تەرخان بکا یا بۆ نووسین، ئەوە هەڵکەوتی ژیانی کەسەکە خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

نووسین وەنەبێ کارێک بێ بنووس هەر کاتێ ویستی، دەستی بداتێ. نووسین و هەروەها شیعر وتن، پێویستی بەوە هەیە بنووس یا شاعیر کەڵکەڵەی نووسین یا شیعر وتن لە کەللەی دابێ و لە باری دەروونی و میزاجەوە بۆی ئامادە بووبێ و نووسین یا شیعر وتنەکەی بۆ دەستەمۆ بووبێ و توانی کردنی ئەو کارە لێشاوی لە دەروونیدا کردبێ، ئەگینا بەرهەمەکەی کاڵ و کرچ و بێ پێز دەبێ. وا دەبێ بنووس یا شاعیر ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێ دەپەڕێ نە هیچی لەو ماوەیەدا بۆ دەنووسرێ نە هیچ شیعرێکی تێدا بۆ دەوترێ. بە کورتی ئەم مەسەلەیەی هەڵاوێردنی هەر کام لە خوێندنەوە و نووسیندا بەسەر ئەویاندا کارێک نییە کەسێک لەلاوە بڕیاری تێدا بدا و بەستەیە بە وەزعی دەروونیی رۆشنبیرە خوێنەرەوە یا بنووسەکەوە. ئەوەی کەسێک بۆی هەیە قسەی خۆی تێدا بکا ئەوەیە رۆشنبیر ناتوانێ دەستبەرداری هیچ کام لە خوێندنەوە و نووسین ببێ و یەکێکیان بە تەواوی بخاتە ئەولاوە ئەگەر نەیەوێ لەو لایەنەوە مایەپووچ و دەستخەڕۆ ببێ.

* پێت وایە لە رێگەی (دیوانی نالی)یەوە نالیتان گەیاندە پلەی نەمری؟

- دیوانی شاعیرانی وەک کوردی و نالی و مەحوی و شێخ رەزا و حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی تری وەچەی پێشووی قوتابخانەی شیعریی بابان کە هێشتا شیعرە رووتەکانی زۆریان بەتەواوی یا بە ناتەواویش بڵاو نەکراونەتەوە، دەبوو هیچ نەبێ سەد ساڵ لەمەوپێش شەرح بکرانایە و لێک بدرانایەتەوە و لایەنە رەوانبێژییەکان و هێما ئاینی و مێژوویییەکانیان دەربخرانایە و روون بکرانایەتەوە، واتە کاتێک کە کوردستان هێشتا پڕ بوو لە مەلای لەو جۆرەی ئەم بابەتانەیان بەباشی دەزانی و لە بەردەستیاندا وەک ئاوخواردنەوە وابوو، نەک دوا بکەوێ بۆ ئەم چەرخە کە بە دەگمەن مەلایەکی وەک باوکی رەحمەتیمی تێدا مابوو ئەم جۆرە بابەتانە بەباشی بزانێ و لێی ئاگەدار بێ. من دڵنیام لەوە کە ئەگەر باوکم تا رادەیەک بە چەشنی ئەدەبیی خۆی و تا رادەیەکی تریش بە هاندان و پشتگیریکردنی من و فاتیحی رەحمەتیی برام و بە یارمەتیی ئەوەوە کە شوێنی گونجاو و بۆ لواوی وەک تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووکی لە بەردەستدا بوو دیوانی مەولەویی تێدا شەرح کرد و پاشانیش قوتابخانەی حەزرەتی غەوس لە بەغدا کە دیوانی نالی و مەحوی و سالم و بێسارانیی تێدا شەرح کرد و من و فاتیحی برامی لە بەردەستدا بوو یارمەتیمان دەدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پیرۆزانەی و بۆ گەلێ کاری تری لە بواری ئاین و مێژوو و

کۆمـەڵایەتیـدا وەک نووسـینی دوو بـەرگ (یادی مـەردان) و بەشـێک لە تەفسـیـرەکـانی قـورئان و چەندین کتێبی تر و کەسـانی وەک شێخ مـحـەمەد قـەرەداغی و دوکتۆر مـحـەمەد گـەزنەییش کە لە بەچاپ گەیاندنی چەندین کتێبی تریدا یارمەتیمان دا..

بەڵێ، ئەگەر باوکم نەبوایە کە ئەو بارودۆخەی بۆ هەڵکەوتبوو کە ئێستا باسم کرد من دڵنیام دیوانی نالی و مـــەحـــوی نەک هـەر شـــەرح نـەدەکـــران و بەباشـی نەدەزانـران، بگرە تـەنانـەت تێکستەکانییشیان ڕاست نەدەکرانەوە و، لەوانەیە بڵێم بەو هۆیەوە دیوانەکانییشیان دەکەوتە حـوکـمـی نـەبووەوە، هـەتا وەکـو ئـەگـەر لـە دواڕۆژدا خـوێندەواری لە چەشنی مـەلا چاکـە پێشینانەکانییشمان پەیدا بن کە ئەوەیش لە خەیاڵێکی ڕووت دەچێ. ئەم قسانەییشم لەوەوە دەکەم کە ڕۆشنبیری کوردی ئەمڕۆ فرێ بەسـەر بەڕاستی خوێندنەوە و زانین و تێگەییشتنی ئەم جۆرە شیعرە قووڵە مەلایانەوە نییە و بە هەزار حاڵ کەسێکیان تێدا هەڵدەکەوێ چەردەیەک لەم جۆرە شـیـعـرانـە تێ بگا چ جـای ئـەوەی کـە بتـوانێ ڕاسـتـی بکاتەوە و لێکی بداتەوە. بۆ نموونە یەکێکی وەکو مەلا شوکور نەبوایە ئەو تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردییە بزانێ کە ئەو دەیزانی و ئەو کـولتـووری مـەلایانە و ئیـسـلامـیـیـەی ببێ کـە ئەو هەیبـوو و ئەو یاریکردن بەو وشـانە شی بکاتەوە کـە شـێخ ڕەزا لە شـیـعـرەکـانیـدا کـردوونی و ئـەو شـیـی دەکـردنەوە، کـام ڕۆسنیـیـری ئەم سـەردەمـە شـەرحی دیوانی شـێخ ڕەزای بەو جـۆرەی کـە مـەلا شـوکـور کـردوویەتی، دەخـسـتـە بەردەستمان؟

بۆیە من بـەجـەتەوە دەڵێم: ئەو کـارەی پاش بەهرەمـەندیی خـودی نالی و مـەحـوی و، بـەر لە هـەر کـەس باوکم و پاش ئەویش کـاکـە فـاتیـحـم و ئەنجـا بـەندە لە بواری لە خـوێندنەواران گـەیاندنی شیعری ئەو کەڵەشاعیرانەی کوردا کردوومـانە، نەمری و مـانەوەی هەمیی‌شەیی بۆیان دەستەبەر کردووە و، هیـوام وایە، ئـەگـەر عـومـری ئەمـانەت باقی بێ، ئەمسـاڵیش ئەنجـامـی ڕەنجـمـان لەگەڵ دیوانی سالمی ساحێبقڕان و، ساڵێکی تریش لەگەڵ بێسارانی، بخوێننەوە.

من، وەکو لە پێشییشـەوە وتم، دەڵێم دەبوو شیعری نالی و مەحوی و شاعیرە هاوبابەتەکانیان، هیچ نەبوایە سەد ساڵێک لەمەوپێش لەلایەن چەند مەلای ئەدەبیاتزانی کوردەوە شەرح بکرایە، وەک شیعری شاعیرانی مەزنی گەلانی پێشکەوتووی موسڵمان شـەرح کراوە. ئەگەر ئەو کارە لەگەڵ ئەو شـاعیرانـەی شیـعری قـوتابخـانەی بابان و، شـیـعری سەدان سـاڵەی دیالێکتی گۆران و، شیـعری شاعیرانی کرمانجیی سەروو بکرایە، بۆنە و هۆی دانانی زۆر لە شیعرەکانییشیان دەنووسرا کە دیوانەکـانیـان گرتوویاننەتە دووتوێی خۆیان و، ئـەو کـاتە زانـایانی کـۆمـەڵایەتـی و دەروونناسـی و زمانەوانی و مـێژووی ئەمڕۆمـان دەیانـتوانی لەبەر ڕووناکیی کارەکانی ئەوان و لێکۆڵینەوەیان و ڕاڤەکانی شیعرەکانیاندا بێن کاری زانستیی سەردەمی خۆیانیان تێدا بکەن.. ئەو کاتە جزیری و خـانی و فـەقێی تەیران و، نالی و سالم و مـەولەوی و مـەحـوی و شێخ ڕەزا و، بێسـارانی و خـانی و سـەیدی و چەندانی ترییش، شان بەشـانی حـافز و سـەعدی و عـەبدوڕەحمـانی جامی و جـەلالەدینی

ڕۆمی و موتەنەببی و بوحتوری و ئەبوتەمام و ئیبنو عەرەبی و ئیبنولفاریز و شاعیرانی تری فارس و تورک و عەرەب دەهاتنە کۆڕی شاعیرانی مەزنی جیهانی ئیسلام و لە ڕیزیاندا دەوەستان و، گەلی کوردیش شانازیی پێوە دەکردن.. ئەو کارە کرابایە، شیعری نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی چەندین قات لەمەی ئێمە و مەلا شوکور و هەژاری موکریانی کردوومانە، باشتر شەرح دەبوو و پوختەتر و ڕازاوەتر دەکەوتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد.. ئەو کاتە وەچەی شیعرو ئەدەبدۆستی ئێستا و چەندین وەچەی لەمەوپێشیشمان گەلێ گەلێ تێگەییشتووانەتر و پێگەییشتووانەتر لە ئێستا دەهاتنە کۆڕێ لە شیعر گەییشتن و شیعر هەڵسەنگاندن و شیعروتنییشەوە و، بارودۆخی ئەمڕۆی بزووتی شیعریمان نەدەگەییشتە ئەم ڕۆژە ڕەشەی ئەمڕۆی.. بەڵام گلەیی لە کێ بکەین؟ بۆچی مەلایانی کورد، خوا لێیان خۆش بێ، کە تاقە توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵاهەڵگری ڕۆشنبیری بوون لە کوردستاندا، هەر لەم بوارەدا کەمتەرخەمیی خۆیانیان بەرانبەر بە زمان و ئەدەب و مێژوو و تێکڕای کولتووری نەتەوەییی گەلەکەیان بۆ وەچەکانی پاش خۆیان بەجێ هێشتووە؟!

* تۆ لە یەک کاتدا لە چەند بوارێکی ئەدەبیدا دەنووسیت. ئاخۆ دابەشکردنی توانی نووسین لە پتر لە بوارێکدا، بابەتە سەرەکییەکانی تۆ ون ناکات، یان دەتەوێ لە هەموو ئەو بوارانەدا پێشبینیی خۆت دەربڕیت؟

– ڕاستت ئەوێ من تا ئێستا بابەتێکی وام بۆ خۆم، بەو پێیە کە بابەتی سەرەکیمە، دیاری نەکردووە بابەتەکانی تری پێ بخەمە خانەی پلەی دووەم و سێیەمەوە. من لە هەر کاتێکدا کە بە بابەتێکەوە خەریک دەبم، ئەو بابەتەم بۆ دەبێ بە بابەتی پلە یەکی ئەو کاتە. من تێکڕا حەز دەکەم لە بابەتی سیاسەتدا بنووسم. حەز دەکەم لە بواری ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبیی کوردیدا کار بکەم و جێ دەستم دیار بێ. حەز دەکەم لەبارەی بیری سۆشیالیستی و پێشکەوتخواز و نیشتمانییەوە بنووسم. چیرۆکی دەربڕی ئاوات و ئازارەکانی مرۆڤایەتی وەرگێڕمە سەر کوردی. بەگژی بیر و بۆچوونی کۆنەپەرست و پڕوپووچدا بچم، گەرد لە ڕووی پەندی پێشینانی کورد لادەم کە بە دەستووری ژیانی کوردی دادەنێم و هەموو ڕوویەکی ژیانی گرتووەتەوە. حەز لە ڕەخنە و دەمامک هەڵگرتن لە سیمای کەسان و لایەنی ساختەچی و خەڵک خەڵەتێن و بازرگانی بە ئاین و نیشتمان و بیری نەتەوەییکەرانەوە، هەڵماڵم. زۆر کتێبی وام خوێندووەتەوە حەزم دەکرد بتوانم وەریان گێڕمە سەر کوردی تا هاونیشتمانانی کوردیش دەستیان بیانگاتێ و بیانخوێننەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچم لەم بارەوە بۆ نەکراوە. بە زۆر بابەتی واییشەوە خەریک بووم کە ئێستا دڵنیام کاتەکەی خۆمم بێهودە و بەخۆڕایی تیادا لەدەست داوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ چارم ناچار بووە ئەو کاتە پێیانەوە خەریک ببم. ئەوەیش بزانە نامەوێ لە زۆر بواردا بەختی خۆم تاقی بکەمەوە و وەک دەڵێن لە هەموو کاسەیەکدا ببم بە کەوچک. وەک وتم بابەتی واییشم نووسیوە یا

وەرگێڕاوە ئێستا تا ڕادەیەک لێی پەشیمانم و دەڵێم بریا ئەو کاتەمم لە کارێکی تردا سەرف بکردایە، بەڵام ئەوەی چوو، چوو. ئەوەییشت لا ئاشکرا بێ هەرچیم نووسیوە کاتی خۆی بە نیازی پاک و خاوێن و لە دڵسۆزییەوە نووسیومە با بە هەڵەیش چووبم لە بۆچوونەکەمدا.

* ئاخۆ لە گەڕانەوەدا بۆ سەرەتاکانی خۆت، هەست بە ڕەزامەندی دەکەیت؟

– باوەڕ ناکەم کەسانێکی وا هەبن ڕێز لە بیر و بیرکردنەوە بگرن، کە بە مێژووی ژیانی خۆیاندا بچنەوە و بگەڕێنەوە دواوە، ئەگەر بۆیان بکرێ نەیانەوێ هەندێ، زۆر یا کەم، دەستکاریی بکەن و بەشێکی، دیسان کەم یا زۆری، لێ بگۆڕن و بەجۆرێکی بە خەیاڵی ئەو کاتی گەڕانەوەیان بۆ دواوە، باشتر، دای ڕێژنەوە. ئەگەر کەسانێکی وا هەبن و وا نەکەن، من لام وایە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ڕاست و دروستەوەن و بۆ ئەوە دەست نادەن بە کەسانێکی کاریگەر لە ژیاندا بدرێنە قەڵەم.

بۆیە منییش، ئەگەر بە تێکڕایی بۆ ژیانی ڕابردووی خۆم بڕوانم، لە هێڵی گشتیی ڕەوتی ژیانم پەشیمان نیم و بە مایەی شانازیی مێژووی خۆمی دەزانم، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو هێڵە گشتییەدا، ئێستا لە هەندێ کاری خۆم کردووم پەشیمانم و، ئەگەر بکرایە بگەڕێمەوە دواوە بۆ ساڵانی پەنجا کە ٢٠-٣٠ ساڵان بووم و، هەرچەند زۆریش لە تەمەنم بەسەر چووبوو، ئەو ساڵانە بوون هێڵی گشتیی ساڵانی لەوەپاشی ژیانمانیان تێدا دیاری بوون، گەڕامەوە دواوە و لە چوارچێوەی ئەو هێڵە گشتییەدا هەندێ دەستکاریم دەکرد.

با بێ پەردە قسە بکەم، چونکە ئەم پرسیارەم چەند جاری تریش لێ کراوە و، تێکڕایش هەر بەم جۆرەی ئێستا وەڵامم داوەتەوە، بەڵام بە ئەندازەیەکیش تەمومژەوە و، ئێستا دەمەوێ لە وەڵامی تۆدا، ئەوەندەی پێم بکرێ، ئەو تەمومژە ڕاماڵم، چونکە لە بیری خۆمدا وای بۆ دەچم و، لەوانەییشە بە هەڵە چووبم، ئەوانەی ئەو دیدارانەیان لەگەڵ کردووم و ئەم پرسیارەیان بەرەو ڕوو کردوومەتەوە، تێکڕا مەبەستیان ئەوە بووە بزانن دەڵێم چی: ئاخۆ لەوە پەشیمانم کە نیو سەدە پتر لەمەوپێش چوومەتە سیاسەتەوە و، بە دەستنیشانکراوی لەوە پەشیمانم کە چوومەتە حزبی شیوعییەوە و، ئاخۆ دەوێرم بڵێم: بریا نەچوومایە؟ ئەم بۆچوونەییشم.. ڕاست بێ وەک وتم یا هەڵە بێ – لەوەوەیە کە ئەو پرسیارکەرانە وا بیر دەکەنەوە گوایە من نە بۆ خۆم و نە بۆ گەلەکەم هیچ سوودێکم لەو کارەم دەستگیر نەبووە و، سەرەڕای ئەوەیش تێکڕای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بە سەنگ و ترازووی ئەوان، نشوستی هێناوە و، ئەنجامێکی ئەوتۆی بە جەماوەری خەڵک نەگەیاندووە و، هەر بەبۆچوونی ئەوان، سەرەنجام دیارە دەبێ منیش هەست بەم "ڕاستییە" بکەم و لەو ڕێبازەی لەو کاتەوە گرتوومەتە بەر پەشیمان بم، کە لاییشم وا نییە هیچی وا بێ کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە.

من کابرایەکم لەپاش بەندیکردنی یەکەم جاری ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٥٧مەوە لەناو خەڵکدا بە کۆمۆنیست ناسراوم. لە ١٩٥٩ییشەوە کە بووم بە یەکێک لە دەستەی بنووسانی ڕۆژنامەی

(ئازادی)ی لقی کوردستانی حزبی شیوعیی عێراق و لە ریزی ئەو چەندین کەسەدا ئیمزای خۆم دانا کە پشتگیریی رێگە پێدانی ئیجازەی قانوونیی حزبی شیوعییان کرد و، لە چالاکییەکانی لەمەوپاشم و لە گیرانی سالانی ١٩٦٤-١٩٦٧یشمەوە ئەوەندەی تر ئەم بەمجۆرە ناسرانەم جێگیر بوو. لەگەڵ ئەمەیشدا بە درێژاییی ژیانی رابردووم، لەو کاتەوە کە هاتوومەتە کۆڕی سیاسەتەوە, لای دەزگاکانی بەناو ئاساییشی چەرخەکانی رابردوو و لای ئەوانە نەبێ بە پیاوخراپ و زماندرێژ و گومانی راپۆرت نووسین لێکراو ناسراون، ئینکاریی ئەم وا ناسراوییەی خۆمم نەکردووە و هەردەم داکۆکیم لە چوارچێوەی بیر و بۆچوونی خۆم کردووە.

من لە سەرەتای ١٩٥٣وە لە رێکخراوەکانی حزبی شیوعیی عێراقدا کارم کردووەو چەند ساڵێک لەوەوپێشیش بڵاوکراوەکانیم خوێندووەتەوە. لە ئابی ١٩٥٥یشدا لە گرتووخانەی کەرکووک، لە کاتێکدا کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر لە بەعقووبەوە هێنابووینیان بۆ دادگایی سەرلەنوێ تەماشاکردنی دەعواکەمان (محکمە الاستئناف)، نامەی بەئەندام وەرگیرانی خۆمم لە حزبدا بەدەست گەیشت. لەو کاتەوە تا ئێستا هەرگیز بێ پێوەند نەبووم لەگەڵ حزب و هەرچەند ئێستا لە هیچ رێکخراوێکیدا کار ناکەم خۆم هەر بە ئەندامێکی دڵسۆزی حزب و هەڵگری بیر و بۆچوونی مارکسی و پڕ باوەڕ بە سۆشیالیزمی زانستی دەزانم و تا ئەم رۆژە نە لە حزب دەرچووم و نە ئەویش لە ریزەکانی خۆی دوور خستوومەتەوە.

ئەنجا با بێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت و، بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێ لەپێشدا چاوێکت بە چەند لایەنێکی ژیانی خۆمدا بۆ بگێڕمەوە تا بتوانم هەندێ لەو شتانەت بۆ باس بکەم کە لە ژیانی خۆمدا روویان داوە و لێیان پەشیمانم.

ئەو هێڵی ژیانەی باوکی رەحمەتیم بۆی دەستنیشان کردبووم، ئەوە بوو ببم بە مەلا. هەر بەم پێیەش خوێندنی حوجرەم لەسەر دەستی باوکمدا تەواو کرد. باوکم نە لە منداڵیدا هێشتی بچمە قوتابخانەی حکوومەتی و نە لە دوا قۆناغی فەقێیەتییشمدا کە کۆلێجی شەریعە لە بەغدا کرابووەوە و فەقێی دوا قۆناغی وەردەگرت، هێشتی وەک هەندێ فەقێی هاوتەمەن و هاوپلەم، بچمە ئەو کۆلێجە. بەو جۆرە لە خوێندنی هاوچەرخ بێبەش بووم. خوێندنی مەلایەتیم تەواو کرد، بەڵام لەبەر ئەوە کە نەمدەویست ببم بە مەلا ئیجازەی (دوازدە عیلم)م، وەک دەڵێن. وەرنەگرت. حەزی خوێندنەوەی کۆوار و رۆژنامە و کتێبی نوێ تێکڕای بیر و هۆشی داگرتبووم و، هەر ئەویش بوو سەرەنجام کردمی بە رۆژنامەنووس و پاشانیش لە رێبازێکی ئاینیی رۆشنگەراوە، وەک دەروێشێکی سەید جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و شێخ محەمەد رەشید رەزا کە ئێستایش ئەوپەڕی رێزم بۆ خۆیان و بیر و بۆچوونیان لەگەڵ جیاوازییشیان لە تاو خۆیاندا، هەیە. خستمیە سەر رێبازێکی عەلمانی یا عیلمانی. هەر لەم بوارەدا لە بیارەوە لە ١٩٤٩دا وردە بابەتم بە عەرەبی لە یەک دووانێ لە رۆژنامەکانی بەغدادا بڵاو کردووەتەوە. لە ١٩٥٠یشەوە دیسان هەر لە بیارە و لە هەمان ساڵدا بۆ ماوەی ساڵێک کۆوارێکی مانگانەی ئیسلامیی سیاسیم بە زمانی

عــەرەبی و بـەناوی (العـروه الـوثقی)وە و بـە یادی ســەید جــەمــالەدینی ئـەفـغـانی کـە هـەر ناوی کۆوارەکـەیم بیسـتبـوو و تاقە دانەیەکیم بـەرچاو نەکەوتبوو، بـە تەنیا یەک دانە دەردەکرد کە هەر بۆ خـۆمم دەنووسی و دەنووسـیـیـەوە و، سـەیر ئـەوەیـە پێشـانی کـەسـیـیشم نـەدەدا و، لـەبـەر کـاریگەریی ترس لە تیرۆریزمی حکوومـەتی، کـە ئـەودەمـە زۆر توند بوو، لە کونەکەڵەکەکانی دیواری خـانەقـا و حوجرەی فەقێکاندا دەمشاردەوە. کۆوارەکەم دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سیاسەتی میری بوو، بۆیە لام وابوو مـیری پێم دەزانێ و کـاتێک زانی لەسـەر ئەوە دێنـە سـەرم. لەبەر ئەوە بوو پێـشـانی کەسم نەدەدا و لە کونە دیواردا ئەمشاردەوە!! تەنانەت کە لە بەهاری ١٩٥١یشدا بیارەمان بەجێ هێشت و مـاڵمـان هاتـە سلێمـانی، لـە جیـاتیـی ئـەوەی ژمـارەکـانی لـەگـەڵ خـۆم بـهێنم، سـووتاندمن. ئێسـتا هـەرچەند بیر لەو بیـر و بۆچوونەی ئەو ڕۆژانەم دەکەمەوە و یادی سـووتاندنی ئەو کۆوارانەم بیـر دەکەوێتـەوە، خـەمـێکی قـووڵ دڵ و دەروونم دادەگرێ کـە چۆن ئەو زادەی بیری سـەردەمـی لاویی خۆمـەم هـەروا لـە خۆڕایی و بێ بنەمـایەکی ڕاست و دروست کرد بـە خۆراکـی کڵپـەی ئاگر و ڕێگەی ئەوەم لە خـۆم بڕی کە بە وردی بێتـەوە بەرچاوم ئەو کـاتـە چۆنم بیـر دەکـردەوە و چۆن لەو ڕۆژەوە گەییشتمە ئەم ڕۆژە.

با ئەوەییـشم لە یاد نەچێ کە لە سـەرەتای ١٩٥٤دا لەگەڵ چەند فـەقـێیـەکی برادەر لە سلێـمـانی کۆمـەڵێکمان بۆ فەقێیـان بە ناوی (یەکەتیی قوتابیانی ئاینی)یەوە پێکەوە نا و، کۆوارێکمان بە ناوی (دەنگی فـەقێ)وە بۆ دەرکـرد کـە پێنج ژمـارەی لێ دەرچوو. کۆمـەڵەکـەمـان لەناو فـەقـێکاندا زۆر قسـەڕۆییـشـتوو بوو. لە ١١٨ فـەقـێی ئەو سـەردەمی مزگـەوتەکانی سلێـمـانی ١١٥یان کـەم و زۆر لەگەڵمان بوون. بۆ داخوازییەکانی خۆیان ئیمزای ١١٥یانمان لەسـەر عەرز و حاڵێک کۆ کردەوە کە دامـان بە حکوومـەت و لە چەند ڕۆژنامـەدا بڵاو کـرایەوە. بـۆ مـەبەسـتی سـیـاسـی وەک ناڕەزایی دەربڕین لە پەیمانی داکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە پرۆژەیەکی ئیمپریالیستی بوو، ئیـمزای ٦٣ کەسیانمان وەرگرت.

کۆوارەکەمـان لە کاغـەزی تەنک و بە کاربۆن و قـەڵەم قـۆپی و، ٣٠-٤٠ دانەمان لێ دەنووسـیـیـەوە و، دەییشمـانگەیاندە دەستی فەقێی سلێمانی و هەڵەبجە و سـەید سادق و دەربەندیخان و کەرکووک و گـەرمیـان. زۆر بەداخـەوە هیچ کام لە ژمارەکانی ئەم کۆوارەییشمان هـەڵنەگرتووە و تا ئێـستا لای کـەسـیش سـەری هـەڵنەداوە، کـە بۆ خـۆی شـتـێکی پڕ بایـەخ بوو لە ژیانی توێژاڵی کـۆمـەڵایـەتیی فەقێیاندا.

لەو سـەردەمـەدا کـە بیـر و بۆچوونم لە ڕۆشنگەراییی ئاینییـەوە دەیگواسـتـەوە بۆ عـەلمـانییـەت و چووبوومـە ژیانـی حـزبایـەتیـیـەوە، لام وابوو ناکـرێ خـوێندن و تێکۆشـان بەیەکـەوە بکـەم. چوونی ئەزهـەری میـسرم بەئاسانی بۆ ڕێک کـەوت، بەڵام نەچووم. پاشـانیش تا دوا ساڵەکانی حەفتاکان، وەک هـەڵگرێکی بەڵگەنامـەی پۆلی دوازدەی حـوجرە کـە بەرانبـەر کـرابوو بـە شـەهادەی سـانەوی، دەمتوانی بچمە کۆلێجێکی گونجاو لەگەڵ بابەتەکانی خوێندنی حوجرەدا، وەک شـەریعـە و زمانی

عەرەبی لە ئاداب و تەربییە، بەڵام دیسان گوێم نەدایە و نەچووم. ئەمجارەیان لەبەر سیاسەتیش نەبوو، هەر کەمتەرخەمیی خۆم بوو کە وام دەزانی تەمەنی خوێندنم بەسەرچووە. ئێستا کە بیر لە ژیانی ڕابردووم دەکەمەوە دەزانم واقیعی ژیان زۆری لەوە جیا بووە کە من کاتی خۆی بەبیرمدا دەهات. من دەمتوانی لە ڕەوتی ژیانمدا هەر لە سەرەتاوە، ڕێچکەی ڕاستتر لەوە بگرمە بەر کە گرتبووم و لەوەیش دڵنیام کە ئەگەر وام بکردایە هیچ جۆرە لەکەیەکم بەو خەبات و تێکۆشانە نەدەگەیاند کە بە هەموو ڕاستییەکەوە ڕێگەیم گرتبووە بەر و ئێستاش، ئەوەندەی لە توانی ئەم تەمەنی پیرییەمدا بێ بەرم نەداوە و هیوام وایە تا مردنیش هەر لەسەری بڕۆم هەرچەند کەم و ناچێزیش بێ.

بەڵام با ئەوەندەیش لەگەڵ خۆم دڵڕەق و سەختگیر نەبم و وا پێشان بدەم هەرگیز لەو ماوە ڕابردووە دوور و درێژەدا بیرم لە خوێندن نەکردووەتەوە. چەندین جاری وایش بووە بیرم لێ کردووەتەوە و بۆییشی چوومەتە مەیدانەوە، بەڵام کۆنەپەرستی و ناحەزانی ئازادیی بیر و بۆچوون کە دەستیان بەسەر داوودەزگاکانی خوێندندا گرتبوو، ڕێگەیان لێ گرتووم و دەرفەرتیان نەداوم.. بۆ نموونە کە لە ١٩٦٧دا لە زیندان دەرچووم، دەرفەتێک بە هەڵگرانی بەڵگەنامەی پۆلی دوازدەی خوێندنی ئاینی درابووە تاقیکردنەوەیەکیان لەگەڵ بکرێ و هەر کامیان دەرچوو، لە کۆلێجێکی شەریعەت و زمانی عەرەبیدا کە تازە کرابووەوە، وەربگیرێن. منییش، وەک هەڵگرێکی بەڵگەنامەی پۆلی دوازدەی خوێندنی ئاینی، چوومە تاقیکردنەوەکەوە. هەندێ مەلای کۆنەپەرستی لای خۆمان، مامۆستا تاقیکەرەوەکانیان لێ پڕ کردبووم. هەرکە چوومە ژوورەوە و سەلامم لێ کردن و دانیشتم، یەکێکیان لێی پرسیم: بۆ جبەت لەبەردا نییە و مێزەرت بەسەرەوە نییە؟ وەڵامم دایەوە: من هێشتا وەرنەگیراوم. کە وەرگیرام و جبە و مێزەرە مەرجی قوتابی بوو، ئەگەر لەبەر و لەسەرم نەکردن هەقی ڕەخنەتان لێم هەیە و دەتوانن چۆنتان بوێ وا مامەڵەم لەگەڵ بکەن. وتیان: دەی ئایەتێکی قورئانمان بۆ بخوێنەوە، منیش ئەو ئایەتەم بۆ خوێندنەوە کە دەفەرموێت: "ومن الناس من يشهد الله على ما في قلبه وهو ألد الخصام. واذا تولى سعي في الارض ليفسد فيها ويهلك الحرث والنسل، والله لايحب الفساد. زاذا قيل له اتق الله اخذته العزة بالاثم، فحسبه جهنم ولبئس المهاد. ومن الناس من ييشري نفسه ابتغاء مرظاة الله، والله رؤف بالعباد".

پرسییان: بۆ ئەم ئایەتانە خوێندەوە؟ وتم : ئەی خوای تەعالا بۆ نازلی کردوون ئەگەر بۆ خوێندنەوە نەبێ؟ هەر پرسیارێکی تری ئاینییان لێ کردم زۆر باشم وەڵام دانەوە. لەگەڵ ئەوەییشدا، کە ئەنجامەکان دەرکەوتن، من لە وەرگیراوەکان نەبووم.

ساڵی پاشەوەیش (١٩٦٨) من و فاتیحی برام چووینە تاقیکردنەوەی وەرگرتنەوە لە کۆلێجی ئوسووڵی دین. هەردووکمان ئەزموونمان دا و وەرگیراین و پارەی وەرگیرانییشمان دا. چووییشینە دەرزی یەکەمەوە. کە لە پۆل هاتینە دەر، دوکتۆر عەبدولکەریم زەیدان کە ڕاگری کۆلێجەکە بوو بانگی کردین. وتی: پارەکەتان وەرگرنەوە ئێوە کۆمۆنیستن. لە قسەکانییەوە تێگەییشتم کێ بۆی

تێ چاندبووین. پێم وت: دوکتۆر! ڕاستە من پار لە زیندان دەرچووم و ئێستا لە (التاخي) کار دەکەم، بەڵام فاتیح مامۆستایە و کاربەدەستی میرییە و هیچی لەسەر نییە.

هەرچۆن بوو وازی لەو هێنا، بەڵام نەیهێشت من بمێنمەوە و پارەی قوبووڵەکەیان دامەوە.

لە بواری کولتووریدا هەروا حەزم دەکرد لە جیاتیی ئارەزووی گرتنەبەری ڕێی ڕۆژنامەنووسی، ئارەزووی گرتنەبەری ڕێی زیندووکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبیی کوردم کەوتبوایەتە دڵ و ئەو ڕێگەیەم بگرتایەتە بەر و، دڵنیام لەوە کە زۆر باشم پێ دەکرا و سوودییشی بۆ گەلەکەم زیاتر و بەپێزتر دەبوو. ئەگەر وام کردبوایە کارێکی زۆر سوودمەند دەبوو چونکە من لەلایەکەوە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردبوو و بەو هۆیەوە شارەزاییەکی باشم لە کولتووری ئیسلامیدا هەبوو و بیر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی فیکریی شێخ محەمەد عەبدەیش گەشەیەکی زۆری پێ دابوو و کولتووری ئەدەبیی کوردیش لەبەرئەوەی هیی گەلێکی موسڵمان و بە ئاوی کولتووری ئیسلامی ئاودراوە بۆ کەسانێکی وەک من کە ئەم دوو مەرجەیان تێدا هاتبێتە دی زۆر چاکتر کاری تێدا دەکرێ تا کەسانێک کە وا نەبن. سەرەڕای ئەمەیش لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەندێ کتێبی مارکسییەوە جیهانبینییەکی پێشکەوتخوازانەم پەیدا کردبوو. ئەمەیش یارمەتییەکی باشی دەدام بۆ شیکردنەوەی کولتووری ئەدەبیی کوردی لە دیدگایەکی پێشکەوتخوازانەوە. بەڵام ئەمە لە کاتی پێویستدا ڕووی نەدا و درەنگ وەخت ڕووم کردە خۆخەریککردن بە کولتووری ئەدەبیی کوردەوە و، ئەویش جاروبار و، ئەوە هەرگیز نەبووە کە بە یەکجاری خۆمی بۆ تەرخان بکەم. بۆیە هەردەم ئەو پەندی پێشینانی کوردە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە وەک سەدان پەندی تر لە دایکی ڕەحمەتیمم بیستووە و لە دەمی ئەوەوە نووسیومەتەوە و، دەڵێ:

لە دوای چووە ئاخ مەکە

کوێرەکانی بە باخ مەکە

ناکەسان چراخ مەکە

ئەمەیش پەشیمانییەکی ترمە لە ژیانمدا و هەرچەند هەوڵ بدەم بۆم نابژێرێتەوە.

با ئەم پەشیمانییەییشت لێ نەشارمەوە کە هەرچەند گلەییەکم لە هاوسەری لەگەڵ شیرین خانی خێزانم نییە کە بە گەورەیی هێنام و پێکەوە، بەشبەحاڵی خۆمان، زۆر بە بەختەوەری ژیان دەبەینە سەر، وەک لە وەڵامی دوا پرسیارییشتدا دێمەوە سەر ئەم بابەتە، پەشیمانم لەوە کە ماوەیەک لە ژیانمدا شوێنی خەیاڵێک کەوتبووم بە هیچ لێکدانەوەیەک لە جێی خۆیدا نەبوو و شایانی ئەوە نەبوو مێشکی خۆمی پێوە خەریک بکەم و، لەگەڵ بۆچوونێکی پێشترمدا کە ئێستایش چەردەیەکی هەر لە دڵمدا ماوە و، ئەوە بوو لەو باوەڕەدا بووم ئەوەی خەباتی سیاسیی کردبێ بە ئەرکێکی ژیانی خۆی، هەقی ئەوەی نییە ژن و منداڵ بەهۆی خۆیەوە تووش بکا، چونکە گیران و دەربەدەری و تەنانەت مردنییشی لە ڕێدایە و دەبێ بە مایەی بێ کەس و بێ دەرکەوتنی ژن

و منداڵی. ئەو هۆ لەپێشترە و، خەیاڵەکەی پاشتر، بە هەردووکیان، هەریەک لە سەردەمی خۆیدا بوون بە مایەی ئەوە کە زۆر درەنگتر لەوەی کە پێویست بوو، ژیانی خێزانیم پێکەوە نا و، بۆیە نەمتوانی ڕۆڵێکی باشم لە پێگەیاندنی منداڵەکانمان و لە حەسانەوەی خۆم و شیرین خانی خێزانییشمدا ببێ.

ئەمەییش، وەک وتم، پەشیمانییەکی ترمە و، لەمانە بەولاوە شتێکی بایەخداری ترم لە یاد نییە.

* چی دەڵێیت لەبارەی حاڵەتێک کەسانێک لە خوار تۆوەن و زیاتر دەخرێنە بەر تیشک؟

– هەرچەند لە ڕاستیدا من وا ناڕوانمە خۆم کە لە کەس زیاترم و بیری خۆمم بەوەوە خەریک نەکردووە و، بۆیە لەو کەلێنەوە وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە کە ڕاستە هەر کەسێک بۆ جۆرە کارێک دەست دەدا و توانی ئەم خەڵکە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕووەکانی ژیان جیاوازە و دیارە هەر کەسێ بگری کارێکی لە کەسانێکی تر باشتر پێ دەکرێ و، ئەمەیش ڕێگە لەوە ناگرێ کە تەنانەت بۆ ئەو کارەیش کە ئەم باشتری پێ دەکرێ، کەسانی تریش هەن کە لە هەموومان باشتریان پێ دەکرێ.

بێگومان، منییش، وەک هەر کەسێکی تر، وەک ئینسانێک، زۆر بەوە نارەحەت دەبم کە مافی شایانی خۆم لە ژیانمدا وەرنەگرم و زۆر کەسی لە خۆم ئایەختر دەناسم کە زۆر لە من زیاتریان دەستگیر بووە و دەبێ، بەڵام دەییشزانم ئەمە حاڵەتێکە هەزاران کەس دەگرێتەوە و تا درێژزەمانیش هەر دەمێنێتەوە، چونکە ئەنجامێکی تەبیعی سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی دانەمەزراوە. بەشبەحاڵی من، ئۆباڵی بەشێکی ئەمە لە ئەستۆی خۆمدایە. پێییشم خۆشە کە وایە، چونکە ئەگەر بهاتایە وا نەبووایە، دەبوو منیش بووبوومایە بە بەشێکی کارا لە ناڕاستی و دروستییەکەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر ئەم بنەما دامەزراوە. لەم قسەیەییشمدا ناکۆکییەک لەگەڵ ئەو ڕاستییە نابینم کە لە سەرەتادا کە، وتم: منییش، وەک هەر کەسێکی تر زۆر بەمە نارەحەت دەبم.

بۆیە ئۆباڵی بەشێکی ئەم واقیعە لە ئەستۆی خۆمدایە، چونکە ناتوانم وا لەگەڵ قەناعەت و دڵ و دەروونی خۆم بجووڵێمەوە و لەگەڵ دەوروبەرەکەم مامەڵە بکەم کە باوەڕم پێی نەبێ و لام وانەبێ ڕاست و دروستە و، بۆیە بە بەشی خۆم ڕازیم و بە کەمتر لە بەشی خۆم ڕازی بووم و، لام وایە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی ئەم واقیعە نارەوایە، بەشبەحاڵی هەموو یا بەشی زۆری ئەندامانی کۆمەڵ، هەرچەند بۆ خۆییشم هەرگیز ناگام بەوەدا کە سوودێکی لێ ببینم، تەنیا ئەوەیە بەگوێرەی توانی خۆم زیاتر و چالاکانەتر و کارایانەتر لە پێناوی چەسپاندنی ڕاستی و دروستی و باش ڕۆییشتنی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێ بکۆشم، ئەگینا چوارچێوە گشتییەکەی ئەم مەسەلەیە بەشێکە لە

سیستیمی کۆمەڵایەتی کە قۆناغ بە قۆناغ دەبێ چاک ببێ و، هەر قۆناغێکییشی کە چاک دەبێ، لەگەڵ چاکبوونەکەیدا، جۆران گەندەڵیی نوێی لەگەڵ دێ و تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ.

* ئەگەر بووبووایە، دەبووی بە (خانی) یا (نالی) یا (حاجی) یا (شێخ ڕەزا) یا (گۆران) و بۆچی؟

– ئەوانە هەموویان و زۆری تریش هەن شایانی ئەوەن مرۆ ئاواتی ئەوە بخوازێ بەوان بێ یا چەردەیەکی لەوان تێدا بێ، بەڵام ناکرێ و هەر کەسێ هەر بەوە دەبێ کە بووە. منیش حەزم دەکرد نەک هەر یەکێک بم لەوانە، بگرە چەردەیەکییشم لە هەر یەکێک لەوانی تریشیان تێدا بێ، نەخوازەڵڵا حاجی، بەڵام کوا و، چۆن؟

* سێ گۆرانیی کوردی کە زۆر حەزیان لێ دەکەی لەگەڵ ناوی گۆرانیبێژەکەی هەر کامیان.

– پێشەکی لێتی ناشارمەوە کە من لەگەڵ دانانی بێ هیچ تێدا ڕاوەستانێک بە مافی هەر هونەرمەندێکدا لە دیاریکردنی ڕێبازی هونەریی خۆیدا، تێکڕا هەڵوێستم لە ئاستی گۆرانیی نوێ هەروەک هەڵوێستمە لە ئاست شیعری نوێدا. مەبەستییشم لە گۆرانیی نوێ ئەو جۆرە گۆرانییەیە کە هەندێ لە گۆرانیبێژەکانمان لاسایی گۆرانیی ئەوروپاییی پێ دەکەنەوە. من لەو باوەڕەدام کە گۆرانی دەبێ لە ناخی چەشنی میلیی هەر میللەتێکەوە هەڵقووڵێ.

سەیر ناکەی گۆرانییە کۆنەکانمان کە دیارە ئەوانەی ئاوازەکانیان بۆ داناون هیچ کامیان نەک هەر لە هیچ قوتابخانەیەکی هونەردا نەیانخوێندووە، بگرە زیاتر ئەوە ڕێی تێ دەچێ کە هیچ پلەیەکی خوێندەوارییشیان نەبووبێ، لەگەڵ ئەوەییشدا کە بەشێکی زۆری لاوان ئاوەزەکانیانیان لەبەرە و گۆرانیی خۆشی کوردییان پێ دەچڕن و دەستیان بەسەر تەخت و تاجی دڵی جەماوەری گوێگری کورددا گرتووە، کەچی بەدەگمەن کەسێکت دەسگیر دەبێ شیعر و ئاوازی یەکێ لەو گۆرانییە تازە بابەتانەی لەبەربێ و بتوانێ نەک هەر بۆ خەڵک، بگرە تەنانەت لەبەر خۆییشەوە بیڵێ. جا تۆ وردبەرەوە ئەم ڕاستییە چی دەگەیەنێ؟

کە بۆت دەرکەوت من چ جۆرە گۆرانییەکی کوردیم بە دڵە و حەز دەکەم گوێم لێ بێ، پێت دەڵێم حەزم لە گۆرانییەکانی سەید عەلی ئەسغەریی کوردستانییە، حەزم لە سیاچەمانە و دەرەیی هەورامانە، حەزم لە قەتار و ئەڵڵاوەیسی و ئای ئای و خاوکەرە، حەزم لە لاوک و حەیرانە، حەزم لە هۆرەی جافی و چڕینی کوردە گۆرانییەکانی کوردستانی ئێرانە، عاشقی گۆرانییە کۆنەکانی سلێمانیم کە جاران ڕادیۆی کوردیی بەغدا بەدەنگی برای ئازیزم کاک قادری مەلا ئەحمەدی مودەڕیس پێشکێشی دەکردن. حەزم لە گۆرانییەکانی دیلان و حەمە جەزا و ڕەسووڵ عەلی مەردان

و ڕەفیق چالاک و ناسری ڕەزازییە.. حەزم لە زۆر گۆرانیی تر و لە دەنگی زۆر گۆرانیبێژی ترمانە کە ئێستا نە ناوی خۆیان و نە ناوی گۆرانییەکانیانم نایەتەوە یاد و داوای لێبووردن لە هەموویان دەکەم کە نە ناوی خۆیان و نە ناوی گۆرانییەکانیام نەهێناوە.

لە کورتی بیبڕمەوە هەموو گۆرانییە کوردییە ڕەسەنەکانم حەز لێیە.

ئەمە بوو وەڵامی تێکڕاییم لە پرسیارەکەت هەرچەند دەق بەگوێرەی پرسیارەکەییشت نەبوو!

* ڕۆڵی (شیرین خان)ی هاوسەرت لە نووسینەکانتدا چییە؟

– ڕۆڵی شیرین لە جێبەجێکردنی کاروبارە ڕۆشنبیرییەکانمدا کەم نییە. بەر لە هەرچی هەموو ئەرکێکی بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ و بەڕێکردنی میوانە خۆشەویستە – لە خوا بە زیاد بێ زۆرەکانم هەر لە سەرەتای ژیانی هاوسەریمانەوە لە ئەستۆی ئەودا بووە و، ئێستاییش، هەرچەند باری تەندروستی بەهۆی سەوەفان (سووان)ی ئەژنۆکانییەوە زۆر خراپ بووە و بە شەلەشەل ڕێ دەکا، ئەم ئەرکەی سەرشانی هیچ سووک نەبووە بەتایبەتی ئێستایش کە هاتووینەتەوە کوردستان، لەبەر ئەوە کە منیش چەندین ساڵە ئەژنۆکانم تووشی سووان بوون، پێم ناکرێ هیچ یارمەتییەکی ئەوتۆی بدەم و چوونە بازاڕ و کڕینی پێویستییەکانی ماڵ و منداڵ و خۆییشمان هەر لە ئەستۆی ئەودایە و بە هەموو ڕەزامەندییەکەوە شانی داوەتە بەر و، بەمە کاری نووسین و خوێندنەوە و هەر کارێکی تری ڕۆشنبیریی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئاسان کردووم. من دەردی لە بیرکردنییشم لەگەڵە. بۆیە شیرین تەنانەت ئەرکی وەبیرهێنانەوەی گەلێ کارمی لە گەردنە و لە کاتی خۆیدا دەیانهێنێتەوە یادم و ناهێڵێ بەسەریاندا گوزەر بکەم. پرۆڤەی نووسینە لە چاپدراوەکانم لەگەڵدا هەڵەگیری دەکا. بەشێکی زۆری نووسینەکانم، بەتایبەتی وتارەکانمی کە جاروبار بۆ ڕۆژنامە و کۆوارەکانیان دەنووسم، پییشان دەدەم و ڕای ئەوییشیان لەبارەوە وەردەگرم. جا ئەگەر ڕاکەیم بە دڵ بوو ئەوا ڕاستەوخۆ بەگوێی دەکەم و ئەگینا لەگەڵی دەکەومە ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا تا دەگەینە ئەنجامێک. خۆ ئەگەر نەیشگەیشتینە ئەنجام، لەبەرئەوەی کە بەهەرحاڵ خاوەن بەرهەمەکە منم، بە قسەی خۆم دەکەم.

لە ڕۆژانی شاییکردنماندا، ساڵی ١٩٨٨، کە لە ئوتێلی کازمییە دابەزیبووین، پرۆڤەکانی کتێبی (هەنگاوێکی تر بە ڕێگەدا بەرەو ڕاستکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی)م لەگەڵ خۆم بردبوو پێکەوە هەڵەچنیمان دەکرد و بەشێکی باشی کاتمان پێکەوە لە ڕاستکردنەوەی ئەو پرۆڤانەدا بەسەر دەبرد. ئەوە جۆرێکی یەکەمین کاری پێکەوەمان بوو. پارچە شیعری (دوێنێ و ئەمڕۆ)یشم کە لە سەرەتای بەهاری ١٩٩١دا بە بۆنەی ڕاپەڕینی کوردستانەوە دامناوە و هەر ئەوکاتە لە کۆواری (مامۆستای کورد)ەکەی کاک فەرهاد شاکەلیدا لە چاپ درا و، پارەکەیش لە نامیلکەیەکدا بڵاوم کردەوە، بە هاندانی ئەو بوو، وەک لە سەرەتای نامیلکەکەیشدا باسم کردووە.

شاعیر و ڕۆماننووسی لبنانی شەربل داغر:

# ئەوەی من لە قەسیدە مەبەستمە و ئەوەی خواستمە ئەوەیە ببێتە وتاری قسەکەرێک، نەک زمانحاڵی دەسەڵاتخوازێک

سازدانی: نەوارە لەحرش
لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان عەبدوڵلا



شەربل داغر شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕێکی لبنانییە، دەرچووی زانکۆی سۆربۆنی نوێی پاریسی سێیەمە، دوو بڕوانامەی دوکتۆرای بەدەست هێناوە: لە ئەدەبی نوێی عەرەب و لە جوانییەکانی هونەرەکاندا. مامۆستایە لە زانکۆی بەلەمەند (لبنان)، مامۆستای سەردانیکەرە لە

چەندان زانکۆدا. لە ساڵی ١٩٩٠دا وەک ڕێکخەری گشتیی ڕێز لێنانی ناودەوڵەتیی شاعیر لیۆپۆلد سیدار سەنگور هاتە هەڵبژاردن، لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨ سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری "پلاتفۆرمی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئەفریقیایی" بوو، سکرتێری گشتیی "خەڵاتی شیعری ئەفریقیایی" بووە هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٨٩ تا ساڵی ١٩٩٣. مامۆستای ناوبژیوانە لە چەند خولێکی بڵاوکردنەوەی زانستیدا.

بەهەردوو زمانی عارەبی و فرەنسەیی دەنووسێ، چەندان دانراوی هەیە لە بوارەکانی شیعر و ئەدەب و جوانییەکان و وەرگێڕان. لە کۆمەڵە شیعرەکانی ئاماژە دەکەین بۆ: فتات البیاض، رشم، تخت شرقي، حاطب لیل، غیري بصفة كوني، لا تبحث عن معنى لعله یلقاك، تلدني كلماتي. لە وەرگێڕانەکانیشی ئاماژە دەکەین بۆ: العابر الهائل بنعال من ريح (وەرگێڕانی نامەکانی رامبۆیە بۆ عارەبی)، دم أسود (بژاردەیە لە شیعری ئەفریقیایی)، أنطولوجیا الشعر الزنجي/ الافریقي. هەروەها شیعرێکی زۆری هەیە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانگەلی فرەنسایی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی و زمانانی تر.

دواندن: نەوارە لەحرەش

* چۆن شیعر تۆی بەوەی ڕۆمان ڕێنوێنی کرد؟ چۆن پاش ئەم هەموو ئەزموونە شیعرییە پرشنگدارە و، ئەو نووسینە ڕەخنەگرە جۆرەوجۆرانە ئەم گەشتەت کرد؟ ئاخۆ ڕۆمان وێستگەیەکی پێویستە بۆ شاعیر؟

- ئەم پرسیارە گەر لە پێویستیی وەڵام بترازێ، دەمهێنێتە شڵەژان. ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە سەر لیستی دانراوەکانم، پێش ئەوەی ئەم ڕۆمانە بڵاو بکەمەوە، ئەوە هیچ شوێنێکی بۆ نادۆزێتەوە، چونکە کتێبەکانم دەچنە خانەی ٤ ڕەهەندەوە، شیعر و ئەدەبیات و جوانییەکان و وەرگێڕان. شڵەژانی من لەبەرئەوەیە، کاتێ دەستم بە نووسینی ئەوە کرد کە لە کۆتادا بووە "وەسیەتنامەی هابیل" مەبەستم نووسینی ڕۆمان نەبوو. بگرە ڕووکردن لە ڕۆمان و بڕیاردان لەبارەیەوە دواتر هاتن: لە کاتی پرۆسەی نووسینەکەدا و، بەتایبەت لە کاتی تەواوبوونیدا. ئەمە لای دۆستانی نزیکمەوە ئاشکرایە، ئەوانەی پێش ئەوەی بڕیاری بڵاوکردنەوەی بدەم، ڕۆمانەکەیان خوێندەوە. ئەوەشی ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە لەو دانپیانانە ئاڵۆزتریشی لا ئاشکرا دەبێ، کە بەنیازم بیدرکێنم، ئەویش ئەوەیە ڕۆمانەکەم پێکهاتەکەی نامۆیە و هۆی بیرەبیر خواردنم لە نامۆییی شێوەکەیەوە سەری هەڵداوە، کە هەموو ڕۆمانەکەی بریتییە لە گفتوگۆیەکی پێکەوە گرێدراو و لە یەکتر جیا لە یەک کاتدا.

هەر بەم واتەیەیش دەڵێم: ڕۆمان وێستگەیەکی پێوەست و پێویستیش نەبوو بۆ من وەک شاعیرێک. من پرسیارێک زۆر بەمێشکمدا دێ و داوای وەڵام دەکا: ئاخۆ شاعیر لە بنەڕەتدا توانی

گێڕانەوەی هەیە؟ ئاخۆ دەتوانێ لە "منێتی"ی قسەرە دەرباز ببێ؟ شاعیر لە باشترین دۆخەکانیدا، ئەگەر لەوەدا ڕۆ نەچووبێ کە دەیلێ، ئەوە تێوە گلاوە بەوەوە کە دەری دەبڕێ. لە کاتێکدا ڕۆماننووس پێویستی بە ئەدایەکی جیاوازە و خۆی لە توانی دابەشبوون و چوونە ناو و، شێوە و دۆخ و، دوورخستنەوەی منێتیی خۆی لە بوونەوەرەکانی دەنوێنێ.

* "وەسیەتنامەی هابیل" یەکەمین کاری ڕۆماننووسیت، چۆن هابیلی (خۆ/ من) دەتوانێ وەسیەت بکا؟ ئەی وەسیەتەکەی بەوردی چییە؟ ئاخۆ لە کاتی خۆیدایە یان ئەوەندە برینە و ئەوەندە نووچدانە و ئەوەندە خەونە و ئەوەندە ژیانە دواکەوتووە؟

– من، دانت بۆ دەنێم بەوەدا کە زۆربەی ئەو ڕۆمانەم لە کاتی دەستدرێژیی ئیسرائیل بەسەر لبناندا لە هاوینی ٢٠٠٦دا نووسیوە: ئاخۆ دەشێ بەو نامەیە دابنرێ کە لەژێر لێزمە بۆمباراندا نووسراوە و، ئەو وەسیەتنامەیەی پێش مەرگی هەڕەشەکەر نووسراوە؟

بێگومان دەزانی کە هابیل، بەپێی کتێبە پیرۆزەکان، نە نامەیەک نە وەسیەتنامەیەکی بەجێ نەهێشتووە، بگرە ئەو کتێبانە تەنیا وتەیەکی ئەویشیان بۆمان نەپاراستووە، ئەمەش مایەی پرسیار و سەرسوڕمانە. من ئەمە لە پرسیارێکی سادەدا دادەڕێژم، گریمانە و بۆ گێڕانەوەی ڕۆمان دەگونجێ: چی دەبوو گەر بیگوتبا؟ نەدەبوو بیڵێ؟ بۆ نەیگوت؟ بۆ قسەی خۆی پێمان نەگەیاند؟ ئاخۆ قسەکەی بێدەنگییەکەشی نییە؟ بۆچی خۆ بەدەستی بێدەنگییەوە دا، یان بۆ خەفەکردنی ئەوەی دەبوو بیڵێ؟... ئەمانە پرسیارگەلێکن دەشێ ڕۆماننووس ئاراستەی منداڵێک، یان مێرمنداڵێک بکا، کە فیری ئەوەی لە دڵی خۆیدا بە نهێنی قسە بکا، یان ڕستەکانی خۆی بە دەستخەتی خۆی لەسەر پانتۆڵەکەی بەدانیشتنەوە دەنووسێ: چی ڕێی لێ گرت و هانی بۆ قسەکردن نەدا، بۆ (قساندن = تکالم) وەک یەکێ لە قسەکەرانی نێو ڕۆمانەکە دەڵێ؟

بەم واتەیە ئەفسانە ناهێنمەوە بۆ ئەوەی دووبارە شیی بکەمەوە، وەک هەندێ دەستوبرد گوتیان، بگرە ڕۆمانەکە دەیەوێ لە شەڕی دوو برا بکۆڵێتەوە، لە گوللەیەکی وێڵی نێوانیان، بەڵام یەکێ لە براکان بەواتەی دەروونی و ڕەوتار خۆی لە هابیلدا دەنوێنێ، لە کاتێکدا ئەوەی دووەم گوێی پێ نادا، گوێ بەڕۆڵی هابیلیش نادا، ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا جێی سەرنجە ئەو ئەگەرەیە کە لەوانەیە باوکەکە گوللەکەی تەقاندبێ، بەمەش خۆی بکوژی کوڕەکەیە، هەر نەبێ لە ڕووی ڕەمزییەوە، ئەگەر مەبەستیشی نەبووبێ. ئەمە بەپێچەوانەی چیرۆکی کوشتنە لای فرۆید، ئەو چیرۆکەی دەڵێ کە کوڕ بۆ جەختکردن لە کەسایەتیی خۆی هەوڵ دەدا باوکەکە بکوژێ. کەواتە ڕۆمانەکە بەواتەیەک لە واتەکان، هەڵگێڕانەوەیەکی چیرۆکەکەیە، کە باوکەکە هەڕەشەیە لە دەرکەوتنی کوڕەکە. بەمەش نێزیک دەبین لە هەندێ دۆخ کە تیایاندا باپیران بەدەستە ئەستوورەکانیان کۆرپەلەی ئێستا دەخنکێنن.

* پێت وا نییە کە شیعر هونەری بژاردەیە نەک هونەری جەماوەر، بەلای کەمەوە لای ئێمە لە نیشتمانی عارەبدا، لە ڕابردووی دوور هونەری جەماوەر و دەنگیان بوو، تەنانەت پەناگەیان بوو، بەڵام ڕەنگە ئێستە هونەری ئەوان نەبێ، ڕات چییە؟




– مایەی خۆشحاڵیم نییە جەخت لە بۆچوونەکەت بکەم کە شیعر لە ڕابردووی کولتووریماندا "هونەری جەماوەر" بووە. لە چ سەردەمێکدا خوێنەران ڕوویان لە خوێندنی شیعر کردبوو؟ لەو سەردەمانەی پاراستنی شیعر تەنیا کاری وەراق و لەبەرگرەوەکان بوو، کە ژمارەیەکی دیاریکراوی کتێبی پێویستی تێدا دەهاتە بەرهەمهێنان؟ لە چ سەردەمێکدا گوێگرانی زۆر ڕوویان لە گوێگرتن لە شیعر دەکرد، لە کاتێکدا کە شیعر تەنیا لە دیوانی شا و سوڵتانەکان و کۆڕی زانا و ئەدیباندا دەگوترا؟ لەم ڕۆژانەدا دیوانی (ابن الرومي) دەخوێنمەوە کە گەورەترین دیوانی شاعیرە کۆنەکانە، کە ٦ بەرگە، لە کاتی خوێندندا هەڵوەستەم کرد لەسەر ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی لە بازنەیەکی تەسکی چەند کەسێکی دیاریکراو دەرناچن، کە پیایاندا هەڵدەدا یان هەجوویان دەکا یان گلەییان لێ دەکا یان... وا هاتە بەرچاوم کە قەسیدەکان بە نامەی کەسی دەچن، بەڵام ئەو جاری یەکەم ئاراستەی کەسی مەبەستی دەکا ئینجا بۆ گوێران – یان خوێنەران. ئەمە لە شیعری ئەوانی تریشدا دیارە، کە لەوە دەچێ بۆ ژمارەیەکی سنوورداری کەسان بن، نەک بۆ خوێنەران وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی دەکەین. بۆیە بەڕای من خوێنەر لایەنێکی نوێیە لە گفتوگۆی ئەدەبیدا و، لە سەردەمانی نوێدا نووسەر بوونیانی دەوێ، لەگەڵ پەیدابوونی ئەو نەریتانەی ڕۆژنامەوانی هێنایانیە کایەوە، وەک ڕووکردن لە خوێنەر، واتە گشت، کە پێویست نییە

نووسەر بیناسێ.

* ئاخۆ ئەوەی لەبارەی خودەوە دەنووسێ پێویستە لەبارەی ئەوی ترەوە بنووسێ؟ واتە بەردەوام خۆ ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەوی تر؟

– پێوەندییەکانی نێوان من و ئەوی تر، زۆرەکین. ڕەنگە شاراوە بن و، بۆ خۆیان داواکراو نەبن، ڕەنگیشە داواکراو بن لە جۆرێکی گفتوگۆی بنیاتنەری ئاشکرادا. بۆیە ڕەنگە "من" ڕەنگدانەوەی ئەوی تر نەبێ، بگرە دژ یان بەرامبەر یان هاوبەشی گەشتێک یان شتێکی تر بێ. بۆیە یەکێ لە قسەکرانی ڕۆمان باسی "قساندنی" بەلاوە باشترە، چونکە ئەمە تاقیکردنەوەیە بۆ توانی "من"، منی قسەکەر، بەمەرجێک لە ئاخاوتنێکی کراوەدا بی، نەک داخراوی پێشوەخت سنووردارکراو. ئەوی تر لە ڕووی ئینسانی و نووسینەوە بەلامەوە گرینگە. پێویستیشمە لە جۆرە گەڕانێکدا بەدوای ئەوەی بەلای ئەودا بەکێشم دەکا و، بەدوایدا ڕادەکەم، بەدوای ئەوەدا کە منە و نایزانم. هەروەها ئەوی تر بەلامەوە لەوەدا مەبەستە کە "ئەوی ترە"، واتە جیاوازە لە من، بەوەی وام لێ دەکا بڕوانمە گەردوون وەک ئەوەی دەڕوانمە مرۆڤ لەوەی پێکی دێنێ و پێویستیم پڕ دەکاتەوە.

* ئەگەر سارتەر بڵێ ئەوی تر دۆزەخە، ئاخۆ پێویستە شاعیر بەدەقەکەی خۆیەوە بە دۆزەخی ئەوی تردا ڕۆ بچێ؟ مەگەر دۆزەخی خۆی بەسی نییە؟

– قسەکەی سارتەر باس لە بەیەکگەیشتن دەکا، بگرە لە نموونەییەتیی قسە لەبارەی بەیەکگەیشتنی سەرکەوتووانەی نێوان من و ئەوی تر دەکا. ئەمە قەسەیەکە باس لە زەحمەتیی بەیەکگەیشتن دەکا و، نکوولّی لە بەیەکگەیشتن ناکا وەک هۆکارێکی دروستبوونی مرۆڤایەتی.

لە حاڵەتی مندا شیاوە بگوترێ، کە هەر لە کتێبی "غيري بصفة كوني"ی شیعریمەوە، من داوای بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبوون دەکەم لە دنیایەکدا کە باسی نێزیکی و هاوبەشی دەکا لەو کاتەی کە لە دوورخستنەوە و لەتکردن و جیاییدا ڕۆ دەچێ. لەبەرئەوەی گوتاری ئەمڕۆ گوتاری زاڵبوونە و جەختکردنێکی لەرزۆکی گوتاری "من"ـە لەبارەی خۆی و، هەوڵی شێواندنی ئەوەی ترە، بگرە بۆ سڕینەوەی رەمزیی ئەوە. بۆ ئەوەی لەناو چوارچێوەی شیعردا بمێنمەوە، دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە شیعری ئێمە لە "منێتی"ەکەوە سەرچاوە دەگرێ و گەشە دەکا، کە لە یەکێ لە کتێبەکانمدا ناوی "منێتیی ئاوساو"م لێی نا. ئەمە منێتییەکە پشتیوانیی دووری خۆی لە شاعیرەوە – نێر– وەردەگرێ و، پشتیوانیی ئایدیۆلۆجیایی لە شاعیری روئیەوییەوە وەردەگرێ و، لە چوارچێوەی هەوڵ بۆ سەروەریی شیعر دێ، بۆ باڵادەستیی رەمز لە گەمەی دەسەڵات، پێش واتە. من لەگەڵ ئەم جۆرە شیعرەدا هەڵناکەم. ئەم هەوڵە دەسەڵاتخوازە بەبێزراوی دەزانم، بگرە بە کوشندەیش. ئەوەی من لە قەسیدەدا دەمەوێ ئەوە کە گوتاری قسەکەر بێ، نەک زمانحاڵی دەسەڵاتێک بێ. دەمەوێ ئەم

قسەکەرە "متواضع" بێ، نە بەواتە ئەخلاقییەکەی، بگرە بە واتە مرۆڤانە و جوانکارییەکەی.

ئەمەش وای کرد هەندێ لە قەسیدەکانی ئەم دواییەم لەسەر قسەکەرێک بنیات نەنرێن، بگرە لەسەر چەند قسەکەرێک بنیات نراون، بەجۆرێک کە تەنیا یەکێکیان قۆرخی نەکا یان یەک ڕووگەی نەبێ. ئەمە بۆ جوانیی قەسیدەیش دەگونجێ چونکە خۆمی تێدا پێوەست ناکەم بە کولتووری مەرجەعییەوە کە زۆرجار پەنام بۆی بردووە، بگرە بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ قەسیدەدا دەکەم کە لە شانۆوە نێزیکی بکاتەوە هەروەها لە شێوەکاریش، ئەمەش دابەشی دەکا و شێوازە جوانکارییەکانی جۆرەوجۆر دەکا.

* کەسی شاعیر یان کەسی شیعری، ئاخۆ لە دەقدا کامڵ دەبێ، بە چێژەکانی و بە سووتانەکانی و، لە ئەزموونەکانیدا، یان بەردەوام کار لەسەر وێرانەکانی دەکەی بەبێ ئەوەی کامڵ ببێ؟

– ئەم پرسیارەی دەیکەی جوانە و، وتەیەکی هیرۆکلیدسی فەیلەسووفی گریکم بەبیر دێنێتەوە لە شوێنێکی تردا، کاتێ باس لە مەلەوانیکەری ناو ڕووبارەکە دەکا و، مادام ئاو لەبەری دەڕوا دووجار خۆی پێ دەشۆردرێ. لێرەدا ئەم فەیلەسووفە ئاماژە بۆ لەبەرچوونی زەمەن دەکا و ئەمەش هیچ نەبێ لە سنووری زەمەندا نوێبوونەوە دەکا. بەڵام شاعیر چیی پێ دەگوترێ، لە نێوان ئەوەی دەینووسێ و ئەوەی دەیخوازێ و، ئەوەی بەدەستییەوە دەناڵێ، بەڵام وەک ڕێبوارێک لەسەر ڕێگەیەکدا: پێی خۆشە بگاتە جێ، بەڵام ئەمە وەک پشوویەکی پێش دەستپێکردنەوەی ڕێکردنە!

* دەشێ چاوەڕوانی ڕۆمانی تر بین؟

– ناتوانم بەباشی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە من پابەند نەبوومە و، نامەوێ بە هیچ بەڵێنێکی لەم شێوەیەوە پابەند ببم. ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە نووسینی ڕۆمانم لێ خۆش هات، لە کاتێکدا شیعر پرۆسەیەکی بەژانە، تەنانەت من خۆمی لێ بەدوور دەگرم وەک کەسێک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گابەردێک هەڵگرێ و، هەرکە لە دەستی کەوتە خوارەوە دووبارە و سێبارە و چەندبارە هەڵی دەگرێتەوە. ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر گێڕانەوە؟ ڕەنگە. ئەمە بەبێ هیچ بەڵێنێکی پێشوەخت، بەماوەیەکی کەم پێش خوێنەر دەیزانم.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (النصر)ی جەزائیری

شیعر

دلاوەر قەرەداغی

# وردە کۆتر

پەنجەرە ئیشی تری هەیە جگە لە کردنەوە
باران ئیشی تری هەیە جگە لە بارین
ئەوەی لەودیو پەنجەرەکەوە دەباریّ
بارانە نەک خۆڵ و شتی تر



مەلێکی سپی لەبەر پەنجەرەکەدا دەنیشێتەوە
لێی دەچمە پێش و
دەمەویّ شتێکی گرینگی لیّ بپرسم
کتوپڕ بایەک هەڵدەکا
چاوی من پڕ دەکا لە خۆڵ و
ئەویش لەگەڵ خۆیدا دەبا

تۆ دادەنیشیت
پشتت لە باران و
رووت لە ئێوارە

من دادەنیشم
رووم لە باران و
خەیاڵم لای تۆ!

من بەشی هیچ ناکەم
کەچی هەر بەشی خۆمت لێ ئەدەم و
تەواو نابم

هەریەکەمان بە ئاراستەیەکدا
دەڕۆین
تۆ بۆ دۆزینەوەم بە هەموو دونیادا
دەکەویتە شوێنم
من لە جێگەی خۆمدا دەگەڕێم و
کاتێ دەتدۆزمەوە
هاوار دەکەم: ئای خۆ ئەوە خۆمم!



ئێستا دەزانم من چیم لێ ون بووە
ئێستا دەزانم من بەدوای چیدا گەڕاوم
ئێستا دەزانم ئەوەی کە دەیدۆزمەوە
ئەوە نییە
کە لە ئەزەلەوە بەدیار دۆزینەوەیەوە
وەستاوم

خووی پەنجەرە دەگریت
کە دەنۆڕیت
جلکی باران دەپۆشیت
کە دەڕۆیت!

له نێوان تۆ و مەنفادا
نیشتمانم لێ تێک چووە
له نێوان نیشتمان و تۆدا
من خۆمم لێ بزر بووە

من بە دەست تۆم
من بە دەست تۆوەم
من لە دەستی تۆدام



ئەوان یەک نیشتمانیان هەیە
ئەمن دووان
ئەوان یەک پەنجەرە شک ئەبەن
من بە سەدان

بمبەخشە ئەی منالّیی
ئێمە وەک دووانەیەک
هێشتا لە سکی دایکماندا بووین
کە من جانتای سەفەرم پێچایەوە و
بە تەنیا جێم هێشتیت!

شیعر

نەوزاد ڕەفعەت

# تەلیسمی مامزێک



سوێند بە چیا
سوێند بە ئەستێرە و سەری خۆم
سوێند بە داربەڕووی مەزاران
سوێند بە باران... بە ئاگر و خاکیش ناخۆم
چونکە ڕەنگە خوانەخواستە نەیبەمە سەر
ڕەنگە بیرم بچێتەوە
ڕەنگە ڕۆژگار لە یادگەدا بیسڕێتەوە
بەڵام دڵنیام دڵنیا
چۆن دڵنیام لە یەزدان
لە ڕێی بێهوودەیی دنیا
سوێند بە چاوی
ئەو مامزە تەوتەمەی کە جمکی خۆرەتاوە ناوی:
ڕەسەنترین سەرجەڵەی پێدەشت و چیا
وەک زنجیر دەمبەستێتەوە
چاوێک... زریزەی تەلیسمی
نە دەپچڕێت... نە دەشکێت... نە دەکرێتەوە

سەرگورشتەشی با بۆ با
دار بۆ دار... گیا بۆ گیا
بەرد بۆ بەرد... چیا بۆ چیا
مەل بۆ مەلان
جۆگە بۆ جۆگە... زار بۆ زار
کۆڵان بۆ کۆڵان... شار بۆ شار
شانامانە دەیگێڕنەوە و
تا هەتاو بگەڕێتەوە
تا زەوی بسوورێتەوە
گەرمایی دانامرێتەوە

٢٠١٢/١/١٣-١



شیعر

ئیدریس عەلی

# تووڕەبوون بە ئارامی...!



ڕێحانەکانم گرتەوە
ئینجانەکانم کز کرد
تفەنگەکانم ژەنی
باخچەکانم دایە بەر خۆر
شاخەکانم قاژ کرد
ئەستێرەکانم هەڵخست
نیگام بە بزمارێکەوە هەڵواسی
سیسەمەکەم هاک کرد..
تیشێرتەکەم سڕییەوە
دەرگاکەم داگیرساند
بەلۆعەکەم ئاو دا
خەیاڵم لە شاعیرەکان شاردەوە و...
بە خەتێکی درشت
جگەرەکەیەکم
بە پیاڵەیەک (چا)وە نووسی..

گۆچانەکەم قاو دا
عەینەکەکەم وشک کردەوە
جوجکەکانم کردەوە ناو کەوانتەرەکە
کۆترەکانم دانە دانە هەڵواسی
دارشەقەکانم سارێژ کرد
خەونەکانم تیژ کردەوە
درەختەکانم گرێ دا
هەورەکانم بار کرد
دڵم خستە سەر هەزە
کۆترەکانم کرد بە شەحنەوە
دوکانەکانم دوور خستەوە و...
جادەکانم دایەوە بە باران..
دیوارەکانم لێک دایەوە
کۆڵانەکانم هەڵگرت
پێڵاوەکانم تاوتوێ کرد
هاورێکانم دایە بەرباس
حزبەکانم کوژاندەوە
لەسەر هەر کەسێک پاسوۆردێکم دانا
رووی ئاریەلەکەم کردە خۆم
سەرەوخوار بە رۆژەکانما چوومەوە و...
لەسەر پشت کاتژمێرەکەم خەواند..
کەوتمە باوەشێنکردنی گڵۆپەکان
ئوتوویەکم هێنا بە شۆستەکەیا
بەدەنگی بەرز رۆشتم
نزیک قۆریەکەی سەرچنار پەنجەم داخ بوو
دوو مەتر بیرم کردەوە
لەسەر داوای قەندانێکی سپی
بووم بە شاهیدی هەنگ



بووم بە کەفیلی مێشوولە..!
بە قسەی شیرین
مێرووولەکانم بە لاڕێدا برد و...
تا هێزم تێدا بوو
کەروێشکەکانم تۆخ کردەوە..!
بە پێکەنین.. سێبەرەکەم ئاورشێن کرد
بە پژمەیەک.. چەترەکەم کوژاندەوە
لە شیعرێکدا.. قەڵەمەکەم چاند
یەک لیتر پرتەقاڵم کڕی
بە تفاقی وشەوە
بە مەغزەنی پڕ لە گوڵەوە
خۆم کرد بەناو ئەم شیعرەدا،
پەلی ( ،) یەکم گرت و
لەناو کۆمەڵێ (.......)دا شاردمەوە..
بە زللەیەک.. منداڵەکانم کولاندەوە
بە نوکەپێ.. ئاوەکەم چاڵ کرد
لەسەر ئەژنۆ.. هەتاوم لای ئاگرەکە دانا
بە تاڵێ شقارتە.. چراکەم بەردایەوە
بە دوو باز.. جانتاکەم بەڕێ کرد
لەسەر پشت.. ئەسپەکانم هەڵفڕاند
بە کۆڵ.. قاڵدرمەم لەسەربانەوە داگرت
بە چپەیەک.. کۆلارەکانم تاو دا
بە لێزمە.. بارانم لە پردەکانەوە پەڕاندەوە
بە مۆڕەیەک.. سێوم کرد بە دوو رەنگەوە..!
پایز و نیوێ
بەر لە بانگی ئێوارە
هەموو خزمەکانم بە دڵ کردەوە
بە پایسکیلێکی بیست نەفەری



چوومە ماڵی مامەقۆخ و
بارانی خوشکم و
ڕەشەبای خاڵۆزام،
هەر بە پێوە
فیکرێکم لە ماڵی مارکس و
هۆشێکم لە نامەکانی کافکا و
ڕۆحێکم لە باخەکەی سوهراب و
دڵێکم لە کۆڵانەکەی مامڵێ و
بەیتێکم لە دیوانەکەی گۆران و
گریانێکم لە گۆڕەکەی دایکمدا،
چاوم لێ بوو
دادە  ترێی هاوسێشمان
لەناو ڕەزی پێکەنینەکانیدا دانیشتبوو
ئەو دەیوت: هەنارە فەنی ئامۆزام.. سەربەقوڕ دێنێتە ئەڤین..!
دەستێکم لە برووسکە ڕاگرت و
پێم وت: ئەزیەت نەبێ بە چەند ساڵ
دەمبەیتەوە  گەڕەکی
ئای بەلەنجە بەلەنجە؟
خۆم بە ڕێوە.. ڕادەستی تەنیایی کرد
لە ناکاو
هەورێک بەسەرما رووخا
چرایەک لە بەرپێما تەقییەوە
ڕێگەیەک چوارمشقی بردمی..
لەناو خەڵکدا خراپ قەرەباڵغ بووبووم
وەک پەتوویەکی بێزار
لە شەوی تەنیایی ژنێکدا
وەک عاسیبوونی وشەیەک
لە خەیاڵی شاعیرێکی بێ ئۆقرەدا



هەردوو دەستم بۆ رەهێڵەی تاریکی گرتەوە،
لەم شیعرەشدا
فاریزەیەک نەیگرتمە خۆی
نوقتەیەک رای نەگرتم
لە نێوان هیچ ( ) بەن نەبووم
نیشانەی (؟) نەیتوانی پەشیمانم بکاتەوە لە پرسیار
واقم لە هیچ ( ! ) نەوڕما
چومە کۆتاییی هەر دێڕێکەوە
بە پشتا کەوتمەوە سەرەتا..!

تێبینی: بە ئەنقەست لەم شیعرەدا کەمترین خاڵبەندی دانراوە، زیاتر خاڵبەندییەکان بە وشە لە نێوان کەوانەدا دانراون کە پێوەندییان بە سروشت و فەزای شیعرەکەوە هەیە.



شیعر

بەناز کوێستانی

# نزیکترین کەسی لە خۆم..
# ئەی مەرگ

ئای مردن
من چەند دۆستی تۆم
کەچی تۆ دۆستایەتیم ناکەیت
ئای مردن
من چەند هۆگری تۆم
کەچی تۆ هۆگرم نابیت
ئای مردن
من چەند هاوڕێی تۆم
کەچی تۆ هاوڕێیەتیم ناکەیت
من چەند حەز ئەکەم وەک دوو هاوڕێ دەست لەناو دەست
ئێواران بەسەر شاردا بفڕین و
لەنێو ئاسماندا گەمە بکەین
کەچی تۆ حەز بەپیاسەی ئێواران ناکەیت
حەز بە فڕین ناکەیت
ئای مردن من چەند تۆم خۆشدەوێت



کەچی تۆ هەست بەخۆشەویستیی من ناکەیت

***

هاوڕێ ئازیزەکەم مردن

وەرەو

وەک دوو کۆتری گوێسوانەی ماڵە گوندنشینەکان

بەگوێی یەکدیدا بگمێنین

وەرەو وەک دوو ماری عاشق

لە باڵای یەکدییەوە بئاڵێین

خۆزگە ئەمزانی ئەم مردنە

لەگەڵ کێدا دۆستە، تاوەکو منیش ببمە دۆستی

لەگەڵ کێدا هاوڕێیە، تا منیش ببمە هاوڕێی

هەموو مرۆڤی سەر ئەم زەمینە لە تۆ ئەترسن

سڵت لێ ئەکەنەوە

کەچی تۆ ئەبیتە میوانیان

بەتەنیا من عاشقی تۆم

کەچی تۆ نە دەبیتە مەعشوقم

نە دەبیتە میوانم

نە دەبیتە هاوڕێم

نە بۆ تەنیا ئێوارەیەکیش پیاسەیەکم لەگەڵ دەکەیت

بەناو شاردا

نە سپێدەیەکیش لەگەڵم دەفڕیت بەئاسماندا



***

ئەی مردن ئەگەر مەرگ

تەنیا کاری تۆ بێت

ئەوە من فێرت دەکەم

چۆن عاشقانە ڕۆح بکێشی

چۆن هاوڕێیانە هاوڕێیەتییان بکەیت

ئەی مەرگ ئەگەر تۆ تەنیا وشەی ناشیرین بی لای هەمووان

ئەوا تۆ تەنیا وشەیەکی جوانی
لای من
تەنیا وشەیەکی پڕ مانا و
فەلسەفەی لای من
تەنیا وشەیەکی پڕ لە ژیانی لای من
***
ئەی مردن وەرە ببینە هاوڕێ
باسی دوای تەواوبوونی مرۆڤەکانم بۆ بکە و
باسی جیاکردنەوەی رۆح و جەستەم بۆ بکە
باسی بانگکردنم بکە بەناوی دایکمەوە
وەرەو نهێنییەکانی
جارێکی تر رۆح لەدایکبوونەوەم بۆ بکە
مردنی هاوڕێم
وەرەوە بۆ تەنیا چەند دەقیقەیەک
باس لە نهێنییەکانی ژیانێکی نوێم بۆ بکە
چونکە هەمووان لەوێ دەترسن
وەرەو تێم گەیەنە با منیش کوێرانە وەک ئەوان لە تۆ نەڕوانم
نێوانمان نەبێتە نێوانی جیابوونەوەی دوو عاشقی هەرزەکار
وەرەو ئاشنام کە بەپاکیزەیی خۆت
دڵنیام تۆ لە هەمووان پاکیزەتری
دڵنیام تۆ لە هەمووان بەسۆزتری
دڵنیام تۆ لە هەمووان جوانتری
بۆیە ئەوەت پێ دەکەن
گەورەترین نهێنییان داوەتە دەستت
بێ ئەوەی سڵ لە درکاندنی یەک وشە بکەیتەوە
***
ئای مردن
من بۆ ئەوەندە پەرۆشی تۆم



کەچی تۆ بۆ تەنیا جارێک
لەوسەری کۆڵانەکەمانەوە
ئاورێکی بەسۆزم لێ نادەیتەوە
ئاورێکی دۆستانەم لێ نادەیتەوە
بۆ تەنیا جارێک
بەتیلەی چاوەکانت
سەری رەزامەندی بۆ هاورێیەتیم نالەقێنی
بۆ تەنیا جارێک
بەسۆزەوە لێم ناروانی
هەست بەم تەنیاییەی من ناکەیت
لەم حەشاماتەدا
هەست بەتەنیاییی من ناکەیت
لەم ژیانە قێزەونەدا
لەم فرە ئازادییەدا
کە ئازادی بینە قاقای گرتووین
ئێمەش فریای ئەوە ناکەوین
بۆ تەنیا یەک سات
بەئازادی بیر بکەینەوە
خۆمان بگۆڕین
مکیاج بکەین
پێ بکەنین
بگرین
گوێ لە مۆسیقا بگرین
یان بۆ تەنیا جارێک
لەگەڵ هاورێکەمدا بەئازادی رێ بکەین
بۆیە بەتۆ ئاشنام ئەی مەرگ
تا لەم ئازادییە قێزەونەی
لە بڵندگۆکانەوە بانگی بۆ دەدرێت



رزگارم بکەیت

بۆ دنیا هات نەهاتەکەی خۆت

تا بزانم ئاخۆ لەوێندەریش

هەمان پێوەر هەیە بۆ ژیان

بۆ ئازادی

بۆ خۆشەویستی

ئاخۆ لەوێش

لە دنیا هات نەهاتەکەت

چ بەزم و رەزمێکی سەکۆ ئازادەکان لە گۆڕێدایە

بانگەواز بۆ کام جۆری دەستوور

بۆ کام فیدراڵیەت

بۆ کام فرە رەگەزیی ئاینی ئەکرێت

دەمەوێت ئاشنا بم پێت

فێرم بکەیت

ئەی مەرگ

بۆ تەنیا جارێکیش بێت

وەرەو لە پەنجەرەی ژوورەکەم بدە و

مەیە ژوورەوە

ئەزانم بەپەلەیت پێت ناکرێت

تەنیا بەچپە کەمێک باس و خواسی خۆتم بۆ بکە

باسی نهێنییەکانی رۆحکێشان و

ئازادییەکانی ئەوێندەرم بۆ بکە

ئەی مەرگ



***

زۆر بێزارم لە خۆم

بێزارم لە بوونم

نازانم بۆ بەر لەوەی بێینە بوون پرسە گورگانەیەکمان پێ ناکرێت

بەر لەوەی لەناویشم بەرن هەر پرسە گورگانەیەکم پێ ناکرێت

بۆ ئەو کاتانەی زۆر بێزارم ئازار تەنگی پێ هەڵچنیوم
نابیتە هاوڕێم ئەی مەرگ
وەرەو لەم شەوە تاریک و تەنیاییەدا ببە هاوڕێم
وەرەو لەم کاتی رووخانەدا ببە هاوڕێم
ئەی مەرگ دەستم دامێنت
پێش ئەوەی دڵم بشکێنرێت
خوێن دڵۆپ دڵۆپ لە چاوانم بێتە خوار
پێش ئەوەی دڵم بخرێتە سەر پشکۆی ئاگر
جەستەم ئەنجن ئەنجن بکرێت
هەموو شەوانێک بخرێمە گریان
دڵم پڕ لە ئازار و سوێ کەن
پێش ئەوەی لەسەر بچووکترین شت محاسەبە بکرێم
تکایە وەرەو لەگەڵ خۆتدا ببمە
من لێت ناترسم بزانم بەکوێدا گوزەر دەکەیت
سەرەرێگەت لێ دەگرم
ئەی مەرگ

Banaz73@gmail.com



شیعر

گۆران رەسووڵ

# مێشکم بەتاڵ، گیرفانەکانم پڕ

١،

٢،

٥،

٢٠،

٤٩٦،




سی و نۆ هەزار و حەوتسەد و پەنجا جار
لە گەلێک مزگەوتی جیاواز
گوێم لە "الله اکبر" بووە
مزگەوتی رەش
مزگەوتی سپی
مزگەوتی گەورە
مزگەوتی بێ منارە
مزگەوتی بێ کارەبا
مزگەوتی تەنیشت بەندیخانە

ئێوارەیەکی باراناوی
بە دەنگی بانگبێژێک
تەواوی ئەو گەڕەکەی
کە خۆشم نەمدەزانی بۆ لەوێم؟
بێدەنگ و گوێبیست کردبوو

لە دەمەوعەسرێکی بێ تاقەتیشدا
دەنگی مەلای مزگەوتەکەی ناو بازاڕ
دوکاندارەکانی لە سوێندخواردنی بە درۆ بێدەنگ نەدەکرد

بەیانییەکی دووبارەش
زایەڵەی بانگی
مزگەوتەکەی نێزیک ماڵەکەمان
منی، لە خەونێکی هەرزەکاری بەخەبەر هێنایەوە



وا ڕێک دەکەوێ
هەموو نیوەڕۆیەک
گوێبیستی دەنگی ناخۆشی بانگبێژێک ببم
کە مزگەوتەکەی چەند هەنگاوێک لە مەیخانەوە دوورە

لە عیشایەکی پڕ لە بیرکردنەوەشدا
سەر بەناو کتێبخانەکەمدا دەهێنم و دەبەم
دەمەوێ
گومانەکانی "دیکارت" بخوێنمەوە،
"نیتچە" بە خۆی و سمێڵەکەیەوە
لەناو کتێبەکاندا وەستاوە و
دەیەوێ دووبارە گفتوگۆ لەسەر "هیچ" بکەینەوە
لەولاشەوە
جەمال غەمبار دەیەوێ

پیاسەیەکم لەگەڵ ئاودا پێ بکات
دەخوازم (فروغ) تەنیاییەکەم بڕەوێنێتەوە
لە ناکاو بۆ پێنجەم جار
لە ڕۆژێکی پڕ لە درۆ
پڕ لە دزی
پڕ لە قۆڵبڕین
پڕ لە کوشتن
پڕ لە بێ مانایی
پڕ لە نایەکسانی
پڕ لە جەهالەت
پڕ لە دەبەنگی
گوێم لە "بانگ" دەبێتەوە...



شیعر

هێمن عــوسمان عەبدوڵڵا

# خوێندنەوەی چەند پەیڤێک لە هۆڵێکی چۆڵدا



**"مانەوە لە تەنیایدا"**

پەیکەری ناو پارکێک پێی گرت و
پارکەکەی جێ هێشت
بە درەختێکی وتبوو گەر سۆراخی منیان کرد
بڵێ لەوەتەی دانراوە تەنیایە

**"یادگەی مرۆڤ لە سەدەی نوێدا"**

بەیانیان بەر لە هاتنە دەرەوەم
تەواوی ماڵەکەم تێک دەدەم و
شپرزەی دەکەم
ئێوارەش کە دەگەڕێمەوە
بەر لە چوونە ژوورەوەم زەنگ بۆ پۆلیس دەکەم
دەڵێم کەسێک بەمەبەستی دزی هاتووەتە ماڵەکەم

**"نهێنی"**

لە دوورەوەڕا سەرنجی مرۆیەکم دا

خۆی کوشت
چوومە سەر تەرمەکەی کاغەزێکی جێ هێشتبوو
کردمەوە
هیچی تێدا نەنووسرابوو

**"گوناهی لەیەکچوونی خەڵک"**
بەیانی تا ئێوارە لە شارێیەک
تەماشای هاووڵاتییانی گوزەرکەر دەکەم
هەموو لەیەک دەچن
لە ڕێ ڕۆیشتنا
هەموو لەیەک دەچن
لە خەوتندا
بۆ ئەوەی لەوان نەچم
تەنیا جارێک دەخەوم و
بەخەبەر نایەمەوە



**"خەڵکانێک هەن لە ئێمە ناچن هەمیشە بەختەوەرن"**
سەدەیەک بەختەوەری و بزە لەسەر لێویەتی
منیش نیگەران
دوو گوللە بەناوچەوانیەوە دەنێم
مۆنالیزا
**"مردوویەک وەهای گوت"**
نازانم ژیان کردن وەک خەڵکی ئاسایی چۆنە
تا بڵێم "ئێستا وەک ئەو خەڵکەم
کە ئاسایی دەژین "

**"وشکانیی گەرووم"**
تینوویەتیم ناشکێ
ئەمە سەرەڕای ئەوەی

ڕۆژانە بەسەبەتەی پڕ
ئاو دەخۆمەوە

**"پەنجەرەیەکی ڕوون بۆ بینین"**
هیچی لێوە نابینم

**"گیربوون "**
ناتوانم بەفر بم
چونکە ناتوێمەوە و
کەسانێک لە سەرما
ڕەق هەڵدێنم



**"من یەکێکم لە ئێوە "**
شەوێک لە گۆڕستان ڕۆژم کردەوە
هەستم بە ترپەی دڵی مردوویەکی تەنیشتم دەکرد
ڕۆژانی دواتر چوومەوە و
بەتۆخی ناوی خۆمم لەسەر گۆڕێکی
کاڵبووەدا نووسی

**"بێ شەرمی زەوی"**
کاتژمێری دەستم ڕادەگرم
مۆبایلەکم دەخمە تەوالێتێکەوە
بەهاوڕێکەم دەڵێم
کاتژمێرەکانیماڵتان بشکێنە
پاترییەکانی دەربکێشە
تا زەوی نەخولێتەوە

**"وێنەکان دەپەیڤن"**
لەوەتەی هەم نیگەرانم

دەگریەم
نیگەرانیم بەم چەشنە
حەز لێ نییە
تکایە دام بگرن
وێنەی سەرۆکێک

**"نووسینی سەر دیوارەکان"**
ژ
ی
ا
ن
ژیا
ن
ژیان
پیرەمێردێک بەچاویلکەوە
بۆی نەدەخوێندرایەوە



**"هەقیقەت "**
کچ و کوڕێک
یەکتریان خۆشدەویست
شەوانە لە پەنا یەکتردا دەخەوتن
یەکتریان ماچ نەدەکرد

**"هەواڵێکی سیاسی لە کۆوارێکی ئەدەبیدا"**
سێوێکی گەنیوو
کرم تێی داوە
ئومێد لە سەدەی
پۆست مۆدێرندا

**"سەفەرێکی دوور بۆ داگرتنی ئەستێرەیەک"**

خوشکم دێتە ژوورەکەم
تا هەواڵی ئەوەم پێ ڕابگەیەنێ
ئەمشەو مرۆیەک لەسەربانی ماڵمانەوە
خۆی فرێ داوەتە خوارێ و
نازانرێ تەرمەکە کێیە
دەبینێ من لەوێ نیم و
لە درەنگانێکی شەودا جێگەکەم جێ هێشتووە

**"مرۆڤ نەمرە و دەمێنێتەوە "**

چل و هەشت سەعات
خۆم بە پەتێکەوە هەڵواسی و نەمردم
کورسییەک لەژێر پێم بوو

بەهاری ٢٠١٢



شیعر

ئومێد عەلی

# ماڵێک لە گوڵ، ماڵێک لە ئاگر



خۆت لە ئەوینم لامەدە
رووت لە نیگام وەرمەگێڕە
هیوام پێوەستە بە تۆوە
گەنجێتیم داوە بە ژیان
نیگام بەخشیوە بە دەریا و
رۆحم لەناو
پێکی سووری بەدبەختیمدا
هەڵدەلەرزێ...
ئەوەی هەمە دڵێکی شێت و شەیدایە
هەزاران جار وەک مەدالیا
لە شێوەی سێدارە و خاچدا
ناردوومە بۆت
کەچی تەنیا بۆ یەک جاریش
رازی نەبوویت
بە گەردنتا هەڵی واسی.
خۆت لە ئەوینم لامەدە

ڕووت لە نیگام وەرمەگێڕە
بڕوا بکە
دەزانم کە زۆر ناسکی
بەرگەی ژانەکانی عەشق و
شەڕی بێوەفایی ناگری.
تۆ لە هێمنیی دەریادا
ماڵێکت لە گوڵە زەمبەق
لە مەڕمەڕ و لە مرواری
بۆ تەنیاییی خۆت تاشیوە
منیش لە ناخی تووڕەییی بیاباندا
خوا ماڵێکی لە ئاگر
کەلاوەیەکی بێ دەرگەی پێ بەخشیوم.
بەهۆی تۆوە من و دەریا زۆر دڵمان بە یەک دەسووتێ،
منێک کە دەستم پێت ناگا و
دەریایەکیش کە هەمیشە ژیانی لەگەڵ تۆدایە
بەڵام ئەفسوس ناتوانێ نازت هەڵبگرێ...
خۆت لە ئەوینم لامەدە
ڕووت لە نیگام وەرمەگێڕە
تا باخچەی بەرماڵەکەتان
پڕ بکەم لە گوڵە شیعر و
داری وشە و
پەخشانی رازی یەک ویستن.
خۆت لە ئەوینم لامەدە
ڕووت لە نیگام وەرمەگێڕە....



شیعر

بێستوون مینە

# باغێک لە زەڕنەقووت پێ گەییوە ئێمەش لەوێداین . .

باغێک لە زەڕنەقووت پێ گەییوە
دارەکانی گەڵا ناگرن
بەریان نییە
ڕەگی درێژیان هەیە
چ پەنهانییەکە
***
هەرچی بوونەوەرە هاتوون
مرۆڤیش
چۆلەکەکان
شاعیرێک لە نوێژی بەیانییەوە
بەردەم باغەکە
پڕە لە ئۆتۆمبێلی گەورە
مشتە لە سندووق
وەرزی ڕنینی زەڕنەقووتەیە
***
دەنگی باغەوانە مردووەکە دێ



بانگی خەڵک دەکات!
دەرگەی باغەکەی کردووەتەوە
چ دەرگەیێ!
گەورەتر لە دەروازەی شارێک،
ئۆی دارەکان چەند بەرزن
مرۆڤەکان دەستیان کرد
بە کڕنۆشبردن
باغێکی تاریک.. سامناکتر
لە شەیتان
***
لە تروسکاییەک باوکمان دیارە
خەریکی موتووربەکردنی دارەکانە
وەستایە



***
شاعیر.. ئێرە باغی ئیرەم نییە!
خۆی بیر چووەتەوە و
دەستی ڕاستی لەسەر دڵی
چەپی داناوە
مناڵەکان چەند بوێرن
هاتوون
کۆشیان پڕە
دەستیان پڕە
دەمیان پڕە
خەریکی کۆکردنەوەی پاشەڕۆکی زەڕنەقووتە وەشێنراوەکانن
***
ئەم باغە لێوانە لە مردن
تا تێنووێتیی خەڵکەکە بشکێنێ
چۆلەکەکان
بوونەوەرەکان

هەر زوو پووکانەوە لە تێنوویتییان

***

دەمەوئێوارەیە
کاتی چوونە دەرە،
ئەسەف
باغەوانەکە مردووە
دەرگەی باغەکە ناکرێتەوە
ئێمەش لەوێداین
لەو کاتەوە ئەوێ
بۆ ئێمە ئێرەیە
ئەوێ دەسگیرانی ژیانمانە
ئەوێ نیشتمانە
نیشتمانێک پڕە لە نۆتەکانی ئاوازێکی برسیی
دێرە شیعرێکی تاریک
لە زمانێکی پیرۆزی دڕ
ئاوێزانە لە کڕنۆش.



فرو غ فەروخزاد

# پەریزادی شیعری مۆدێرنی ئێران

دوو شیعر

لە فارسییەوە:
بابەک سەحرانەوەرد

وتەیەک:

«فرو غ فەروخزاد» لە ١٥ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی لە شاری تاران لەدایک بووە و لە ٢٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٥دا کۆچی دوایی کردووە. کەواتە هەم لە زستان لەدایک بووە و هەم لەم وەرزە ساردەیش مردووە.

لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بە هاوسەری پەرویز شاپوور کە پازدە ساڵ لەو بەتەمەنتر بووە دەردێ و دەکرێ ئاماژە بەمەیش بدەین کەهاوسەری شاپوور وەک دەلاقەیەکە کە فروغ دەتوانێ تا ڕادەیەک خۆی بە ژنێکی ئازاد بزانێت و لەو فەزا ناخۆشەی ماڵیان کە باوکە سەرهەنگەکەی بەچاوی سەربازخانە دەڕوانێ، خۆی ڕزگار بکات.

شاپوور بەپێی نیازی پیشەکەی دەگەڵ فروغ بۆ شاری ئەهواز دەڕۆن و لەوێدا نیشتەجێ دەبن. دوای نۆ مانگ کوڕێکیان دەبێ کە ناوی دەنێن کامیار.

هەر لەم تافە بوو کە فروغ دەکەوێتە نێوجەرگەی شیعر و ژیان و هەست و بیرەکەی تووشی گۆڕانکارییەکی وەها دەبێ کە ئەمە بەجۆرێک دەبێتە سەرەکیترین هۆی جیابوونەوەی لە شاپوور و لەدەسدانی تاقە منداڵەکەی. هەمیسان فروغ ژیانێکی تەنیا و نائومێدانە بەسەر دەبا.

دوای ئەم ڕووداوە پڕ دەردە فروغ دەس دەکا بە ئەزموونکردنی جۆرەوجۆر لە بواری شیعریی و بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکانی لە کۆوارە ئەدەبییەکانی ئەو سەر دەمە وەک فردوسی.

فرو غ پێنج دەفتەرە شیعری هەیە کە لە سێ دەفتەری هەوەڵ ژنێکی تەنیایە کە بەزمانێک و دڵێکی هەستیار بەڵام ساکار و ناسک لە هەوڵدایە کە لە کۆمەڵگەی پیاوەزنی و تەواوی ئەو

ئوسووڵ و داوونەریتەیە کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا باو بوون و ژن بە چاوێکی سووک وەک بەندە و دیل کە دەڵێی بەهیچ لەونێک خاوەنی هیچ مافێکی مرۆڤانە نییە هاواری خۆی بەشێوەیەکی هونەری دەردەبڕێت بەڵام لە دوو دەفتەری ئاخری خۆیدا ئەگەر چیی هەر تەنیایە بەڵام چاوی بەرەو دنیای شیعر زۆر کراوەتەوە و شێوازێکی جیدیتر و پڕ بایەختر دەگرێتە ڕێ و ناوی بۆ هەمیشە لە لووتکەی شیعری مۆدێرنی ئێران دەدرەوشێ. شیعری ئەم ژنە شاعیرەکە بە زۆربەی زمانە بیانییەکانی دنیا وەرگێڕدراوە ئێستاکە بۆ خوێنەری کورد زمانیش زۆر ئاشنا و پڕ سۆزە چونکە شیعرێکی ئاسمانی و ئینسانییە.

## باڵندە تەنیا باڵندەیەک بوو

باڵندە وتی: « ئاه چ بۆنێک، چ هەتاوێک، بەهار گەیشتووەتە بەر.
منیش بەشوێن جووتەکەی خۆمدا دەڕۆم .»
باڵندە لە قەراخی هەیوان فڕی، وەکو خەبەربەرێ
فڕی و ڕۆیشت.
باڵندە بچووک بوو
باڵندە بیری نەدەکرد
باڵندە ڕۆژنامەی نەدەخوێند
باڵندە قەرزار نەبوو
باڵندە مرۆڤەکانی نەدەناسی
باڵندە بەسەر هەواوە و
لەسەر چراکانی مەترسی
لە بەرزاییی بێ هەواڵیدا دەفڕا و
ساتە خۆشەکانی
شێت ئاسا ئەزموون دەکرد
باڵندە، بەداخەوە تەنیا باڵندەیەک بوو.

خاکەلێوەی٨٧– تاران

## دڵم بۆ باخچە دەسووتێ

کەسێ لە بیری گوڵەکان نییە
کەسێ لە بیری ماسییەکان نییە

هیچ کەسێ نایەوێت
بڕوا بکات باخچە خەریکە دەمرێت
کە دڵی باغچە ژێر هەتاو ئاوساوە
کە زەینی باغچە خەریکە هێواش هێواش
لە خاترە سەوزەکان خاڵی دەبێتەوە و
دەڵێی هەستی باخچە
شتێکی تاقە کە لە کونجنشینی باغچەدا داڕزاوە
حەوشەی ماڵی ئێمە چۆڵە
حەوشەی ماڵی ئێمە
لە چاوەڕوانی بارینی هەورێکی نائاشنا
باوێشک دەدا و
حەوزەکەی ماڵمان خاڵییە
ئەستێرە بچووکە بێ ئەزموونەکان
لە بەرزاییی دارەکان دەکەونە سەر خاک و
لەنێو پەنجەرە ڕەنگ فڕیوەکانی ماڵی ماسییەکان
هەموو شەوێک دەنگی کۆکەی لێ دێت

باوکم دەڵێت:
«مەجالێ بۆ من نەماوە
لە من تێپەڕیوە
ئەمن کاری خۆم کردووە» و
لە دیوەکەی، سەرلەبەیانی تاکو ئێواران
یا شانامە دەخوێنێت
یا ناسیخول تەواریخ دەورە دەکات
باوکم بە دایکم دەڵێت:
«لەحنەت لە هەرچی ماسی و مریشکە
ئەو کاتە کە من دەمرم
بە من چی کە باخچە ببێت یا نەبێت
من مووچەکەی خۆم ببێت، بەسمە.»

دایکم هەمووی ژیانەکەی
بەرماڵێکی ڕاخراوەیە
لە ئاسانەی ترسی جەحەنەمدایە.
دایکم هەمیشە بۆ هەر شتێک
گوناحێک دەبینێت و
پێی وایە کە کفری تاقە گیایەک
باخچەکەی وشک کردووە
دایکم هەموو ڕۆژێ خەریکی دوعاکردنە
دایکم گوناحکارێکی سروشتییە و
دوعا بەسەر گوڵەکاندا دەخوێنێت و
دوعا بەسەر ماسییەکاندا دەخوێنێت و
دوعا بەسەر خۆیدا دەخوێنێت
دایکم چاوەڕوانی زهوورە و
بەخشینێ کە لە ئاسمان نازل دەبێت.
براکەم بە باخچە دەڵێت قەبران
براکەم بەشڵەژاویی گوڵ و گیاکان پێ دەکەنێت و
لە لاشەی ماسییەکان
کە ژێر پێستی دەردەداری ئاو
زەرِە زەرِە گەندەڵ دەبن
ژمارەیان لێ هەڵدەگرێت.
براکەم لە فەلسەفەدا خۆی نوقم کردووە
براکەم شەفای باخچە
لە وێرانکردنی باخچەدا دەبینێت
براکەم مەست دەکا و
بەمەستیش مشت دەکێشێ بەهەموو شتێک و
لە هەوڵدایە کە بڵێت
زۆر دەردەیار و هیلاک و نائومێدە
براکەم نائومێدییەکەشی
هەروەک پێناسە و ڕۆژمێر و دەسەسرِ و فەنەک و قەڵەمەکەی

دەگەڵ خۆی دەباتە دەرەوە و
نائومێدییەکەی
ئەوەنە بچووکە کە هەموو شەوێ
لە قەرەباڵغیی مەیخانە گوم دەبێت و
خوشکەکەم کە هەڤاڵی گوڵەکان بوو و
ئەو کاتە کە دایکم لێی دەدا
قسە ساکارەکانی دڵی خۆی
بۆ کوڕیلکەکەی خۆش و بێدەنگی ئەوان دەبرد و
جاروباریش بنەماڵەی ماسییەکانی
بەهەتاو و شیرنیی میوان دەکرد...
ماڵی خوشکی من لەو سەری شارە
ئەو لەناو ماڵە دەسکردەکەی خۆی
لەگەڵ ماسییە سوورە دەسکردەکانی و
لە پاڵ ئەڤینی هاوسەرە دەسکردەکەی و
لەژێر چڵی دارە سێوە دەسکردەکانی
گۆرانیی دەسکردەیی دەخوێنێ و
منداڵی سروشتی دەبێت
هەر کاتێ ئەو
بۆ بینینی ئێمە دێت
و سووچی داوێنەکەی بە فەقری باخچە پیس دەبێت
ئەوسا خۆی بە ئۆدکلۆن دەشوا
هەر کاتێ
ئەو
کە دێ بۆ بینینی ئێمە
ئاوسە.
حەوشەی ماڵەکەمان تەنیایە
حەوشەی ماڵەکەمان تەنیایە
تەواوی ڕۆژ
لە پشت دەرگا دەنگی لەت لەت بوون و

تەقینەوە دێت
دراوسێکانمان بەجێی گوڵ لە خاکی باخچەکەیان
خۆمپارە و موسەلسەل دەچێنن
دراوسێکانمان لەسەر حەوزەکاشی کراوەکانیان
دەرخون دادەنێن و
حەوزە کاشییەکان
بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ
ئەمباری نەهێنی باڕووتن و
کیفی منداڵە قوتابییەکانی کوچەی ئێمەیان
پڕ کردووە لە بۆمبی بچووک.

حەوشەکەی ماڵی ئێمە گێژە
من هەر لەو کاتەوە کە حەوشە
دڵی خۆی گوم کردووە ئەترسم
من لە تێڕوانی بێهوودەیی ئەو هەموو دەستە و
لە وێناندنی نامۆبوونی تەواوی ڕوخسارەکان دەترسم
من وەکو قوتابییەک
کە دەرسی هەندەسەی
شێت ئاسا خۆشم دەوێ بە تەنیام و
پێم وایە دەکرێ باخچە ببەین بۆ خەستەخانە
من وادەزانم...
من پێم وایە...
من پێم وایە...
دڵی باخچە لەژێر هەتاو ئاوساوە و
زەینی باخچە خەریکە هێواش هێواش
لە یادەوەرییە سەوزەکان خاڵی دەبێتەوە.

گوڵانی ٨٧- تاران

سەرچاوە: دیوان کامل اشعار، فروغ فرخزاد، نشر البرز

چیرۆک

ئەدیب نادر

# مارشی قەلەڕەشەکان



کەس خۆی لە قەرەی دەرگەکە نەدا، هاوسێکان چەندین ڕۆژ بوو زەق زەق لە چرا و گڵۆپە داگیرساوەکانیان دەنواڕی و سەرچاوەی دەنگ و بزاوتنیان لە هیچ شوێنێک هەڵنەدەکڕاند، ئیدی پۆلیس هاتن و زەفەرەیان بە داخرانەکە برد و لە گرێژەنە دەرگەکەیان دەرکێشان، ئۆردووی بۆگەنی و داهێززانی نۆرمەڵی شتەکان پەلاماریان هێنایە دەرێ و سەراپای فەزا جەڕاوەکەی زێواریان پێماڵ و داگیر کرد.

ئەو دەمودەستە هیچ کەسێک نەیتوانی ئەو تەلیسمە هێڕکەر و تاقەت پڕووکێنە حەوتوویییە تێکوپێک بشکێنێت و وەدوور کەوێت، من کە لە دووریی مەودایەکی مامناوەندیدا ڕاوەستابووم، ڕوانیمە دیوارەکە کە ڕوو پیاداهەڵگەڕاوەکان و هەستم بە ئامادەیی شێیەکی سەرشێت و کەسکوون کرد کە بە سەلیقەیەکی بێهاوتاوە، ئەو مەودا دەستەمۆیەی لە ئامێز نابوو، دەرگە داخراوەکانی تر، پەنجەرە وێکهاتووە تاساوەکان، عەرزی نێو دیوارەکانی خانووە هەتیووکەوتووە بێ خانەخوێکە، سندووقە تۆکمە پەنامەک و نهێنی هەڵگر و بەها داپۆشەرەکە، هەستێکی سەیری وەکو ئەو گەرد و خاکەی شتە نیوداشتەکانی ئێرووکانەی لە خۆیەوە وەردابوو باوەشی بە ناخمدا کرد و بۆ ساتەوەختێک بەراتی مەنگییەکی کەسیرەی تێدا بەجێ هێشتم، بۆ یەکەم جار سۆزەیەکی وام لەلادا چەکەرەی کرد کە هێشتاکێ خواوەند لە سازکردنی سەروسەدا و گڤەگڤ و هەڵکردنی با نەبووەتەوە، کشوماتی ئابڵووقەی سەراپەردەی شتەکان بوو، بە توندوتۆڵی دەستەسڕە شینباوەکەم لە کەپوومەوە ئالاند و هەر تەنیا چاوەکانم لەگەڵ شتەکاندا گفتوگۆی بەرقەرار دەکرد و دووبارە دەیڕسکاندنەوە.

نازانم لەبەرچی زنجیرە هەنۆیەکی دووری بە کەفوکوڵ گرێدراوی ناو ماڵەکە لە تانوپۆی هەستمدا وروژان، گەشتیارانە نیگایەکم ڕەوانەی کرد و کتوپڕ شتێکی تر خۆی بەرجەستە کرد، جەستەیەک کەوتبووە زەریای جاڕوجەنجاڵی پرخەپرخ و خەوێکی تا بڵێی بێ تانوپۆ و قووڵەوە، چاوە بەهێلوون داچووەکانم خەریک بوون لە تاو بۆگەنییەکە خۆیان دەهاویشتە دەرەوە، کەس نەترە و یارای ئەوەی نەبوو تۆزقاڵێکیش بەرەوپێشەوە بڕوات، من، پێم بەجەرگی خۆمدا نا و گوتم وەژووریٚ دەکەوم، هەرگیز ئا لەمە خراپتر نابێت، هەموو شتێک لە جێ سەقامی خۆیدا چاودێریی گۆڕانکارییەکانی لاشە هەلاژاوەکەی دەکرد، سەرەتا بزووتنەوە و ترپەکان فێگرتنی و گەیشتنە چڵەپۆپە و ئیدی پەلەفڕکێی ناوەوە و دەرەوە سەری هەڵدا، زۆری نەخایاند هەموو شتە کراوەکان چوون بەیەکدا و کڵۆم بوون، ڕۆح وەک پەپوولەیەک لە قۆزاخە دەربازی بووبێت، دای لە شەقەی باڵ و دیوار و ئەسپابی ماڵەکە و شتەکانی تر بەرەنگاری بوونەوە، قەدەرێک خۆی کێشا بەمدیو و بەودیودا و گەڕایەوە نێو چەقی جەستە ڕاکشاوەکە و بووەوە بە جەمسەرێک تێیدا و تەکانی بە دەستێک دا و بەرەو تەلەفۆنەکە ناردی، بەڵام لەگەڵ هەڵگرتنی بیستەکەکەدا کۆتا بەو تەزووە کەم تینەش هات کە پارێزگاریی بەمانەوە دەکرد، بیستەکەکە چەشنی شەقڵێکی بە قەنارەوە هەڵپەسێردراو شۆڕ بووەوە خوارێ، دڵەکوتێیەک سەراپا زیندەگی ئاوەژوو کردەوە، خوڕە و تەوژمی

خوێن داچۆڕایە سەر تخووبی دەرەوەی ئەم نەخشە گۆشتینە، سەرەتا تەوژم و تین، پاشان هێدییەک قوڵپەقوڵپی بنبڕ بوو و بەرێڕەوە خۆسازەکەیشیدا دووپاتە ڕێچکۆڵەی سستی بەستەوە، مەیین و کەسیرە بوون پاش ساتەوەختێکی کەمخایەن بوو بە تەگەرەی بەربینی ڕەوتەکە و خنکاندی. ڕۆژێک.. دوو ڕۆژ.. حەوتوویەک.. بەرەوژوورتر.. جارێکی تر مەیین و مردنە بێ ڕووخسارەکە ژیانی تریان لێ کەوتەوە و جموجۆڵیان لێ پەیدا بوو. کرم و مێروو سەیر شایلۆغانیان بەست و ئیمپراتۆریەتێکیان لە سەرانسەری ئەم نەخشە گەنیو و گەندەڵەبووەدا، بەرقەرار کرد و سەرەتایەکی تریان ڕاگەیاند، پار، چوو لەلای کوڕەکەی پاریسی مایەوە و لەوێ ئۆپەرەیشنیان بۆ ئەنجام دا و یەک دوو خوێنبەر و خوێنهێنەریشیان بۆ گۆڕی و گوایە لە چەورییە بەستووەکانیش پاکیان کردووەتەوە و کە هاتەوە، سوێندت لەسەرم نییە گوڕێکی تری هاتبووە بەر و ئیدی کەسێکی تر بوو، تەمەنی زۆر هەڵنەکشا بوو، دوای کۆتاییهاتنی گەشتی ئەم دنیایەی مێردەکەی، لە ڕوانگەی ماڵ و حاڵەکەیەوە دەینۆڕییە سەرلەبەری پێوەندییەکانی، هەر لەبەرئەوەیش بوو، ئەو سەرهەنگەی کە گرەویدە و عاشقی بووبوو گەلێکیش تەقەلای بێهوودەی دابوو، هەموو هەوڵەکانی بەزایە چووبوون، ڕەتی کردبووەوە، شووی پێ نەکردبوو، ئاخۆ خوونەریت وابوو؟ یاخۆ شتێک کەوتە ئاراوە، تا بە حاڵ کەس پاسڤێک بۆ ئەوە شک نابات، شەممەی پێش ڕابردوو بۆ سەردانی هاتبووە ماڵی برا قرچۆک و ڕژدەکەی، کە دەمەوئێواریێ بەرەو ماڵێ گەڕایەوە، لە پارچینەکان سەرکەوتە سەرێ و خڕ بەدوای خۆیدا دەرگەکەی دەرێی بە کلیل داخست، گڵۆپەکانی پێ کرد و دوای زاڵبوونی ڕۆشناییەکە بوومەلەرزەیەک کە لەوێدا، لەو قووڵاییە پەردەپۆشانەدا خۆی مەڵاس دابوو شەباقە و شەقاری خستە ڕووبەری جەڕێنراوی دڵە داخراوەکەیەوە، تەنیا ئەم شتە بێ هەست و خوست و لاڵانە دەزانن چۆن بەرهەڵستی و بەرگرییان لەو حاڵەتە مەحاڵانەی سەرەمەرگ کردووە، خۆشبەحاڵیان کە زیندە حیسێبیان بۆ نەکراوە، ئەگینا هەتا ڕادەی نەفرەت و زینهاربوون بە دوور و درێژی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا و چەندین ئیمزا و پەنجەمۆریان پێ دەکرا . خامۆشییەکە بە ڕووی تێکچڕژان و جەنجاڵییەکەی دەرەوەدا ئاوەڵا دەکەمەوە، بایەکی تووڕە پەنجەرەکان دەسمێ کە لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا کرابوونەوە، دەیانسمێ و بۆن و گەندەڵییە لە تامڵ بەدەرەکە پەرش و بڵاوت دەکاتەوە، ئیتر بۆگەنی و لە تامڵ بە دەریی ژیان هێندەی تر بەرجەستە دەبێت، هێڕ و کاس لە خۆم دەکەومە سۆراخ، کەچی سەرەنجام نازانم بۆچی هاتوومەتە ئێروکانە؟ چاوە تژی سەرسووڕمانەکانم دادەپچڕم، ئەو شەقڵ و بارستاییە قەڵەو و کەتەیە دووهێندەی تری لێ هاتووە، لەپی دەستم بەسەر پێڵووەکانیدا دەهێنم بۆ ئەوەی ئیدی بینایی لەم دنیایە ببڕێت و چاوی تێیدا نەمێنێتەوە وەکو، باوە و دەڵێن! پێڵووەکانی چەشنی باڵی ناسک و هەڵپڕووزاوی پەپوولەیەک هەڵدەوەرێن. پاشەکشێی لێ دەکەم، بە باک و پەروایەکی زیاترەوە لێی دێمە دواوە، کە هەتاکو هەنووکە پەیم پێی نەبردووە. توندوتۆڵتر پاڵەپەستۆ دەهێنمە سەر لووتم، وەکو ئابڵووقەدراوێکی نێو گڕ و کڵپە دەمەوێ پەنا بەرمە بەر پەنجەرە ئازادکراوەکان، کەچی کاتێک

هەست بەخۆم دەکەم، کە ئیدی بەرەو دەرگەکە کشاوەمەتەوە، زایەڵەی شوومی تەلەفۆنەکە سڕ و کەسیرەم دەکات. وەکو پەیکەرێکی چەقبەستوو ڕام دەگرێت، حاجی تا ئەو کاتە دوورەپەرێز، یەکسەر بە وەرامەوە گریی دەدات. دەگەڕێمەوە، دیسانەوە لە خۆم حاڵی نابم، نازانم من چ پێوەستییەکم بەم گێرمە و کێشەیەوە هەیە؟ دوێنێ کوڕە ئاوارەکەی پاریسی لە وەڵامی حاجی ڕژد و چکووسی خاڵیدا ڕاستەوخۆ پەیجۆری ئەوەی کردووە، کە میراتەکەی بۆ بپارێزرێت و دەست لە هیچ شتێکی نەدرێت، کوڕەکەی تریشی گوتوویەتی بەجێی هەقی بسپێرن چونکە لە کاتێکی ئەوتۆدا مردووە ناتوانێت لە ڕێورەسمی ناشتنیدا ئامادە بێت، کچەکەیشی، شەو بە مێردەکەی گوتبوو ئۆخەیش خەمێکی چەپەڵمان لە ئەستۆ داماڵرا، ئیتر بۆ ساتێک لە هەنووکە دابڕام، دایکم وەبیر هاتەوە، ئەو حەلە منداڵ بووم، نەمدەزانی بۆ لێی تێ نەدەگەیشتم کە دەیگۆ کێژم هەرکەسە و بۆ خۆی خۆش بێت، کێ بەکێیە!؟ منیش یازدە ساڵی خشتە دڵم لە منداڵەکانم گەندەڵە، پاروو لە زارم دەرفێنن و بۆ ئەوی دەبەن، هەر بەناوە لەگەڵ مندان، خۆم دەزانم ئەویان زیاتر خۆش دەوێت، هەموو خەتاکەیش فرێ دەدەنە ئۆباڵی من! لەوەتەی جیا بووینەتەوە پاساو بۆ ئەو دەهێننەوە و بەسەر مندا دەیسەپێنن، هەردەمیش من لەسەر ناهەقم و لە گۆشەیەکدا دەور تەنراوم، وێڕا هێڵنجەکانیشم کەچی هەر گەڕامە ناوەوە. بۆگەنیی ئەو لاشەیە هەنووکەیش ژوورەکانی یادی ژاوە کردووم و سایلی تەمومژی زستانی بەرچاوی شارە لە دەریا نزیکەکەم، نارەوێتەوە، من کۆک و تەیاری سەراپای شتەکان بووم و ئەوانیش سەرقاڵی ئەوە بوون بیشۆن و گۆشتە خەنەیی هەڵگەڕاوەکە پەڵەپەڵە هەڵدەوەرییە خوارەوە، کەڵکی ئەوەی پێوە نەمابوو بۆیە لێی گەڕان و لە شوشتنی پاشگەز بوونەوە، هەر وا هاکەزایی دەستەبەرگی گۆڕیان بە زۆرەملێ تێوە پێچا و بەرەو ئەوێندەرێ، ڕەوانەیان کرد. لەوێندەر چەند قەلەڕەشێکی باژێڵە دوا مارشی بەدرەقەدانیان بۆ قیراند و وا دیاربوو ئۆقیانووسێک لە ئاسماندا بانگی دەکردن، هەڵفڕین و بوون بە چەند لەکەیەکی دووری ئەو قووڵاییە و لە هەتەری چاو بەلەسە بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش هەستم نەکرد کە لە چاو ون بوونە، هێشتایش دەمبینین، لە دەوروبەری بیلبیلەمدا دەخولانەوە، هەر وەکو تووێکی بیژۆک خرایە سینەی ئەو تەپۆڵکەیەوە و جێ هێڵرا، من و حاجی و قەلەڕەشەکانی دەوروبەری چاوم گەڕاینەوە، لەوە دڵنیام کە تەنیا من ئێستاکێ وەکو تەرمێکی نەنێژراو لە یادی خۆمدا هەڵم گرتووە و دەیپارێزم، بۆیە لەو ساتەوەختەوە، بنیاتی ڕامانم ئاوەژوو بووەتەوە و تەنیا شتێک مەزنی و شکۆی لەلامدا پەیدا کردووە، ئەوەیش بەجێنەهێشتنی شتەکان.

ئۆگستی ١٩٨٩ گۆسپۆرت

چیرۆک

سواره کافرۆشی

# تەنیاییم ئەدوێ.. بێدەنگی

هەر لەو ساتەوەی لەدایک بووە بێدەنگە و وەڵامی هیچ پرسیارێک ناداتەوە، هەندێک جار دەبینی کەسێک پێ دەکەنی، تامەزرۆ بوو بزانێ ئەوە چییە، یان کە باوک و دایکی دەبینی دەمەقاڵەیان بوو دەیویست بەشدار بێت لەگەڵیاندا، کە گەورەش بوو ئەو شتانە خۆیان دەکردە پرسیار و دەهاتنەوە یادی، بەڵام نەیدەتوانی پرسیاریان لەبارەوە بکات.

ڕۆژێک نەیتوانی کەسێک بدوێنێت، شتێکی گرینگی نەبوو کە لە هەموو مرۆڤەکاندا بەدی دەکرا، کەچی خۆیشی نەیدەزانی چییە، کاتێک گەورە بوو تەماشای تەلەڤزیۆنی دەکرد، ئارەزووی بوو هەموو شەوێک تا درەنگان بە دیار شاشەکەوە دانیشی و تەماشای فیلم بکات، ئێستا ئەو تێ گەیشتووە کە ئەو ناتوانی دەنگ دەرکات، تەماشای هەموو فیلمێکی دەکرد، هەموو فیلمە دەنگدار و ئاکشنەکان، ساتیرییەکان، تەنیا شتێک لەم فیلمانەدا بیترساندبا بێدەنگی بوو.

## گەڕانەوە

لە باوەشیدا خەوتبوو بەیانی بە ماچ هەڵیسان، کاتێک چاوانی کردەوە غەرقی سینە و مەمکی رووت بوو، هەروەک ئەوەی منداڵێک بێت لێوەکانی خستە سەر گۆی مەمکی، بەیانی ڕۆژی ڤالانتاین بوو، ڕۆژی خۆشەویستی، خەڵک گوڵی سووریان وەردەگرت، کەچی ئەو لە ماچدا نوقم بوو، سەراپا رووت بەبێ شەرم لە باوەشیدا نووستبوو، لە خەیاڵیدا لە بیری ئەوەدا بوو دەیگوت ئەگەر قەشە ڤالانتاین بمابووایە ئەویش ئێستا لە باوەشی نەرمی ئافرەتێکدا تاریکی شەوی بە ڕۆژی رووناک دەسپارد.

ڤالانتاین، پێڵووی چاوی کچی لە شەودا مەست کردووە و لە ڕۆژدا وەئاگای هێناوە، لە شەودا جەستەی رووت کردووە و بۆ بەیانیش بە لێوانی دای پۆشتووە.

ئای ئەم ڕۆژانە نایابن، ئەگەر ڤالانتاین بمایە ئێستا چ دەروێشێکی جەستەی جوان بوو، چ سەرخۆشێکی ماچی لێوان بوو؟!

ئێستا من ڤالانتاینم.. بە ماچی لێوی تۆ مەستم و بە سەرخۆشی و جەستەی رووتەوە لەنێو باوەشی تۆدا وەخەبەر دێم.

## نامەکانی باران

زستانێکی تووڕە بوو، بۆ پیاسەیەک لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە، هەوا سارد بوو، ئاسمان لە زەوی تووڕە زەویش کشومات، هەورەکان وەک ئەوەی چاودێری هات و چوونم بکەن بەسەر سەرمەوە بوون، یەکێک دەهات و یەکێک دەڕۆی.

دەمەوئێوارە بوو لە کەنار باخچەی یادی نەمران دانیشتبووم، هەورێکی نێرینەی ڕەشتاڵە بە دەنگە گڕەکەی بەسەرمدا هاواری کرد، هاواراکەی هێند بەرز بوو گوێچکەمی کاس کرد.

ئاسمان زەویی شووشتەوە، لێزمەی باران ریزە ریزە ئابڕووچوونەکانی زەویی پاک دەکردەوە، گەڵاکانیان دەشووشتەوە و شەقامەکانیان لە پیسیی زەوی دادەماڵی.

هەورەکان هێمن بوونەوە، بارانیش هێدی هێدی دادەباری منیش لەژێر دارێکدا دانیشتبووم جگەرەیەک وزەی بەخشی بە جەستەم و هەناسەمی ژیاندەوە... بارانیش نمەنمە نامەکانی بۆم دەخوێندەوە.

نامەی یەکەم

نەرمە بارانم، یاری دەستی ئاشقانم، کچ و کوڕان لەژێر مندا سەما دەکەن، منیش بۆیان پێ دەکەنم.

نامەی دووەم

بارانی زەویم، نەمامەکان تێر ئاو دەکەم و دارەکانیش دەشۆمەوە و سەوزایی دەبەخشم بە گەڵاکان، تا لە بەهاران ئاشقان لەژێریدا ژوانی یەکەم ساز بدەن و ماچی یەکەمی لێوان بکەن.

نامەی سێیەم

بارانی لێزمەم، باخچەکان دەشۆمەوە و گوڵاڵەکان دەژێنمەوە و حیکمەتی من لەوەدایە یەکەم ماچی تۆوەکانیش ئەنجام دەدەم.

نامەی چوارەم

من بارانێکی پڕم هێندە پڕم هەرچی ناشیرینی زەوی بێ لەگەڵ خۆمدا ڕای دەماڵم، هەرچی پیسایی زەوی بێ دەیشۆمەوە.

نامەی پێنجەم

هێندە نەرمم ناتوانم لە شێوەی باران خۆم دەربخەم، دەبمە هەڵم و بە ئاسمانێدا دەفڕم، تا شەو بەرەنگان چاوەڕێ دەکەم، لە بەیانی زوودا من شەونم و ئاورینگم بەسەر گەڵای دارەوە، دڵۆپێک بارانی بەجێماوی سەر گەڵای دارم تکە دەکەمە پشت ملی گەنجێکەوە کە چاوەڕێی یارەکەیەتی و لەو بەیانییەدا یاریی لەگەڵ دەکەم.

## نوێژێک بۆ تۆ... پاڕانەوەیەک لە خوا

وێنەیەک سەراپا شەوق و ڕووناکی، دەتگوت وێنەگرەکە وێنەی فریشتەیەکی ئاسمانی، یان ژنەماسییەکی دەریای گرتووە، پرچێکی خاو هێندە جوان بوو، دەمویست بۆ ساتێک بۆت شانە بکەم، دەمەوێ بۆ ساتێک بێمە ناو وێنەکەوە و لە تەنیشتەوە ڕاوەستم، هێند بێدەنگ بوویت، بێدەنگیت نۆتەکانی سەمفۆنیایەکی پێک هێنابوو.

ئارەزوومە هەروەک دەروێشێک لە زیکردا بم بۆ تۆ. نوێژێک بکەم بۆ باڵات و هەروەک ڕاهیبەیەک ئامادەم هەزاران ساڵ لە چاوەڕوانیدا بم تا پێت بگەم.

هێندێک جاریش لە خوا دەپاڕێمەوە ساتی مردم نزیک بێت، لێ نەگەڕێ هێند ئازار بچێژم.

## پشیلە لە شەودا

سەعات دووی شەو بوو، ملی ڕێگەم گرتبوو بەرەو ماڵ دەبوومەوە، کاتێک بە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا تێپەڕ دەبی دەیان شت هەن سەرنجت ڕادەکێشن.. لە کوچەیەکدا عاشقێک لە بەردەم پەنجەرەیەکدا ڕاوەستاوە لەگەڵ یارەکەی دەدوێ و ژوانی ئاشقانەی ساز داوە لەم درەنگی شەوەدا، لە کۆڵانێکی ئەولاتر گۆڵە سەگێک هەڵنیشتوون و کە منیان بینی پێم وەڕین، لەوێ دەرڕۆم و لە کۆڵانێکی تەسکدا تووشم بوو بە تووشی سەرخۆشێکەوە کە چارەکێک بلاک جاکی بەدەستەوە بوو دەینۆشی و گۆرانییەکی خەمگینی دەچڕی و کە منی بینی داوای جگەرەی لێ کردم.

لە هەموویان سەرنج ڕاکێشتر چەند پشیلەیەکم بینی لە پەنا دیوارێک، بەدیار پشیلەیەکەوە ڕاوەستابوون و ئەویش لەو کاتەدا دەزا، کاتێک منیان بینی وەک ئەوەی شەرم بکەن زیاتر چوونەوە ناو یەک و پشیلە مێیەکەیان لەنێو خۆیاندا شاردەوە.

پشلەکە زا و چەند بەچکەیەکی بوو، لەو کاتەدا وەک ئەوەی پۆلە منداڵێک بن؛ دەستیان کرد بە هوتاف کێشان و هاوارکردن...

لەمسەر و لەوسەری کۆڵانەمە چەند پشیلەیەکی تر دەرکەوتن وەک ئەوەی ڕەوە منداڵێک بێت بە هاتوهاوار دایکەکە و بەچکە تازە بووەکانیان پێش خۆیان دا و تا لە چاوان ون بوون تەماشام کردن.

چیرۆک

گۆران ڕەئووف

# کەمانچە



١

ماوەیەک بوو خەیاڵاتی سەیر سەریەخەی پێ گرتبووم، نەمدەزانی هەڵقووڵاوی چ دوورگەیەکن، کەوتبوومە بیری خەسڵەتەکانی ژیان... بەڵام لە شێوەی کەسێکی زۆر بێدەسەڵاتدا خۆمم دەبینی، چونکە لەو کاتەی ژیانمدا یەکەمین کەس بووم کە بەیانییان زۆر زووتر لە هاورێکانم دەرۆیشتمە سەرکار، وە کۆتا کەسیش بووم دەستم لە کار هەڵدەگرت، شەوانەش بەتەنیا و لەسەر شوێنی نوستنەکەم دەکەوتمە بیرکردنەوە قووڵەکانم و هەستم بەئازارێکی گەلێک لە خۆم مەزنتر دەکرد، لە کاتێکدا لە ماناکانی ئەو بیرکردنەوانەم نەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی کە بێ هۆکار نین و چەندان شتی شاراوەیان لەپشتەوەیە، هەستم بەو ڕاستییە کوشندانەش دەکرد کە ناخیان کرمۆڵ کردبووم و بەجارێک ونیان کردبووم لەناو بڕیارە چەوتەکانی سروشت و هەوەسە سەیر و بێ ویژدانیەکانی گەردووندا.

٢

ڕۆژانێکی بێ شومار و دوور و درێژمان بەسەر برد لەناو تەپوتۆز و گەرمییە سووتێنەرەکەی کارگەدا، هەموومان لە سەرەتای ڕۆژەوە بەهیوایەکی دووبارە و سەدبارە دەرۆیشتینە سەر کاری دوێنێمان و خۆڕاگرانە کارمان دەکرد لە پێناو ژیانێکی کەم ماناداء نازانم بۆ زۆربەی هاورێ کرێکارەکانم بەردەوام پێدەکەنین... بەدەم ئەو ئارەقەی کە لە بازوو و مەچەکەکانیانەوە دەهاتە دەرەوە، لەوە دەچوو هەستیان نەمابێت و بە جارێک خۆبەختانە خەون و هیواکانیان سڕیبێتەوە لە ناخی گڕگرتوویاندا... من هەر لە سەرەتاشەوە کە ڕۆیشتم لەو کارگەیەدا کار بکەم بڕیارمدابوو ددان بەخۆدا بگرم لە بەرامبەر ئازارەکانی کارکردندا، بۆ ئەوەی نەگەڕێمەوە ئەو ماڵەی کە باوکە دڕندەکەم لێی کردبووین بەو دۆزەخەی باسیان لێوە دەکرد، نەکەومەوە ژێر قسە ناخۆش و بێتامەکانی، لە کاتێکدا لەو ماوەیەی کەوتبوومە ئەو حاڵەتە نامۆ و تایبەتەوە، شەوانە بەشێکم لەو بیرکردنەوانەم تەرخان دەکرد بۆ ئەو شارە تەپوتۆزاوییەی کە لێوەی هاتبووین لەگەڵ چەند کوڕێکی هاورێمدا، لەوێشەوە دەگەڕامەوە بۆ نێو ماڵەوە و بۆ ساتێکی خەمناک چاوە پڕ لە قسەکانی دایکمم دەهاتە پێش چاو، کە ڕۆحی دەتواندمەوە، لەولاشەوە نیگا سۆزاوییەکانی خوشکە عازەبەکانمم دەبینی، وە لە نیگاکانی ئەوانیشەوە تێ دەگەیشتم لە گشت هیوا و خەونەکانی برا (هەشت) ساڵانەکەم، لەو کاتەدا ئیدی ئەسرینە بەخوڕ و بەردەوامەکانم بیرکردنەوەکانمی دەشێواند، لە دوای ئەو بیرکردنەوانەم هەر لەسەر جێگەی نوستنەکەمەوە فرمێسکەکانمم دەسڕی و بیرم دەرۆیشت بەرەو عەشق و سۆزێکی پێناسەنەکراو، کە لەوەوپێشیش بەشەرمەوە بیرم لێ دەکردەوە، یان بەجۆرێک باوکە شەرمەزارەکەم هۆکار بوو بۆ پشتگوێخستنی ئەو سۆزە گەورەیەی ناخم، کە دڵنیا بووم لەوەی سەرجەم تواناکانمی پێوە بەندبوو، بەڵام ئێستا بەخەندەیەکەوە بە خۆم دەڵێم: "ئیدی تواناکان لە چاڵ نران و هەر لە سەرەتاییی ساوایییانەوە بوو سەریان پان کرایەوە".

٣

ئەو منداڵییەی خۆمم لە یادە کە شەوانی هاوینان لەسەر سەکۆکەمان و لە نزیک دایکەمەوە دەنوستم، لە نیوەی شەودا بە ئازاری باڵە سڕبووەکانمدا بەخەبەر دەهاتمەوە، سەرەتا چەند جارێک باڵەکانم بەزەویدا دەدا، بۆ ئەوەی لەو تەزینەی کە زۆر کات تووشم دەبوو ڕزگارم بێت، بەڵام هەروەکو ئەوەی چەندین مێروو لەناو خانەی باڵەکانمدا بێت، بۆیە دەبوو کەمێک نوزەم لێوە بهاتایە، بەڵام هەر ئەو ئازارە بەجێی نەدەهێشتم و هەر لەو کاتانەدا گوێم لە وەڕەوەڕی سەگە بیرسییەکانی کۆڵان دەبوو، دەترسام و دەگریام، لە پاشاندا دایکم لە خەو هەڵدەستا و بەسۆزێکی دایکانەوە دەیوت:"مەگری ڕۆڵە مەگری"، لە دواییشدا کەمێک ئاوی پێ دەدام و پاشان بەبێ ترسەوە دەنوستمەوە تا بەیانی، بەڵام ئەو ماوەیەی کە لەو حاڵەتە تایبەتەدا بووم بەتەنیا و بەتەنیا لە سەربانی کارگەکە دەنووستم و چەندان بیرکردنەوە و خەیاڵاتی هەمەچەشن دەهات بەمێشکمدا، هەر لە حاڵی خوشکە بەشەرمەکانم و دایکە چاوتەڕەکەم و برا پرچ تۆزاوییەکەم تا بیرکردنەوە لە خۆم و عەشقە تەڵخەکەم، دەکەوتمە بیری توانایەکی گەورەی ناخم کە زۆر زۆرم خۆش دەویست، بەڵام باوکم لە ناخمدا دەری هاورد و فڕێی دا، هەتا ئێستاش لە گەڕاندام بە شوێنیدا، بەڵام ئەفسوس تائیستا نەمبینیوەتەوە، هەموو کات لەو شەوانەدا بەنیگای کەسێکی تکاکارەوە لە ئەستێرەکانی ئاسمانم دەڕوانی و هەستم دەکرد لەو ناخە پەرش و بڵاوەم تێ دەگەیشتن، ئێستاش بەهەمان شێوەم، لەبەر ڕووناکیی مانگ و ئەستێرەکاندا دەنوسمەوە، بەڵام جودا لە ڕابردوو، نازانم بۆ ئەو بیرکردنەوانەم نەماوە؟ یان پێدەچێت لە ڕابردووشدا لەو بیرکردنەوانەم نەبوویێت!! بەڵام چۆن لەو ماوەیەدا کەوتمە ئەو حاڵەتە تایبەتی و نامۆوە؟...، نازانم، پێ دەچێت هێندە ناخم ئاڵۆز بێت خۆشم لێی تێ نەگەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم هەمان هۆکار و هەمان حاڵەتە وا خەریکە وام لێ دەکات ئەو هەستە شەرمن و شاراوەیەم بەم شپرزەیە دەرببڕم.

٤

ماوەیەکبوو دوای ئەو کاتە هەر لەو بیرکردنەوە و حاڵەتە نامۆیەمدا دەخولامەوە، بەردەوام لە کارکردنمدا لەبیری ئەو توانا و بەهرەیەمدابووم کە نەمدەزانی لەدوای فڕێدانی لەلایەن باوکمەوە کەوتوتە کوێوە، لەبیری ئەو سۆز و عەشقەمدابووم کە نەمدازانی بۆ چ شتێکە، لە کاتێکدا شەوانەش دەیگریاندم و دەیکردم بە لاوازترین مۆرڤ لە ئاست خۆیدا، وە یەکەم هۆکار و بەهێزترین هۆکار بۆ گۆشەگیر و کەم قسەیم لەگەڵ هاوڕێ کرێکارەکانمدا ئەوبوو، یان هەر ئەو بیرکردنەوانە بوو وایکرد نزیک ببمەوە لە دۆزینەوەی توانا و بەهرەکانم، بەڵام بێهودە، لەوێشەوە بە بڕیارێکی چەوتی سروشت لێم ونبوویەوە، لە کاتێکدا وا خەریکە هەمان حاڵەت لەلام دووبارە دەبێتەوە، بەڵام پێویستە هەوڵ بدەم ئەمجارەیان بگەمە کەمێک تێگەیشتن لەو ناخە شپرزەیەم، کە دڵنیام چەندان شتگەلی شاراوەی تێدایە و کەشوهەوایەکی تەندروستی دەوێت بۆ دۆزینەوە و بەرجەستەکردنیان.

## ٥

ئەو ڕۆژەم بەجوانی لە بیرە کە وام هەست دەکرد بەهرە ونبووەکەی خۆم دۆزیوەتەوە، ئەو ڕۆژە بۆ من زۆر شت بوو، چونکە وام دەزانی زۆر نزیک بوومەتەوە لە دۆزینەوەی ئەو بەهرە فڕێدراوەم، ئای لەو ڕۆژە چەند لەناو سۆزێکی گەورەدا بووم، چەند هەستم بە شادیی ڕۆحم دەکرد، وام دەزانی لەو بەهەشتەدام کە باس دەکرێت، بەڵام لە پاشاندا کە بیرم لە رووە ڕاستەقینەکەی دەکردەوە سەرجەمم لێ دەبووەوە بەخەونێکی خۆش، بەڵێ خەونێکی خۆش... ئەو ڕۆژە بۆ من جۆرێک بوو لە سەرەتای قۆناغێکی نوێ، چونکە ئێستا تێ دەگەم کە لە دەرگەی کرانەوەی بەهرەکانم دەچوو... لە یادمە لە بەیانییەکی نوێدا، وەکو ڕۆژەکانی ڕابردوو، هەموومان ڕۆیشتینەوە سەر کار، من وەکو هەموو ئەو ڕۆژانەی کە لەوێ تێم پەڕاندبوو، خەریکی کارکردن بووم، کات کەمێک تێ پەڕیبوو لە بەیانی، واتە خۆر گەرمییەکەی بەردابووەوە، لەو کاتەدا بوو بەڕێوبەرە درێژ و ڕەنگ ئەسمەرەکەمان هات و بانگی لە من و چەند کرێکارێکی تر کرد، پێی وتین ئێوە بڕۆن تا ئەو کۆمەڵە خشتە ئامادەکراوە بارکەن و بشرۆن لەگەڵیدا تا دای دەگرن، ئێمە وەکو کارێکی هەمیشەییمان ڕۆیشتین دەستمان کرد بەئەنجامدانی ئەو کارەی پێمان وترابوو، سەرەتا کە نزیک بوومەوە لە ماشێنە بارەبەرەکە، کابرایەکی گەنجم بینی، کەپێ دەچوو کوڕیش بێت هێندە گەنج دەردەکەوت، بەڵام بەگشتی دیاربوو کە تەمەنێکی تێ پەڕاندووە، نیگای چاوەکانی لە مرۆڤێکی جیاواز دەچوو، جیاواز لەو پیاوانەی ڕابردوو کە دەهاتن، چونکە ئاگام لێ بوو هەندێ جار لەو کاتەی کە ئێمە کارمان دەکرد بەدزییەوە و بەسۆزێکی بەزەییانەوە تەماشای دەکردین، هەر لەو کاتەشدا بوو منیش لێم دەڕوانی، بۆیە سەیرکردنەکانمان لەلای یەکتر ئاشکرابوو... بۆ ئەوەی لە گومان دوورم بخاتەوە خەندەیەکی بێ ئاگایانەی کرد و منیش هەمان شتم بۆ کردەوە.

## ٦

لە بارکردن تەواو بووین، هەموومان لەگەڵ خشتە بارکراوەکاندا ڕۆیشتین، نەمدەزانی بۆ چ جێگەیەکە، بەڵام ئەوە پرسیارێکی گرینگ نەبوو بۆ منی کرێکار، چونکە لەوەوپێشیش هەر ئەو پرسیارانەم دەهات بەبیردا و لە بیرم دەکردن، چونکە دڵنیا بووم بەگەیشتنمان بەشوێنی ئامادەکراو وەڵامی ئەو پرسیارەم وەردەگرم، بەڵام ئەوەی لەلام سەیربوو، ئەوە بوو زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەوجارەیان دەبێت بۆ کوێ بێت؟ هێشتا لە ڕێگەدا بووین، چەند جارێک ئەو پرسیارەم لە هاوڕێ کرێکارەکانم کرد و ئەوانیش نەیاندەزانی، بەڵام وەکو من بە تاسەوە نەبوون بۆ ئەوەی بۆ کوێیە، ماوەیەک بوو ماشێنەکە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن لەناو شەقام و کۆڵانەکانی شاردا، تا ئەوەی گەیشتینە نزیک بینایەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، هەر لە بەردەم ئەو بینایەدا ڕاوەستاین و دەرگە مان بۆ کرایەوە تا بڕۆینە ژوورەوە، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی چ جێگەیەکە، هیچ گومانیشم نەبوو کە دەبێت کوێ بێت؟، تەنیا لە بیری ئەوەدا بووم پاش کەمێکی تر تێ دەگەم کاری

ئەمجارەمان بۆ کوێ بووە.

لە دوای ئەوەی کە ڕۆیشتینە ناو حەوشەی بیناکەوە، خەڵکێکی زۆرم تێدا بینی، هێندە زۆر بوون سەرەتا نەمدەزانین کێن و چ کارەن، لە دوایدا بۆم دەرکەوت سەرجەمیان لاون وەکو ئێمە، بەڵام ئەوان وانە دەخوێنن و ئێمەش کرێکارین... ئای بەو لێکدانەوەیەم چەند بیر و خەیالاتم ڕۆیشت، بەڵام گوێم پێ نەدا و بەجۆرێک خۆمم لێ گێل کرد و دەستم کرد بەکارکردن و داگرتنی خشتەکان لەگەڵ هاوڕێ کرێکارەکانمدا، لە کاتی کارکردنماندا یەکێک لەو کوڕانەی کە بەردەوام لە قسە نەدەکەوت بەچرپەوە گوتی: "ئاگاتان لەو کچ و کوڕانەیە؟"، لە دوای ئەوە یەکێکی تر لە کوڕەکان وەکو وەڵامێک گوتی: "باسی کوڕەکان مەکە، سەیری ئەو کچە شۆخ و شەنگانە بکەن چەندە ناسک و جوانن"، دواتر یەکێکی تر لە کوڕەکان سەیرێکی منی کرد و گوتی: "جا بە ئێمە چی!؟ با کارەکەمان بکەین باشترە ئەی وانییە"؟، منیش بەو خەیاڵ و بیرکردنەوانەمەوە بەهێمنی وتم بەڵێ... وایە...وایە.

٧

هەر لە کاتی کارکردندا بوو کە ئەو جێگەیەی نەمدەزانی کوێیە تێ گەیشتم (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە)، ئەو کات کەوتمە بیری ئەوەی ئەو گەنجانەی پیاسەیان دەکرد بەکۆمەڵ کۆمەڵ ئاخۆ دەبێت چەندە خۆشحاڵ بن، لەبەرئەوەی دەزانن بەهرەکەیان چییە، ئای لەو کاتەدا چەندە حاڵم شپرزە بوو، هەستم دەکرد بەهرە فڕێدراوەکەم زۆر لەوی ئەوان گەورەترە، دەمگوت: "دەبێت چۆن بیدۆزمەوە"؟ بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە کارم دەکرد و دەمبینین دوو دوو سێ سێ لە تەنیشت یەکەوە وەستابوون و قاقا پێ دەکەنین، هەستم بەقوڵپێک لە گریانی نەکراوە دەکرد، چەندان بیرکردنەوەی سەیر سەیر دەهاتن بەمێشکمدا و لە بیرم دەکردن هەستم بەکەمێک تێگەیشتن دەکرد لەو حاڵەی ئەو کاتەم و ڕابردووشم، بۆیە لە ناخەوە بەخۆمم دەگوت "نانا ئەوە ڕاستەقینەی من نییە بگرە ژیانی ڕاستەقینەم، باوکە بێ سۆزەکەم و کارکردنی بەردەوامم و درێژەپێدانی ڕابردووە"، بەو بۆچوونەم ڕازی نەدەبووم و دەیان بۆچوونی تر دەهاتن بەبیرمدا، بەهیچیان ڕازی نەدەبووم، مێشکم وەک شارە زەردەواڵەیەکی ئاڵۆزکاوی لێ هاتبوو، هەڵبەت ئەوە بۆ من ئاسایی بوو، ئاخر من زۆر کات وام لێ دێت.

ماوەیەک بوو هەر بەردەوام کارمان دەکرد هێشتا بڕێک لە کەرەستەکەمان مابوو تەواو دای بگرین... لەبەر گەرمیی هەتاودا هەستم بەماندووبوونی خۆم دەکرد، بۆیە ڕۆیشتم تا ئەوەی کەمێک ماندوویێتیم دەرچێت، کە ڕۆیشتم لەب مردەم پەنجەرەیەکدا بەلۆعەیەکم بینی و کەمێک ئاوم لێ خواردەوە، لە کاتی ئاوخواردنەوەکەمدا بوو... بەڵێ ئەو کاتە بوو... ڕێک ئەو کاتە بوو... گوێم لە دەنگی پارچەیەک مۆسیقای دڵڕفێن بوو، کە وام هەست دەکرد ئەو دەنگە نزیکە لێمەوە، بۆیە سەرم بەرز کردەوە و کەمێک بەدەوری خۆمدا ڕوانیم، سەرەتا هیچم نەبینی، لە دواییدا سەیری پەنجەرەکەی بەردەمم کرد، بینیم کچێک ڕووبەڕوو لەبەرامبەرمدا بەکەمانچەکەی دەستییەوە

مۆسیقا دەژەنێت و چاوەکانی دوور دوور ڕۆیشتوون، دەنگی مۆسیقاکە تێکەڵاوی ئەو شارە زەردەواڵەی مێشکم بوو، وام دەزانی زۆر ماندووم، چەند جارێک سەرم بەملا و لادا راوەشاند و هەستم کرد باشتر دەتوانم گوێم لەو مۆسیقایە بێت... دواتر دڵنیا بووم ئەو دەنگە مۆسیقایە لەلام نامۆ نەبوو وام دەزانی لە ڕابردوودا گوێم لێ بووە، ماوەیەکی کاتی بیرم کردەوە، کەی و لە کوێ گوێم لێ بووە؟، بەڵام نەمزانی، هەر بۆیە بەخێرایی هاتمەوە هۆش و بەخۆمم وت گوێ بگرم باشترە...

لە جێگەی خۆمدا وەستام و گوێم لەو پارچە مۆسیقایە گرت کە کچەکەی بەرامبەرم دەیژەنی، بەجارێک بردمیە خەیاڵ و بیرکردنەوەوە، بیرکردنەوە لە بەهرە ونبووەکەم، بیرکردنەوە لەو عەشقەی ناخم، تەنانەت بیرکردنەوەش لەو کچەی کە کەمانچەکەی بەدەستەوە گرتبوو، بەڵام چ بیرکردنەوەیەک بوو؟ نازانم... نازانم... نازانم... تەنیا ئەوەندە نەبێت کەوتبوومە نێو دنیایەکی پڕ خەیالات و ئاڵۆزەوە، کەوتبوومە ژیانێکەوە هەستم بەشادومانیی ڕۆحم دەکرد تیایدا، لەو کاتەدا بەشێوەیەکی خێرا و کاتی، هاتە مێشکمەوە "کە پێ دەچێت بەهرە و توانای من لە کەمانچەیەکی سووربادا بێت!!! یان تێکەڵی ڕۆحم لەگەڵ ئەو دەنگە مۆسیقایەدا ئەو بۆچوونەم پشتڕاست ناکاتەوە"؟، ئەوەشم نەدەزانی...

بۆیە ئەو بیرکردنەوەیەشم لەیاد کرد و بەتەواوی وەکو گوێگرێک خۆم دەرخست، لە کاتێکدا کچەکە بەردەوام بوو لە ژەنین، لە چاوەکانیەوە دیاربوو کە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو، چونکە چاوەکانی بەڕاوەستاوی هێشتبوویەوە لەو شوێنەی کە لە سەرەتاوە لێی دەڕوانی، لەو کاتەدا بوو، ئاگام لێ بوو کە کوڕێک دەرگەی ئەو ژوورەی کردەوە کە کچەکە کەمانی تێدا دەژەنی، هاتە ژوورەوە، لە دواییدا کچەکەش لە ژەنینەکەی ڕاوەستا و هەردووکیان بەخەندەوە لە یەکتریان ڕوانی، لە پاشان کوڕەکە بەسۆزێکی ناسکەوە دەستی کچەکەی گرت و ڕۆیشتنە دەرەوە و... تا ئەو کاتە من بەتەنیا لە بەردەم پەنجەرەکەدا وەستابووم، نەمدەزانی لە بیری چیدام؟، بەڵام دڵنیا بووم لەوەی کە زۆر ماندووبووم، چونکە ناخم ئاگرێکی شێتانەی لێ بەرز بووبووەوە، دەستەکانم دەلەرزین و هەستم بەهێزێکی بکوژ دەکرد تێیاندا، لەگەڵ ئەمانەشدا تووڕەیییەکی نەزانراو هاتوچۆی بوو لە جەستە شەکەتەکەمدا، هەڵبەت ئەو شتگەلانە هەمووی ساتێکی کاتی بوو لەلام و دووبارە هەستم بەکۆمەڵێک لەو خەیاڵە ڕاستەقینانە کردەوە، کە دەمزانی ئەو ڕاستییانە نزیکی ژیانی منن، نەوەک ئەو خەیالاتانەی کە لە ئەندێشەیەکی شێواوەوە دێنە دەرەوە، بۆیە هێمنانە و لەسەرخۆ ڕۆیشتمەوە بەرەو لای هاوڕێ کرێکارەکانم... کە بینیم هەموویان لە چاوەڕوانیی منداں، وا یدیاربوو کارەکەیان تازە تەواو کردبوو، ڕۆیشتمە لایان و وتم نەڕۆین؟ ئەو کوڕەی کە زۆر قسەی دەکرد لەسەر ئاوازێکی پێداهەڵدان گوتی: "هێشتا زوو نییە جەناب، لە کوێی"؟، من پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە یەکێکی تر لە کوڕەکان گوتی: "بابە پەلەتان چییە بۆ خۆتان سەیری ئەو کچە جوانانە بکەن"، بەڵام من هەر هیچم نەوت و مەستی ئەو ڕووداوەی پێشتر بووم، کوڕێکی تر لە کوڕەکان بەئاوازێکی بێزارانەوە گوتی: "بابڕۆین".

٨

له گەڕانەوەدا بووین بەرەو كارگە، من زۆر حاڵم پەشێو بوو، هەستم بەبێزارییەكی گەورە دەكرد، بەڵام هەوڵم دا ددان بەخۆدا بگرم تا ئەوەی له شتێك تێ دەگەم، سەرەتا بیرم لەوە دەكردەوە كە پێ دەچێت بەهرەكەی خۆمم دیبێتەوە، هەر بۆیە لەو كاتەدا كەمانچەیەكم دەبینی خۆی بەشەرمەوە نیشان دەدام، من لەوەوە لێكدانەوەیەكی خێرام كرد و شێتانە بەخۆمم گوت: "بەهرەی من له كەمانچەیەكدایە، بەڵێ... بەڵێ بەهرەی من كەمانچەیەكە و نە زیاتر"!

ئەو ڕستەیەم له مێشكمدا دەوتەوە و حەزم دەكرد شتی تر بێت بەخەیاڵمدا، بەڵام جگە لەوەی جارێكی تر شارە زەردەواڵەكەی مێشكم ئاڵۆزكایەوە و بەجارێك هەستم بەناڕەحەتیی ناخم دەكرد، وامدەزانی كەللەی سەرم هێندەی گەورەیە ئەو ماشێنە بارەبەرەی پێوە نووساوە، ئەوەندە سەرم قورس بوو... لەو ساتەدا بڕیارم دا كە پێویستە كەمانچەیەكم هەبێت، چونكە وام هەست دەكرد بەهرەی من له كەمانچەیەكدایە، وە بۆ ئەوەی ئەو بەهرەیەشم لێ ون نەبێت كەمانچەیەك كیفایەتە، بەدەم ئەم خەیاڵاتانەوە كە ماوەیەكی زۆر لەو ڕێگەیەدا بیرم لەلایان بوو، گەیشتینەوە كارگە و سەرجەم هەستە خەیاڵییەكانم لێ ون بووەوە دووبارە، جارێكی تر دەستم كردەوە بە كاركردن لەژێر گەرمیی خۆردا و بەیەكجاری هەموو بیركردنەوە و خەیاڵاتەكانم بەجێ هێشت و بە بێدەنگییەكەی ڕابردوومەوە ئارەقەی نێوچەوانم دەسڕی و كارم دەكرد.

٩

ئێستاش وام له هەمان ئەو جێگەیەی كە ئەو حاڵەتە نامۆییانەی لەلام دروست كرد، هەنووكەش لەبیری ئەو دەستەواژەیەدام "ئاخۆ بەهرەی من لەكەمانچەیەكدایە"؟، بەڵام وەك هەموو كات نازانم... نازانم! حەز دەكەم بەدەنگی بەرز هاوار كەم (ن، ا، ز، ا، ن، م)... هەرچەندە دەگونجێت كە وابێت... واتە بەهرەی من له كەمانچەیەكدایە؟ بەڵام لەبەرئەوەی "تا ئەبەد قسە ناخۆش و بێتامەكانی باوكمم له بیر ناچێت، كەمانچەم ناوێت، وەیان لەبەرئەوەی سروشتییەن نەگەیشتمە بەهرە و تواناكانم، ئەو كەمانچەیەم ناوێت كە وێنەكەی له ئەندێشەمدایە و شەوانە بەدەم ژەنینیەوە خەوم لێ دەكەوێت"، هەندێ جاریش له كاتی كاركردندا و لەژێر ئەو خۆرە گەرمەدا چەندین شت وەكو كەمانچەكەی خەیاڵم دەبینم بەڵام كە لێی نزیك دەبمەوە تەنیا سەرابێكە و هیچی تر.

١٠

وادەزانم ئێستەش باشترە بنووم بۆ ئەوەی بەیانی لە كاتی خۆیدا بچمەوە سەر كار لەگەڵ هاوڕێ كرێكارەكانمدا، تاكو پێكەوە ئاوازی نائومێدییەكان بژەنین... تاكو لەبەر هەتاودا دڵمان خۆش بكەین بەو هەزارانەی جێگەیەكیان نییە تێیدا ژیان ببەنە سەر.

كۆتایی هات

goranrauf@yahoo.com

چیرۆک

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

# لە مەمکەمژەوە بۆ جگەرە

بەگشتی حەزم بە میوانداری نییە. خراپم لێ تێ مەگەن، کەسێکی گۆشەگیر نیم، لێ چەندجار چووبێتم بۆ میوانداری، کە گەڕاومەتەوە ماڵەوە پەشیمان بوومەتەوە و لۆمەی خۆم کردووە بۆچی چووم بۆ ئەم میواندارییە.

بەڵام ئەمجارەیان نەمدەتوانی خۆم بدزمەوەو نەچم، چونکە یەکێک لەبرادەرە خۆشەویستەکانم، میوانداری کردم و زۆر جاریش گلەیی لێ دەکردم، کە بۆچی ناچام بۆ ماڵیان. ئەمجارەیان وتم " قیروسیا، با بڕۆم "

هەر کە زەنگی دەرگام لێدا، ئامانجی برادەرەم زۆر گەشایەوە، ئاخر لەو باوەڕەدا نەبوو کە بچم بۆ لایان. ئامانج هەتا بڵێیت کوڕێکی باش بوو. کرێکارێکی ئازاو چالاک بوو، لە یەکێک لە کارگە گەورەکانی ئەم وڵاتە وێرانە کاری دەکرد. ماوەیەکە خێزانی پێکەوە ناوەو منداڵێکی جوانکیلەشیان بووە. من زۆر ڕێزی ئەم برادەرەم دەگرم، ئاخر باشترین سیفاتی ئەم کوڕە ئەوەیە، لە پاشملە باست ناکات. بەڵام عەیبێکی هەیە، زۆر قسە ئەکات. من زۆر سەیرم لە مرۆڤی زۆر بڵێ دێت، ئاخر سروشتی مرۆڤ وا دروست کراوە، کە دوو گوێ و یەک دەمی هەیە. کەچی خەڵکانێکی زۆر، هێندەی قسە دەکەن، نیو هێندە گوێ ناگرن. یان هەیە هەر گوێ ناگرێت، کاتێک کە دەستی پێکرد، ئیتر دەبێتە ڕادیۆیەک و ناکوژێتەوە.

عادەتی ئێمە وایە، زۆر حەزمان بە گلەیی لێکردنی برادەری خۆمانە. هێشتا

دانەنیشتبووم، ئامانج وتی :

– ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە گۆشەگیر و وشکیت.؟!

ژنم هێنا نەهاتی، ماڵی نوێم کڕی نەهاتی، منداڵمان بوو نەهاتی، باوکم مرد هەر نەهاتی.

منیش هێندە تەریق بوومەوە و نەمزانی چی بڵێم. ئاخر ئەو بەجارێک یەک کۆمەڵ تۆمەتی بۆ ڕیز کردم و منیش وەکو کەسێک خۆی لەناو کۆمەڵێک " مین " دا ببینێتەوە وابووم. نەمدەزانی بڵێم چی و چۆن وەڵامی بدەمەوە. بەهەرحاڵ هەندێک منجەمنجم کرد و ویستم خۆم بدزمەوە بەڵام ئەو هەر وازی نەهێنا.

ئینجا کەوتە وێزەی ناوچە وبنەماڵەکەمان.

– ئەرێ ئەوە بۆچی خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئێوە هێندە وشکن؟ !

بۆچی هێندە خۆتان بە گەورە دەزانن؟!

من هەر هەوڵم دەدا خۆم بدزمەوە و دەرچم، بەڵام ئەو وازی نەدەهێنا. تا باش بوو خێزانەکەی هاتە ناو باسەکەوە و بەرگری لێکرد.

– ئەرێ ئەوە بۆ واز لەو کوڕە هەژارە ناهێنیت، خۆ لەوەتی هاتووە هەر گلەیی و قسەی پێ دەڵێیت.

ماڵی ئاوا بێت، ئەم بەرگرییەی ئەو، کەمێک برادەرەکەمی هێورکردەوە.

پاشان خانمی خێزانی نانێکی ئێجگار نایابی کردبوو، ئەم خواردنە یەکێکە لەو خواردنە خۆشانەی کە لە ژیانمدا خواردبێتم. هەتا بۆم کرا دەستخۆشیم لێی کرد و ئەویش زۆری پێ خۆش بوو کە وا وەسفیم کرد.

ئاخ سیاسەت، چۆن بەکۆڵمانەوە نووساویت، ڕێک بووەتە سێبەری هەموو کوردێک. کێشەکە لەوەدایە ئێمە خۆشمان یەکێکین لەو نەتەوانەی، کە خاوەنی خراپترین سیاسین لە جیهاندا. بەڵام هەمووشمان خۆمان بە تالیران و میکافیلی ناگۆڕینەوە.

ئامانج هەتا بۆی کرا، کەناڵە ئاسمانییەکانی گۆڕی و پاش ئەوەی بێ تاقەت بوو، ئینجا دەستی کرد بە نیقاشی سیاسی. لەم ڕۆژانەدا هەموو کەس گلەیی دەکات و خۆی بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێت. ئیتر بووەتە عادەت. سەرەتا نان دەخورێت، ئینجا چای، پاشان چەرەزات و میوە دێت، ئینجا خۆت بگرە حکوومەت.

ئەم برادەرە بەهەموو شێوەیەک دەیویست من بکاتە سەنگەری خۆیەوە، بەڵام

کاتێک زانی بێهوودە بووە، بە زۆرەملێ خستمیە ناو سەنگەری حکوومەتەوە. هەرچەندە دەمویست بێ لایەنی خۆم بپارێزم، بەڵام لەبەرامبەر هێرشی ئەودا خۆم بۆ نەگیرا و کەوتمە ناو سەنگەری حکوومەتەوە.

هێندە نیقاشەکەی بە گەرمیەوە دەکرد، هەتا هەرچی جگەرەی هەبوو سووتاندی. لێرەدا کەمێک هێور بوویەوە. بەڵام تووشی کێشەیەکی تر بووم.

– جگەرەم نەماوە، با بچین بۆ ئەم بەنزیخانەی لای ماڵی خۆمان پاکەتێک بکڕم. پاشانیش پیاسەیەکی بۆ دەکەین با کەمێک ئەم خواردنەش هەزم بکەین.

منیش خۆ نەمدەتوانی بڵێم نایەم، ئاخر هێندە ڕووقایم نیم و پاشان نەشدەکرا کابرا خۆی بچێتە دەرەوە و من لەماڵ بمێنمەوە. ئەوکات دەیگوت ئەمە نیازی خراپە.

سەرتان نەئێشێنم، کاکە ئامانج هەر لە دەرگاکە چووینە دەرەوە، دەستی بەقسان کرد و منیش هەر سەرم بۆ ڕادەوەشاند. پاش ئەوەی جگەرەکانی کڕی، ویستم خۆم بدزمەوە و ماڵئاوایی لێ بکەم. بەڵام ئەو نەیهێشت. وتی :

/ چۆن دەبێت بڕۆیت ماڵئاوایی لە خێزانەکەم نەکەیت.

منیش دیسانەوە ناچار بووم لەگەڵیدا بگەڕێمەوە ماڵەوە. جارێکی تر دانیشتینەوە و دیسانەوە دەستی پێ کردەوە. نزیکەی سەعات ١١ ی شەو بوو. منداڵەکە دەستی بەگریان کرد و منیش دەمویست ماڵئاوایی بکەم و بڕۆم. بەڵام منداڵەکە هەر ژێر نەدەبوویەوە. خێزانەکەی هاتە دەرەوە و پەشۆکابوو. ئامانج لێی پرسی:

– بۆچی ئاوا پەشۆکاویت؟! چییە منداڵەکە نەخۆشە.

* نەخێر

– ئەی چییە.

– دیسانەوە مەمکەمژەکەی دیار نییە.

کاتێک خێزانەکەی ئەم قسەیەی کرد، سەیرم کرد، ئامانجیش دەموچاوی گۆڕا، هەروەک بڵێیت ڕووبەڕوی شتێکی ناخۆش دەبێتەوە.

دەی ئینجا نۆبەی مەمکەمژەیە. بە من و ئامانج و خێزانەکەیەوە، بەدوای مەمکەمژەکەدا دەگەڕاین. ژێر مێز، کورسی، دار و دیوار گەڕاین مەمکەمژە خۆی لە شوێنێکدا قایم کردبوو. ئێمەش بێ هیوا بووین.

پاشان ئامانج وتی.

– هیچ کێشـە نییـە، با بچین بۆ ئەم مـارکێـتی عـەرەبەی پەنـامـان، بەڵکو هەیانبێت.

دەی دیسانەوە چووینە دەرەوە، ئەمجارەیان بە دوای مەمکەمژەدا دەگەڕاین.

باش بوو کە چووین کابرای عەرەب دوکانی دانەخستبوو، شانسیشمان هەبوو یەک مـەمکەمژەی بچـووکی هـەبوو. زۆر دڵخۆش بووم، ئاخر منداڵەکە زۆر دەگریا. من دەترسـام شـتێکی لێ بێت. کە گـەڕاینەوە یەکسـەر مـەمکەمـژەکـەمـان دا بە منداڵەکە و لە گریان وەستا.

منیش فـرسـەتم هانی مـاڵئـاواییم لێ کـردن. هـەرچەندە ئامـانج و خێزانـەکـەی زۆریان تکا لێ کردم، کە نـەڕۆمـەوە و شـەو درەنگە با لای ئەوان بمێنمـەوە. بەڵام من بڕیارم دابوو، گـەر عـەلی بابا و چل دزەکـانیشی ڕێگام پـێ بگرن، هـەر دەڕۆم. ئاخر ئێوە نازانن چەندە ئەو شەوە بێ تاقەت بووم.

بۆ سـەعات یەکی بەیانی گـەیشتمـەوە ماڵەوە. یەکسـەر دووشـێکم کرد و چوومـە ناو جـێگاوە. بـەڵام زۆر سـەیربـوو، خــەو تاقــەتی نەبـوو سـڵاومــان لێ بکات. سـەرینەکەم چەندین جار گۆڕی. دەمێک لەسـەر پشت، دەمێک لەسـەر سک، دەمێک بەلای ڕاست ئینجـا بەلای چەپ. بەڵام خـەو بڕیارێکی ئێـجگار بێ ڕەحـمـانەی بەسـەرمدا سـەپاندبوو. خـەتای ئەویش نەبوو، بەڵکە سـەرم بە پرسیـارێک جەنجاڵ بووبوو، هـەر لە مێشکمدا خەریکی گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بووم.

تۆ بڵێیت جیاوازی مەمکەمژەو جگەرە چی بێت؟!

زۆرجار هـەوڵم دەدا دیمـەنەکانی ئێوارە بێنمە پێش چاوم، هەتا بتوانم وەڵامێک بدۆزمــەوە. ئاخـر ئێـمـە دووجـار چووینە دەرەوە. جـارێکیـان بەدوای جگەرەی ئامــانجـدا وێڵ بووین، جـارێکی تریش بەدوای مـەمکەمـژەی منداڵەکـەیدا. هـەتا ئامـانج جگەرەکـەی نەخسـتـە نـاو دەمـیـەوە هێـور نەبوویەوە. منداڵەکـەش هەتا مەمکەمژەکەی نەخستە دەمیەوە، لەگریان نەوەستا. تۆ بڵێیت خەتای مـەمکەمژە نەبێت، کە مرۆڤ فێری جگەرەکێشان دەبێت.؟

من هـەتا بـەیانی بەدوای ئـەم پرسـیــارەدا وێڵ بووم، بەڵام هـەر وەڵامم دەست نەکەوت. جا لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە کـەمێک بخەوم، وەڵامی ئەم پرسیـارەش بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێ دەهێڵم.

چیرۆکی وەرگێڕاو

مستەفا مەستوور

# مراوییە کێوییەکانی باخچەی ئاژەڵانی سینەما مۆڵن ڕۆژ

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

کە باوکی عیدی هەواڵەکەی هێنا، کەس باوەڕی نەکرد، بەڵام وەختێک وێنەکەیمان لە ڕۆژنامەیەکدا بینی، خەریکبوو لە سەرسووڕماندا شاخمان لێ بڕوێت. وێنەیەکی چکۆلەی گورجی لە ڕۆژنامەیەکدا چاپ بووبوو و لاکێشەیەکی ڕەشیان لەسەر چاوەکانی دانابوو.

١

وەک مردن لەو دەترساین. مەبەستم من و ڕەسووڵ و عیدی و ئاسی و باقیی منداڵەکانی تری کۆڵانەکەیە. بەردەوام پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەر دەکرد. زستان و هاوین. بەیانی و نیوەڕۆ، شەو. پاڵتۆکەی ئەوەندە درێژ بوو دەگەیشتە سەر نووکی پێڵاوەکەی. یەخەی پاڵتۆکەی تا ناوەڕاستی کەللەی هەڵدەکێشا و کاتێک لە دوورەوە دەتبینی وەک ئەوە وابوو سەری نەبێت. ڕەسووڵ دەیوت بە پاڵتۆکەیەوە وەک تارماییی فیلم کارتۆنەکانی واڵت دیزنی لێ دێت کە سەر و قاچیان نییە.

تەنیا جیاوازییەکەی ئەمە بوو کە تارماییی فیلم کارتۆنەکان سپی بوون و گورجی بەو پاڵتۆ فشوفۆڵەیەوە وەک تارمایییەکی ڕەشی لێ دەهات کە لە هیچ فیلم کارتۆنێکدا نەمانبینیبوو. باوکی عیدی دەیوت، خۆی بینیوێتی ساڵانێک لەمەوبەر یەکێک لە سەربازەکان پاڵتۆکەی داوەتە گورجی. باوکی عیدی پاسەوان بوو و جارجارێ لە زەماوەندەکاندا لە دەرەوەی ماڵی بووک یا زاوا دەوەستا و نەیدەهێشت کەس بەبێ کارتی داوەت بچێتە ژوورێ. باوکم لە گورجی نەدەترسا، بەڵام کاتێک ڕۆژانی سێشەم کەللەی سەحەر ئەوی دەبینی کە بەو پاڵتۆ درێژەیەوە، دوای ئەنجامدانی کارەکەی

سلانە سلانە لە کۆڵانەکەوە بەرەو ماڵەکەی دەچێت، رووی دەکردە دیوارەکە و لەژێر لێوەوە شتێکی دەوت. وابزانم جنێوی بە گورجی دەدا یا بە شەیتان یا بە خوی یا بە سێشەم.

# ٢

باوکم دەیوت پەنجا و دوو جار. باوکی عیدی دەیوت پەنجا و نۆ جار. بیبی خاتوون کە لە هەمووان گەورەتر بوو دەیوت یا شەست و سێ یا شەست و چوار جار. غولام سەگی دەیوت هەزار جار. غولام درۆی دەکرد. غولام هەر شتێک لە روانگەیەوە زۆر بوایە دەیوت هەزار دانە. دەیوت دواجار دەبێت کەسێک ئەم کارە بکات، چ جارێک چ سەد جار، چ هەزار جار. بەبۆچوونی من جارێکیش زۆر بوو چ بگات بە پەنجا یا شەست جار. لەبەرئەمەیش بوو لە گورجی دەترساین.

گورجی ژنی نەبوو. واتا لەو کاتەوەی هاتبووە کۆڵانەکەی ئێمە کەسێک ژنەکەی نەبینیبوو. باوکی ئاسی دەیوت گورجی ژنەکەی لە کرمان داناوە تا تێ نەگات ئەو خەریکە لێرە چ هەڵەیەک دەکات. وابزانم تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، لامەزهەبە. رەنگە زیاتریش. هەموو مووی برۆ و سیمای سپی بووبوو. عاشقی فیلمی هیندی بوو. رەسووڵ دەیوت سەد جار ئەوی بینیوە کە بۆ بینینی فیلمەکانی راج کاپوور و دلیپ کۆمار و دارمەندەر لە ریزی سینەما مۆڵن رۆژدا وەستاوە.

خۆیشم جارێک ئەوم لە سینەما بینیبوو. فیلمی (سنگام) بوو و خەڵک ڕژابوونە ئەوێ. وابزانم بەهۆی راج کاپوور و راجند راکۆمار بوو. لە فیلمەکەدا ناوی راج کاپوور سۆندر و ناوی راجند راکۆمار گۆپال بوو. لە فیلمەکەدا هەردووکیان عاشقی کچێک دەبوون بەناوی رادها کە رۆڵەکەی ڤێجانتی مالا دەیگێڕا. لەو فیلمانە بوو کە مرۆڤ دەخاتە گریان. مەبەستم ئەمەیە کە لە باقیی فیلمە هیندییەکانی تر گریاناویتر بوو.

فیلمەکە چواردە پەردە بوو و وەختێک لە نێوان دووان لە پەردەکاندا گڵۆپەکانیان داگیرساند. چاوم بە گورجی کەوت. لە ریزی یەکەم دانیشتبوو و خەریکبوو پپسی و ساندویچی دەخوارد. لەگەڵ ئەوەی زستان بوو و لە دەرەوە هەوا تەواو سارد بوو، بەڵام لە سینەماکەدا خەریکبوو لە گەرما هەناسەمان تەنگ دەبوو. چونکە زۆر هەراو بوو لامەزهەبە. لەو دۆزەخەدا گورجی پاڵتۆکەی دانەکەندبوو و تەنیا یەخەکەی هێنابووە خوار. کۆتاییی دوا پەردە بوو کە تێگەیشتم تاکێک لە دەستکێشە خورییەکانم ون کردووە. چاوەڕێ بووم فیلمەکە تەواو بێت تا لەژێر کورسییەکاندا بە شوێنیدا بگەڕێم.

کە سەیری فیلمەکەمان دەکرد، دووجار دەنگی بەرزی گریانی کەسێک لە ریزەکانی پێشەوە هۆڵەکەی داگرتەوە. جارێک گۆپال بەهۆی هاورێکەیەوە، سۆندەر، وازی لە عەشقی هێنا بۆ رادهاو جارێکیش وەختێک ئەو لە کۆتاییی فیلمەکەدا خۆی کوشت. کە فیلمەکە تەواو بوو گڵۆپەکانیان دەگیرساند، چوومە ژێر کورسییەکەوە تا دەستکێشەکەم بدۆزمەوە. چووبووە ژێر یەکێ لە کورسییەکانی ریزی پێشتر و تۆزاوی بووبوو. وابزانم هەزار کەس پێیان لێ نابوو. کە لەژێر

کورسییەکان هەستامەوە، کەس لە سینەماکەدا نەمابوو. تەنیا گورجی لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو و هێشتا لە پەردەی سپیی سینەماکە رامابوو. چما هێشتا فیلمەکە بەردەوامە و تەنیا ئەو دەیبینی. دەموچاوی تەڕ بووبوو. نازانم عەرەقی کرد بوو یا بەهۆی فیلمەکەوە بوو.

## ٣

ئاسی وتی رۆژانی هەینی دەچێتە باخچەی ئاژەڵان. وتی گورجی عاشقی باخچەی ئاژەڵانە. لەسەر لافاوگرە خۆڵەکە وەستابووین و من و ئاسی و عیدی خەریک بووین بەردمان دەهاویشتە رووبارەکەوە. ئەو ساڵە بارانی زۆر باریبوو و ئاو تا نزیکەی لافاوگرەکە هەستابوو. دەبوو بەجۆرێک بەردەکان بهاوێژین تا زۆرترین جار لە رووی ئاوەکە بدات. هەموو کات ئاسی بەردەکانی لە هەموومان زیاتر لەسەر ئاوەکە دەدا. رەسووڵ چاوەکانی بچووک کردبووەوە و خەریکبوو لە پشت پارچە شووشە سەوزەکەوە سەیری ئاسمانی دەکرد. وابزانم پارچەی یەکێک لە شووشە عەرەقەکانی غولام سەگی بوو. وتی: "بەبۆچوونی  من دەبێت خۆی بخەنە قەفەسەوە."
ئاسی وتی: "دەڵێن عەشقی مراوییە. رۆژانی هەینی، بوولێڵی بەیانی دەچێتە باخچەی ئاژەڵان و وردە نان دەڕژێتە حەوزی مراوییەکانەوە."

عیدی بەردێکی تیژی هەڵگرت و قاچی چەپی هێنایە پێشەوە. دواتر چاوێکی نوقاند و تا جێگەیەک کە دەیتوانی بۆ پێشەوە نوشتایەوە. چەند ساتێک لە رووبارەکە راما و دواتر وەک کەسێک کە گێژ بووبێت سووڕا و خەریکبوو بە روودا بکەوێتە ئاوەکەوە، بەڵام یەکسەر گەڕایە دواوە و بە هەموو توانایەوە بەردەکەی هاویشت. بەردەکە تەنیا دووجار لەسەر ئاوەکە هەڵبەزییەوە و پاشان لە ئاوەکەدا نوقم بوو.

ئاسی وتی: "خوانەناس! ئەمە چی بوو؟"

وتم: "رەسووڵ بیدە منیش سەیری بکەم." شووشە سەوزەکەم لە رەسووڵ وەرگرت و لە پشتییەوە سەیری ئاوەکەم پێ کرد. رووبارەکە وەک بڵێی ئاوێکی سەوز بوو کە شەپۆلی دەدا و خۆی دەکێشا بە لافاوگرەکەدا.

ئاسی بەردێکی هەڵگرت و دانەوییەوە و پاشان دەستی تا نزیکی زەوییەکە هێنایە خوار. بەر لەوەی بەردەکە بهاوێت، وتی: "پیلانێکم هەیە بۆی."

عیدی وتی: "مممممممممن لەگەڵ نیم."

وتی: "لەگەڵ چی نییە، کەرە؟ خۆ من هێشتا هیچم نەوتووە." بەردەکەی هاویشت و هەموو پێکەوە ژماردمان: "یەک، دوو، سێ چوار، پێنج، شەش، حەوت."

عیدی شووشەکەی لە دەست وەرگرتم و لە پشتییەوە لە ئاسی راما. وتی: "مممممن لیییییێی دەترسم. مممممممممن لەگەڵ نیم."

رەسووڵ وتی: "ئێستا پیلانەکەت چییە؟"

ئاسی ئەو رادیۆیە لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا کە باوکی لە کوێت بۆی هێنابوو و هەڵی

کرد. لە رادیۆکەدا کەسێک بە عەرەبی گۆرانیی دەوت. ئەوەندە خشەخشی هەبوو، ئاشکرا نەبوو دەنگی کێیە و چی دەڵێت. وابزانم ئوم کەلسوم بوو.

ئاسی وتی: "نازانم هێشتا نازانم."

## ٤

سێ رۆژ دواتر، ئاسی پیلانەکەی ئامادە کرد: سکێچێکی خوراوخێچی گورجی هێنا و وتی خوشکەکەی کێشاوێتی. لە سکێچەکەدا حەبلێک بە ملی گورجییەوە بوو. وتی دەموچاوەکەی خوشکەکەی کێشاوێتی، بەڵام دواتر خۆی حەبلەکەی بۆ سکێچەکە زیاد کردووە. وتی نەیویستووە خوشکەکەی شتێک لە رووداوی حەبلەکە و گورجی تێ بگات. کە پیلانەکەی ئاشکرا کرد، عیدی بە مەرجێک قبووڵی کرد لەگەڵمان بێت کە لەسەر گۆشەی کۆڵانەکە بوەستێت و وریا بێت گەر کەسێک هات ئاگەدارمان بکات.

قەرار بوو شەو دوای نانخواردن بچینە دوای گورجی. ماڵی گورجی چەند کۆڵانێک لە سەر و ماڵەکانی ئێمەوە بوو لە بنبەستی عەتایی بوو. رێک لە پشت ئەنباری لاستیکی مەنسوور خانەوە. هاوین بوو و دنیا هێندە گەرم بوو پشیلەکان لە سێبەری دارەکاندا پەنایان گرتبوو یا لەژێر ئۆتۆمۆبێلەکاندا خەوتبوون. کاتێک بەرێ کەوتین، چەند جارێک دەمانویست بگەڕێینەوە ماڵێ. چوون دنیا زۆر گەرم بوو، لامەزهەبە. عیدی وتی سەرەتا لە رووبارەکەدا مەلە بکەین تا فێنک بینەوە و پاشان بڕۆینە گیانی گورجی، بەڵام رەسووڵ وتی سینەما مۆڵن رۆژ فیلمی جیدیی هێناوە و دەشێ گورجی بۆ بینینی فیلم لە ماڵ بچێتە دەر. وابزانم وتی فیلمی سیتا و گیتا کە دارمندەر و هیما مالینی رۆڵیان تێدا دەگێڕا. عیدی کڵاوە حەسیرییەکەی باوکی لەسەر کردبوو. کڵاوەکە ئەوەندە گەورە بوو کە تا ژێر گوێکانی هاتبوو. قەرار بوو رەسووڵ بچێتە سەرشانی ئاسی و سکێچەکە فڕێ بداتە حەوشەی ماڵەکەی گورجییەوە و پاشان من زەنگی ماڵەکە لێ بدەم و هەموو راکەین.

عیدی لەسەر گۆشەی کۆڵانەکە، لەژێر سێبەری دارێکی تەنیشت کۆڵانەکە وەستا و کەمێک لێواری کڵاوەکەی بەرز کردەوە. کراسەکەی شەلاڵی عەرەق بووبوو. کەس لە کۆڵانەکە نەبوو و هەموو جێیەک خامۆش بوو. تەنیا تاوناتاوێ با لای لقە دارەکانی ناو ماڵەکانەوە دەهات و دەنگێکی ترسناک دەئالآیە کۆڵانەکەوە. کە گەیشتینە ماڵی گورجی، دەستەکانم گرێ دا تا رەسووڵ پێی بخانە ناو دەستەکانمەوە و بچێتە سەرشانەکانی ئاسی. کاتێک رەسووڵ چووە سەرشانی ئاسی، ئاسی وەک ئەو کاتانەی غوڵام تەواو سەرخۆش دەبوو، چەند جارێک گێژ بوو و خەریکبوو ئاسی بخاتە، بەڵام دواتر لەپی دەستەکانی بە دیوارەکەوە لکاند و ئیتر جووڵەی نەکرد. لەو بەرزییە، رەسووڵ دەستێکی خستبووە سەر لێواری دیوارەکە و بە دەستەکەی تری خەریکبوو لە گیرفانیدا بە دوای سکێچەکەدا دەگەڕا. وابزانم هەمووومان تەواو ترسابووین، چوون کەس قسەی نەدەکرد. چما هەر ساتێک چاوەڕوان بووین گورجی دەرگەی حەوشە بکاتەوە و هاوار بکات: "لێرە چی

دەکەن، تووله سەگینا؟" من بۆ ئەوەی کەمتر بترسم، هەوڵم دا بیر له شیراز بکەمەوە. قەراربوو ئەو هاوینه باوکم به ئۆتۆبۆس بمانبات بۆ شیراز. وێنەی چەند دانەیەک له جێگە خۆشەکانی شیرازم له کتێبی فارسیدا بینیبوو کە تەنیا یەکێک لەوانم زۆر خۆش دەویست. ئەوم له تەختی جەمشید و باخی ئیرەم و حافزییه زیاتر خۆش دەویست. کاتژمێرێکی گەورە، کاتژمێرێکی زۆر گەورە هەبوو، کە له یەکێک له مەیدانەکانی شار دایان نابوو. هەموو کات حەزم دەکرد له نزیکەوە کاتژمێرەکە ببینم.

حەزم دەکرد دەست له ژمارە و عەقرەبەکانی بدەم. حەزم دەکرد بچم و سواری چرکەژمێرەکەی ببم و خولێک بە دەوری ژمارەکاندا بفرِم. لەسەر سێ، پێنج، حەوت، دە، یازدە. حەزم دەکرد بچمە سەر تەختەکەی و دوای چرکەژمێرەکەی بکەوم. عیدی کڵاوەکەی دانا و به توندی ڕای وەشاند. سەرەتا له مەبەستی تێ نەگەیشتم، بەڵام دواتر هاواری کرد: "گ گ گر... گر..." و هەڵات. به ئاسیم وت: "وابزانم گورجی هات!" دواتر گورجی بەو پاڵتۆ درێژ و ڕەشەیەوە ئاڵایە کۆڵانەکە. ئاسی، کە گورجی بینی خۆی لەژێر ڕەسووڵ لادا و ڕەسووڵ لەو بەرزییەوە بەربووەوە. له ئازاردا قیژاندی و جنێوێکی به ئاسی دا. گورجی، کە چاوی بە ئێمە کەوت، ساتێک وەستا و پاشان دەستەکانی له گیرفانی پاڵتۆکەی دەرهێنا.

لەخۆوە چەند هەنگاوێکمان بۆ دواوە هەڵگرت، بەڵام بیرمان کەوتەوە کۆڵانەکە دەرناچێت و له جێدا وشک بووین. گورجی وەک بیەوێ سێ بەچکە پشیله به جۆرێک پێکەوە بگرێت و هیچیان هەڵنەیەن، ئارام ئارام هاتە پێشێ تا سێبەری کەوتە سەرمان. هەزار ئارەزووم دەکرد خۆزگە له جێی عیدی بوومایە. ڕەسووڵ وتی: "بە خوا سووچی ئاسی بوو" و کەوتە گریان. پاشان سکێچەکەی دایە گورجی. گورجی لێی وردبووەوە و ئێمە وەک بڵێی بۆ ساتێک دەرگەیەک ڕووەو بەهەشت کرابێتەوە، لەژێر دەست و پێیەوە ڕامان کرد.

## ٥

هەواڵەکە یەکەم جار باوکی عیدی هێنای، کەس باوەڕی نەکرد، بەڵام وەختێک وێنەکەیمان له ڕۆژنامەدا بینی، خەریکبوو له سەرسووڕماندا شاخمان لێ بڕوێت. وێنەیەکی بچووکی گورجیش درابوو له ڕۆژنامەکە و لاکێشەیەکی ڕەشیان له سەر چاوەکانی دانابوو، ئێمە له ماناکەی تێ نەگەیشتین. لەژێر وێنەکەدا نووسرابوو: "پیاوکوژ". ڕۆژنامەکە نووسیبووی، ژنەکەی گورجی تێ گەیشتووە مێردەکەی چ کارە بووە و لێی جیا بووەتەوە و چووەتەوە ماڵی باوکی.

له ڕۆژنامەدا له زاری گورجییەوە وترابوو ژنەکەی زۆر خۆشویستووە، بەڵام نەیتوانیوە بەر له ڕۆیشتنی بگرێت بۆیە کوشتوێتی. گورجی به پەیامنێرەکەی وتبوو له دنیادا یەکەم جار ژنەکەی خۆشویستووە پاشان مراوییەکەی باخچەی ئاژەڵان و دواتر فیلمی هیندی. له ڕۆژنامەدا وێنەیەکی ژنەکەی گورجیش هەبوو کە لەژێریدا نووسرابوو: "کوژراو، سوغرا نەباتی، تەمەن شەست و پێنج ساڵ." بەڵام لاکێشەیەکی ڕەش لەسەر چاوەکانی دانەنرابوو.

# ٦

کە سواری ئۆتۆبۆسەکە بووین توبای خوشکم، لەسەر کورسییەکەی پەنامدا خەوی لێ کەوت. واتا سەرەتا تۆزێک لەگەڵ بووکەڵەکەی قسەی کرد و پاشان نووست. ئەگەر شتێک لە دنیادا هەبێت کە من رقم لێی بێتەوە، ئەم قسەکردنەیە لەگەڵ بووکەڵە. چونکە ئەگەر هەزار سەعاتیش لەگەڵ بووکەڵەیەک قسە بکەیت، یەک وشەیش وەڵامت ناداتەوە. باوکم لەسەر کورسییەکەی دواوە، خەریکبوو قسەی بۆ دایکم دەکرد لەبارەی شوێنە خۆشەکانی شیرازەوە، لەبارەی تەختی جەمشیدەوە. لەبارەی حافزییە. لەبارەی باخی ئیرەمەوە. من سەرم بە جامی ئۆتۆبۆسەکەوە نووساند و چاوەکانم نوقاند. من دەمویست تۆزێک بیر لەو کاتژمێرە گەورەیە بکەمەوە کە وێنەکەیم لە کتێبی زمانی فارسیماندا بینی بووم، بەڵام لەخۆوە کەوتمەوە بیری گورجی.

بیرەوەریی سینەما مۆڵن رۆژ. باخچەی ئاژەڵان. مراوییەکان. دواتر بیرم کردەوە ئێستا کە گورجییان گرتووە، کێ حەبلەکە دەکاتە ملی گورجی؟ کێ وردە نان بۆ مراوییەکان دەڕژێت؟ ئاوڕم دایەوە ئەم شتانە لە باوکم بپرسم، بەڵام باوکم خەریکبوو بەدایکمی دەوت چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر، پاشایەک ویستوێتی بەهەشت لەسەر زەوی بۆ خۆی دروست بکات و بەم هۆیەشەوە باخێکی زۆر جوانی دروست کردووە بە ناوی "ئیرەم". باوکم دەیوت باخی ئیرەمی شیرازیان بە یادی ئەو باخەوە دروست کردووە. بە یادی بەهەشت. پاشان ئیتر نووستم. رەنگە شارێک، رەنگە دوو شار، خەونم بینی باخچەی ئاژەڵان لە شەقامی لەشکرەوە هاتووەتە کۆڵانی عەتایی، بەڵام بە سەرییەوە، بە تابلۆیەکی گەورە لە بریی "باخچەی ئاژەڵان" نووسراوە: "سینەما مۆڵن رۆژ."

دواتر ئێمە لە سینەما بووین و لە بریی فیلم خەریکبوونی سەیری مراوییەکانی ناو حەوزی ناوەڕاستی سینەماکەمان دەکرد. دواتر گورجی هاتە سینەماکەوە و یەکێک لە مراوییە جوان و سپییەکانی لە حەوزەکە هەڵگرت و دایە ڤێجانتی مالا. دواتر ڤێجانتی مالا و گورجی بە ئاوازی هیندی کەوتنە سەما. پاشان من و ئاسی و عیدی و رەسووڵ لەسەر رووی کاتژمێرە گەورەکە کە لەپێش پەردەی سینەماکە بوو رامان دەکرد و توند توند عەقرەبی کاتژمێرەکەمان دەخولاندەوە. دواتر بە دەنگی شووتی شەمەندەفەرەکە بێدار بوومەووە و بەوجۆرە کە سەرم بە شووشەی پەنجەرەکەوە بوو، بە زەحمەت پێڵوەکانم دەکردەوە و لە شووشەکەوە سەیری دەرەوەم کرد و خەوتبووم و نەخەوتبووم و کەمێک دوورتر شەمەندەفەرێک بە خێراییەکی زۆر خەریکبوو پێش ئۆتۆبۆسەکەی ئێمە دەکەوت و خەڵکی ناو شەمەندەفەرەکە دەستیان بۆ ئێمە رادەوەشاند و باوکم نووستبوو و دایکم خەوتبوو و توبا نووستبوو و هەموو خەڵکی ناو ئۆتۆبۆسەکە نووستبوون و موسافیرانی ناو شەمەندەفەرەکە نەیاندەزانی.

http://www.hellokish.com/forum/t571.html

چیرۆک

ئەنتۆن تشیخۆف

# گـاڵتـە

وەرگێڕانی: حوسێن عەلی



ڕۆژێکی زستانی ڕووناک بوو و سەهۆڵێکی تووڕە و پارچەی زیوینی سەهۆڵەکە سەرتەوێڵی "نادینکا" و خوار لێوی پۆشیبوو، لەسەر تەپۆڵکەیەکی بچووک ڕاوەستا بووین و بەتوندی باڵمی گرتبوو و، هەر لەو شوێنەی لێی ڕاوەستا بووین تاوەکو قووڵاییی زەوی تەختانییەک درێژ دەبووەوە و وەک ئاوێنەیەکی ڕوون پەرچی خۆری دەدایەوە و  لە تەنیشتمانەوە خلیسکێنەیەکی لێ بوو سیپاڵێکی سووری کاڵی لەسەر بوو.

تکام لێ کرد و پێم وت: "دەی نادینکا با بۆ خوارەوە بخلیسکێین، تەنیا جارێک جەخت دەکەم کە هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادات". بەڵام "نادینکا" دەترسا، چونکە ئەو سەرەوخوارییە هەر لەژێر پێڵاوە درێژەکانیەوە تاوەکو خوارووی گردە بەفرینەکە دەستی پێ دەکرد و وەک کەندەڵانێکی قووڵ لای ترسناک بوو.

دوای ئەوەی تەنیا بەوە قایل بووم و داوام لێ کرد کە سواری خلیسکێنەکە بێت و ترسا و هەناسەی خۆی گرت و نیگای خوارەوەی دەکرد، بەڵام ئەی چۆن دەبوو ئەگەر سەرچڵییەکی کەوتنی نێو کەندەڵانەکە بووبووایە؟ دەمرد! ئەقڵی لە دەست دەدا.

پێم وت: "لە پێناو مندا، مەترسە، شایەنی ترس نییە، چونکە نەخۆشییەکە بۆ دەروون و ترسنۆکییەکی بەسامە".

دواجار "نادینکا" ملی دا، هەر لە شێوەی ڕوویەوە هەستم کرد ملی داوە و وەختە لە ترساندا بخنکێ لەسەر خلیسکێنەکە دانیشت، ڕەنگ پەڕیو و هەموو جومگەکانی دەلەرزین، باوەشم پێیدا کرد و، پاڵم پێوەنا و هەردووکمان ڕووەو کەندەڵانە قووڵەکە گل بووینەوە.

وەک گوللە خلسکێنەکە دەرچوو و، بەهۆی باڵگرتنمانەوە هەوای هەڵەشە بە هەموو هێز و دەنگییەوە دەیدا بە ڕوومانداو، ئینجا فیکەی توندوتیژی دەدا بە گوێچکەماندا و، لەسەر جەستەمان شڕ دەبوو و، هەتا دەهات گەشاندنەوەی تووڕەیی پێوەدانی توندتر دەبوو و هەوڵی دا سەرمان لە جەستەمان جیا بکاتەوە.

لەژێر پەستانی هەوا قایمەکەدا زۆر بە گرانی هەناسەمان دەدا. کارەکە لەوە دەرچوو کە ئەهریمەن خۆی ئێمەی بە چنگی گرتووە و بەقیژەقیژ بەرەو دۆزەخ رامان دەکێشێ.

هەرچییەک لە دەورمان بوو لە هێڵێکی باریکی درێژ درێژ زۆر بە خێرایی توایەوە. ساتێکی تر لامان ڕوون بووەوە دەبێ بفەوتێین.

بە دەنگێکی نزم وتم: "نادینکا تۆم خۆش دەوێت".

خلیسکێنەکە خێراییی جووڵەی دەستی کرد بە خاوبوونەوە، دەنگی بای قایم و گیزەی هەوا زۆر بە خێرایی کەم دەبووەوە، هەناسەدان ئاسانتر بوو، دواجار گەیشتینە خوارەوە.

"نادینکا" نزیک مەرگ بووبووەوە، ڕەنگ پەڕیو و زۆر بە گرانی هەناسەی دەدا، یارمەتیم دا هەڵسێتە سەرپێیان، بە چاوێکی پڕ لە ترس نیگای کردم و وتی: "شتێک نییە وام لێ بکات جارێکی

تر ئەمە دووبارە بکەمەوە، هیچ شتێک لەم جیهانەدا نییە، خەریک بوو بمرم" پاش چەند چرکەیەک بە ئاگا هاتەوە و بە چاوێکی پڕ پرسیار نیگای کردم، ئاخۆ بەڕاستی من ئەو سێ وشەیەم گوت: یاخۆ لە کاتی گەردەلوولەکەدا وا هات بە بیریدا؟ لە تەنیشتیەوە دانیشتم سیگارم دەکێشا و دەمڕوانییە دەستکێشەکانم.

قۆڵی بە قۆڵمدا کرد و ماوەیەکی زۆر لە نزیک گردە بەفرینەکە ڕۆیشتین، ئاشکرایە کە مەتەڵەکە شەکەتی کردووە. ئاخۆ گوێبیستی ئەو وشانە بوو یان نا؟ بەڵێ یاخۆ نە؟ تەنیا کارێکی لووتبەرزی بوو یان شانازی، کاری ژیان.. کارێکی لەوپەڕی گرینگیدا بوو، بگرە گرینگترین کار لە جیهاندا. "نادینکا" بەوپەڕی نائارامی چاوی تێ دەبڕیم، بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دەدایەوە، چاوەڕێی دەکرد ئاخۆ قسە دەکەم یان نا، داخەکەم، ئای لە گەمەکردنی ئەم رووە جوان و قەشەنگە بە هەست تێبینیم کرد کە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات و دەیویست شتێک بڵێت، دەیەوێ پرسیارێک بکات، بەڵام قسەی نەدەدۆزییەوە، هەستی کرد کە خۆشی شڵەژان و ترس و بێ ئۆقرەییی پێ دەدات.

بێ ئەوەی نیگام بکات وتی: "بیرۆکەیەکم هەیە".

پرسیارم لێ کرد: "چییە؟".

- ئادەی با جارێکی تر خلیسکێنە بکەین.

لە هەڵگەڕان بە پلیکانە بەفرینەکەدا جارێکی تر زۆر ماندوو بووین، نادینکای ڕەنگ پەڕیو و لەش لەرزیویم لەسەر خلیسکێنەکە دانا، جارێکی تر ڕووەو کەندەڵانە ترسناکەکە، باڵەفڕێی کرد و جارێکی تر ڕووبەڕووی دەنگ و گیزەی با قایمەکە بووینەوە و گلبوونەوەمان لەوپەڕی ساتی خێرایی و هاوار و قیژەدا بوو، بە دەنگێکی نزم وتم: "نادینکا تۆم خۆش دەوێت".

کاتێک خلیسکێنەکە ڕاوەستا (نادینکا) چاوی بڕییە گردەکەی کە بەسەریدا خل بووینەوە، ئینجا بە نیگایەکی درێژ لێک ورد بووینەوە و گوێی بۆ دەنگم شل کرد کە تۆزقاڵێک گوێ پێدانی تێدا نەبوو، وە هەموو جەستەی، هەموو بەشێکی جەستەی تەنانەت شەپقەکە و کەوڵەکەی کە پۆشیبووی، ئەوپەڕی هێمای پرسیاریان ئاڕاستە دەکرد، ڕووی پرسیاری سەرسووڕمانی دەکرد: "مانای ئەمە چییە؟ کێ ئەم وشانەی وتووە؟ ئاخۆ ئەو وتی یاخۆ تەنیا خۆم وا بیر دەکەمەوە؟".

ئەو گومانە نائارامی و دانی بە خۆیدا نەگرت. کچە هەژارەکە وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە، مۆنی کرد و فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، پرسیارم لێ کرد: "ئەگەر بچووینایەتەوە ماڵەوە باشتر نەبوو؟".

بە تووڕەیییەوە وتی: "من.. خەم لەم خلیسکاندنەیە، خۆزگە جارێکی تر خلیسکێنەمان دەکرد؟".

"بەڕاستی حەزی لە خلیسکێنە کرد" بەڵام کاتێک سواری خلیسکێنەکە بوو، هەروەک دووجاری پێشوو، ڕەنگ هەڵبزرکاو هەموو جەستەی لە ترساندا دەلەرزی و بەزۆر هەناسەی دەدا.

بۆ سێیەم جار خلیسکێنەمان کرد، تێبینم کرد نیگای ڕووم دەکات و چاودێریی لچ و لێوم دەکات، بەڵام من دەستسڕەکەم خستە سەر لچ و لێوم و کۆکەیەکم کرد و کاتێک گەیشتینە ناوەڕاستی گردەکە توانیم منگەمنگ بە "نادینکا تۆم خۆش دەوێت" بکەم.

مەتەڵەکە هەروا مایەوە، نادینکا بێدەنگ بوو، بیر لە شتێک دەکاتەوە، لەگەڵی ڕۆیشتم بۆماڵەوە، هەوڵی دا لەسەرخۆ بڕوات، خێراییەکەی کەم کردەوە و چاوەڕێی دەکرد ئاخۆ ئەو وشانەی پێ دەڵێم یان نا، تێبینیم کرد کە چەند گیانی ماندووە و چۆن کۆششی دەکرد بەخۆی نەڵێت: "ناشێ بایەکە وتبێتی، نامەوێ بایەکە وتبێتی".

ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ جێ هێشتم تێیدا هاتبوو: "ئەگەر ئەمڕۆ چوویت بۆ خلیسکێنە لەگەڵ خۆت بمبە. ن".

لەو کاتەوە لەگەڵ نادینکا دەچووین بۆ خلیسکێنە، ئەو کاتەی بە خلیسکێنەکە باڵەفڕێمان دەکرد، هەموو جارێکی بە دەنگی نزم هەمان وشەم دەگوت!".

"نادینکا خۆشم دەوێیت".

نادینکا بە خێرایی بەو ڕستەیە ڕاهات و وەک ئەلکهول یاخۆ بێهۆشکار خۆی پێوە گرت کە دەربازبوونی لێی نییە: بێ ئەوە نەیدەتوانی بژی، بەڵێ خلیسکێنە لەسەر گردەکە وەک پێشان دەیترساند، بەڵام ترس و مەترسیی جادوویەکی سەیریان بە وشەی خۆشەویستی دەدا، ئەو وشانەی کە هەموو کات مەتەڵێک بوون، بە هاندان گیانیان ئازار دەدا، هەردوو گومان لێکراو وەک خۆیان مانەوە، نەتدەزانی من و با قایمەکە کامامان خۆشەویستیمان لەگەڵ دەکرد، بەڵام بە تەئکید ئیتر گوێی نەدەدایە ئەوە، کە مەستکار بێت هەموو بادەکات چوونیەکن.

ڕۆژێکیان وا ڕووی دا بە تەنیا چوومە گۆڕەپانی خلیسکێنە، لە کاتێکدا من لەنێو کۆمەڵەکەدا بووم دیتم "نادینکا" بە گردە بەفرینەکەدا سەردەکەوێت و بەدوامدا دەگەڕێت، ئینجا بەشەرمەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە، دەترسا بە تەنیا بچێت، ئای چەند دەترسا! وەک بەفر سپی بووبوو، دەلەرزی، هەروەک خۆی بۆ سەربڕی بەرێت، بەڵام ڕۆیشت، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕۆیشت، بە پێداگرتن، بە تەئکید لەم دواییەدا بڕیاری دا ئەو کارە بخاتە ژێر تاقیکردنەوە ئاخۆ بێ بوونی من گوێبیستی ئەو وشەیە دەبوو؟ دیتم ڕەنگ هەڵبزڕکاو بوو، لە ترساندا زاری کرابووەوە، سواری خلیسکێنەکە بوو، چاوی نوقاند بۆ ئەوەی بەزەوی بڵێت هەتاهەتایە ماڵئاوا، خلسکا.. نازانم ئاخۆ "نادینکا" گوێبیستی ئەو وشانە بوو یان نا، تەنیا دیتم بە دیمەن و ڕەنگێکی هەڵبزڕکاو و شەکەت هەڵستایە سەرپێیان، زۆر ئاسان بوو نیگای ڕووی بکەیت و بڕیار بدەیت کە دڵنیا نەبوو لەوەی ئاخۆ گوێبیستی هیچ بوو یان نا، کاتێک بۆ خوارەوە دەفڕی ترس لە هەستی بیستن بێبەشی کردبوو، مانگی ئادار هات و بەهار جوانترین بەرگی پۆشیبوو، گردە بەفرینەکەمان تاریک بوو و جوانی نەما و توایەوە، بەمجۆرە خلیسکێنەمان نەما، شوێنێکی تر نەبوو "نادینکا"ی هەژار تێیدا

گوێبیستی ئەو وشانە بێت، بە تەئکید هیچ کەسێکی تر نییە بیڵێتەوە چونکە بای قایم نەبوو و منیش بۆ ماوەیەکی زۆر دەچووم بۆ "بترز بیرگ". لەوانەیە بۆ هەتاهەتا بێت.

وا ڕووی دا پێش دوو ڕۆژ لە کـۆچکردنم کـاتی ڕۆژ ئاوابوون لەو باخـچـە بچکۆلەیەی کـە لە حەوشی ماڵی "نادینکا" دیوارێکی بەرزی بزمارڕێژکراو جیای دەکاتەوە دانیشتبووم.

هێشتا کەش سارد بوو و هەندێ بەفری کەڵەکەبوو لە نزیک کۆمەڵێ پەینەوە بوو و درەختەکان وەک مردوو دیار بوون، بەڵام بۆنی بەهار بڵاو بووەوە، قەلەڕەش بەقیرە و قـقەوە دەچوونە خەوگەکە، چوومە سەر دیوارەکە و زۆر لەوێ وەستـام و لە درزێکەوە بە دزییەوە دەمڕوانی، دیتم: "نادینکا" دەچێتە حەوشە و بە دوو چاوی پەرۆش و پەژارە نیگای ئاسمان دەکات، هەوای بەهار دەیدا بە ڕووە هەڵبزرکاو و خەمۆکەکەیدا، ئەو با قایمەی وە یاد دەخستەوە کە لەسەر گردە بەفرینەکە دەیدا بە ڕووماندا گوێبیستی ئەو سێ وشەیە بوو، خەمناکییەکی زۆر بە ڕوویەوە دیاربوو و فرمێسکێک بە ڕوومەتیدا تل بووەوە، ئەو منداڵە بەدبەختـە هەردوو باڵی بەرز کردەوە هەروەک لە بایەکە بپاڕێتەوە جارێکی تر ئەو وشانەی بۆ بێنێتەوە، لە چاوەڕێی بادا بە دەنگێکی نزم وتم: "نادینکا خۆشم دەوێت".

دڵنەرمی ئازاد بوو، ئای لەو گـۆڕانکارییـەی لە "نادینکا"دا ڕووی دا! هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسک بوون، ئینجا خەندەیەکی پان ڕووی پۆشی، شادمانی و قەشەنگی و بەختیاریی پێوە دیاربوو، هەردوو باڵی بەرز کـردەوە بۆ ئەوەی پێشوازی لە با بکات، گەڕامە دواوە بۆ ئەوەی کەلوپەلەکەم بپێچمەوە.

ئەمە لە ماوەیەکی زووەوە بوو، ئێستا "نادینکا" مێردی کرد - مێردی کرد- گرینگ نییە ئەمە بە هەڵبـژاردەی خـۆی بووبێ یان نا - سێ منداڵی هەیە، لە یادی نەکـردووە کـە ئێـمـە جارێک بۆ خلیسکێنە چووین و، با وشەی "نادینکا تۆم خۆش دەوێت"ی بۆ هێنا، ئەمە بەنیسبەت ئەوەوە لە هەموو ساتەکانی ژیانی کارتێکەر و جوانتر بوو.

بەڵام من ئێستـا تەمەنم گەورەترە و بێ دەسەڵات نازانم بۆچی ئەو وشانەم وت و، ئامانجم لەو گاڵتەیە چی بوو.

سەرچاوە: کتێبی "السادجة" قصص من الآدب العالمي - ئەحمەد حەسەن عینی کردوویەتی بە عەرەبی.

چیرۆکی وەرگێڕاو

پاولۆ کۆیلۆ

# لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەک

لە عەرەبییەوە:
هێمن مەحموود حەمە



کاتێک لە ڕێگەی خوشکەزاکەمەوە زانیم بەر لە دوو مانگ لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبە تازەکەم (سیحربازەکەی پۆرتۆپیلۆ)، کە کتێبەکەم لەگەڵ سەرنج و تێبینیی موحەریرەکاندا لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە، هەستم بەدڵتەنگی و بێزاری کرد و پرسیم : بڵێی کێ...؟.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە هەنگاوی دوای ئەوەم گەڕان بێت بەدوای دەقی کتێبەکەدا و بیدۆزمەوە، ئەنجامیش هیچ بوو، هەرچەندە خوشکەزاکەشم نوسخە ئەسڵییەکەی پێ پیشان دام.

بڕوام وەهابوو کە ئەم نوسخەیە لەلایەن یەکێک لەو پێنج کەسەوە نێردراوە کە هەموو کات بەر لە بڵاوکردنەوەی کتێبێکم پێشانیان دەدەم، ئەم گریمانەیەش بەمانای گومانکردن دێت لەو کەسانەی خۆشت دەوێن، لەو کەسانەی چەندین ساڵە دەقەکانیان بۆ دەنێرم.

ئەم بیرۆکەیەم هەر زوو ڕەت کردەوە چونکە لە پێشتردا هیچ شتێکی وەهام لێ نەدیبوون، هەروەها دزەکردنی کتێبەکەش بۆ سەر ئینتەرنێت لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نییە چونکە داهاتەکەی لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنیایەتی.

هەر بۆیە بڕیارم دا واز لەوە بهێنم کێ ئەو کارەی کردووە، زۆرم کرد لە خوشکەزا تەمەن ٢٤ ساڵانەکەم تاوەکو پێم بڵێ چۆن توانیویەتی ئەو نوسخەیەی دەست بکەوێت، دوای دوودڵییەکی درێژ بڕیاری دا کە ئەو جیهانەم بۆ ئاشکرابکات کە من سەرەڕای گەڕانی بەردەوامم لە ئینتەرنێتدا بۆ ماوەی دە ساڵ نەمتوانیوە پەی پێ ببەم، جیهانێک کە هیچ شتێکم لێ نەدەزانی و لە هەمان کاتیشدا کارێکی موستەحیلە بەسەریدا زاڵ بیت (وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە).

لەگەڵ درککردنم بەوەی کە بێ سوودە ڕووبەڕووبوونەوەی موستەحیل، کەچی داوای ئەوەم لە خوشکەزاکەم کرد ئەو سایتەم پێ پیشان بدات، بەمانایەکی تر لەماوەی چوار سەعاتدا بووم بە "چەتە"، خوشکەزاکەشم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە، ئەمەیە ڕۆشنبیری ئینتەرنێت کە جیهان دەگۆڕێت، نەوەک ڕێپێوانەکانی دژە جیهانگری.

ڕۆشنبیری ئینتەرنێت چییە؟ بەپێی تێگیشتنی کچەکەی خوشکم ئەوەیە تۆ مافی بنەڕەتیی ئەوەت هەیە دەستت بگات بە زانیاری و چێژ، ئەگەر پارەت هەبوو بۆ کڕینی کتێب ئەوە کارێکی باشە بڕۆ کتێبەکە بکڕە چونکە چێژی خوێندنەوە بەو شێوەیە گەورەترە، بەڵام ئەگەر پارەت نەبوو، مافی خۆتە کە بەدوای هۆکارێکی تردا بگەڕێیت بۆ ئەوەی پێی بگەیت.

چۆن؟ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ناوچەیەکی نەناسراو هەیە کە پاش ئەوەی لە فەرهەنگێکی خۆڕاییی ئینتەرنێتدا بەدوای ماناکەیدا گەڕام ناوی" لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەک"ە.

ئەم پێگەیە چۆن دروست بووە؟ خوشکەزاکەم دەڵێت سەرەتاکانی ئەم پێگەیە لە ئارەزووی قسەکردن بووە لەگەڵ ئەوانی تردا، دواتر پێویستی قسەکردن بووە لەگەڵ چەند کەسێکدا لە یەک کاتدا، بەڵام ئەم قسەکردنانەش کافی نەبووە، هەر بۆیە دەبوو میوزیک و فلیم و ئەو کتێبانەش

بخەینە روو کە خۆشمان دەویستن.

چونکە هیچ یاسـایەکیش نییـە دژی ئەوەبێت، هەر بۆیە بەئازادی ئەوەی لامـان بـوو دەمانگۆڕییەوە، دواتر ئەو کەسانەی کە لە دروستکردنی پێگەکاندا کاریان دەکرد زانییان چی روو دەدات ویستیان سنوورێک بۆ ئەوە دابنێن، بەڵام گەنجەکانی ئینتەرنێت پێشیان کەوتن و ئەگەر پێشتر ئەم کارانە هەر لەنێو هاوڕێیاندا مابێتەوە، ئێستا بۆ هەموو ئەوانەی کە ئارەزووی لێ دەکەن کراوەیە.

کارەکەیش بەمجۆرەیە: کتێبێک دەکڕم، ئەگەر حەز بکەم لێی وێنەی هەموو پەڕاوەکانی دەگرم و دەیخەمە سەر کۆمپیوتەرەکەم، لە هەمان کاتیشدا پێگەکە دەکەمەوە تاوەکو ئەوانی تر بێنە ژوور و دەستیان بکەوێت، من هەموو جار پێگەکە دەکەمەوە و دەرۆمە کۆمپیوتەرەکانی ئەوانی ترەوە بۆ ئەوەی هەرچی شتێک کە سەرنجم رادەکێشێت بیبەم ( میوزیک و فلیم هەموو جار). هەر بۆیە هێدی هێدی ئەو شتانەم لە هەموو جیهاندا کۆ کردووەتەوە کە ئێستا هەمە.

یەکەمین شتێک ئەوە بوو داوام لێ کرد کە نوسخەی رۆمانەکەی من لە پێگەکەیدا دەربکات، بە نابەدڵیبەکەوە بە گوێی کردم و وتی لە ٢٩ کۆمپیوتەری تردا رۆمانەکەت هەیە، دواتر لە یەکێک لە پێگەکانی " لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەکی تر" ٣٢٥ کاری تر بەچەندین زمانی جیاواز پێ پێشان دام، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە لە سەدان و هەزاران کۆمپیوتەری تردا هەیە.

بەدڵنیاییەوە، بەهیچ کەسێک ناڵێم چۆن بڕواتە ناو ئەو پێگەیەوە بۆ ئەوەی دژی خۆم کار نەکەم، هەروەها هەر بەتەنیا رۆیشتنە ناو ، فێری کارەکە و چەمکەکانیت ناکات، بەڵام ئەگەر لە ماڵدا کەسێکتان هەیە لە ١٨ ساڵ کەمتر، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک گۆرانی هەیە کە لەوێوە دەستی کەوتووە، پرسیار لە کوڕەکەت یان کوڕەزاکەت یاخۆ خوشکەزاکەت بکە.

بەڵام تکایە پێیـان مـەڵێ من ئێستا بەوەم زانیوە، چونکە وەها بڕوا دەکەن من پیر بووم و ژمارەیەک خوێنەر لە دەست دەدەم.

hemnm1979@yahoo.com

سەرچاوە: سایتی (البیان الکتب)

سامۆئیل بیکت

# دوو تێکستی شانۆیی کورت

ئا. و وەرگێڕانی: نیهاد جامی

سێ تێکستی شانۆیی سامۆئیل بیکت دوای وەرگێڕانی سەرلەنوێ بۆ کارکردن ئامادە کراوەتەوە و لە رۆژێکدا کە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/٢٢ کە هاوکاتی بیستەمین ساڵوەگەڕی مەرگی سامۆئیل بیکت بوو لە دەرهێنانی نیهاد جامی و نمایشکاران لەو سێ نمایشە برێتی بوون لە (هەڵکەوت عەزیز، نەژاد نەجم، کارۆخ سەیفەدین، هونەر شەوقی) لێرەشدا دوو تێکستیان دەخەینە بەردەستی شانۆکاران بۆ ئەوەی هەر تیپ و شانۆکارێک بۆ کارکردن بتوانێ سوودی لێ ببینێت.

## شانۆیی دەستنووسێکی شانۆیی

"کارەکتەری یەکەم کوێرێکە کەمانجەیەکی لە پێشە و جانتاکەی نیمچە کراوەیە بۆ پارە تێکردن، هەندێک جار قسە دەکات و هەندێک جاری تریش کەمان دەژەنێت بەڵام ئاوازێکی نەشاز، کارەکتەری دووەم شەلێکە"

یەکەم: پولێک بۆ کوێرێکی بەستەزمان

دووەم: کەوابێ ئەوە خەون نییە! خەیاڵیش نییە، ئەوان کەڕن، من بەر لەوان کەڕم "سەیری جانتای کەمانەکە دەکات" ئەی بەستەزمان (بێدەنگی) ئێستا لە توانامدایە بگەڕێمەوە، تەنیا ئەگەر دوورکەوتنەوە نارۆشنیمان لەدەست بدات "دەگەڕێتەوە دواوە" تەنیا ئەگەر بێیت لەگەڵم بژیت تا ئەو کاتەی مردن دێت "بێدەنگی" بیلی ڕات چییە؟ ئاخۆ دەتوانم بە بیلی بانگت بکەم.. بەناوی کوڕەکەم (بێدەنگی) بیلی دەبی بە هاوڕێم (بێدەنگی)

یەکەم: دەبێت وەزعی درەختەکان چۆن بێت؟

دووەم: زەحمەتە ئەوە بزانین.. هەروەک دەزانی زستان (بێدەنگی)

یەکەم: شەوە یان ڕۆژە؟

دووەم: (سەیری ئاسمان دەکات) ڕۆژ! بێگومان ئەگەر خۆرت نەبینی، ئەگەر نا پرسیار مەکە (بێدەنگی) تێگەیشتی چیم وت؟ (بێدەنگی) وەرە لەگەڵما، ئاخۆ ناتەوێ لەگەڵما بێی بیلی؟

یەکەم: هەست دەکەم شەو لێرە بیبەمە سەر، بەدەم ژەنینەوە باشترە، جاران هەستم بە نێزیکبوونەوەی ئێوارە دەکرد.. خۆم بۆی ئامادە دەکرد، کەمانچەکەم دەبەست و هەروەها قاپی سواڵکردنەکەم هەمووی کۆ دەکردەوە

(بێدەنگی) تا ئەو دەهات لێی وەردەگرتم

دووەم: ئەو کێیە؟

یەکەم: ژنەکەم، بەڵام ئێستا نازانم، ئەو کاتەی ئەوێم بەجێ هێشت یا ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە، کات شەوە یان رۆژ

دووەم: بەڵام بۆچی وات لێ هات؟ ژن یا قومار

یەکەم: من هەموو کات وا بووم، مۆسیقاژەنێکی پیر مۆسیقای هەرزان بایەخ دەژەنێت

دووەم: بەڵام تۆ و ژنەکەت لە شەقامدا دەستی یەکتریتان دەگرت، من و ژنەکەمیش وامان دەکرد.

یەکەم: گوناهی، دەخیلەکەم پێم دەڵێت ئەوان دەگەڕێنەوە.

دووەم: گەڕانەوە! کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئێرە؟

یەکەم: ئاخۆ تۆ تێبینی ئەوەت نەکردووە؟

دووەم: تێبینیم نەکردووە، پێت وانییە هەریەک لە من و تۆ شیاوین بۆ یەکتری، لە ئێستاوە حەقیقەتم دەزانی و دەتوانی بمناسیت، بەڵام تۆ بۆ خۆت ناکوژی.

یەکەم: ژیانم بەو ڕادەیە خراپ نییە کە تێی دەگەی، دەبێ مرۆڤ بەرگەی زەحمەتی بگرێ

دووەم: "بێدەنگی" باوەڕم وایە ئێمە بۆ ئەوە خوڵقاوین تاوەکو لەگەڵ یەکتری بژین.

یەکەم: دەبێ شتەکانی دەوروبەرمان چۆن بسوڕێن.

دووەم: من زۆر لە ماڵەوە دوور نەبوومە، هەندێک جار پاڵ بەخۆمەوە دەنێم کە بێمە دەرەوە ئەوە یەکەم جارە هاتووم گەیشتوومەتە تۆ

یەکەم: دوای ئەو هەموو تاریکییە ڕووناکی نایەت "بێدەنگی" تۆ لە کوێی؟

دووەم: لێرە ئازیزم.. بوەستە

یەکەم: ئاسان دۆزیتمەوە (بێدەنگی) من لە کوێم؟ "بێدەنگی" من لە کوێ بووم؟ "بێدەنگی" دەنگەکان جارێکی تر گەڕاونەتەوە؟ گوێت لێیە؟ ناتوانم لێرە بڕۆم؟ گوێت لێ نییە؟

دووەم: ناتوانی لێرە بڕۆی؟

یەکەم: من ناتوانم ئەو شوێنە بەجێ بێلم.

دووەم: بۆچی؟

یەکەم: نازانم

(بێدەنگی)

دووەم: هەوایەکی سارد بەر قاچم دەکەوێ "دەست لە قاچەکانی دەدات بۆ ئەوەی لە سەرما بیپارێزێت، پێویستم بە پێڵاوە، تۆ بۆچی پێڵاوەکانتم پێ نادەی.

یەکەم: پێڵاو؟ نا ناتوانم دوای ناتوانم قسە بکەم

دووەم: دەزانم تۆ ئامادە نیت بەخۆرایی هیچ شتێکی خۆت ببەخشی "بێدەنگی، دەستی دەگرێت و بۆ لای ئەو ڕای دەکێشێت"

یەکەم: قاچت؟

دووەم: چی؟

یەکەم: وتم قاچت

دووەم: زانیم پرسیار دەکەی "بێدەنگی" بەڵێ، قاچەکانم، پێلاوەکانتم بدەرێ، خۆشت لەسەر چۆکەکانت دانیشە، ئەوە بۆ تۆ زۆر خۆشە، لێرە.. ئەوها

یەکەم: وازم لێ بێنە، پێویستە لەسەرم یارمەتیت دەم، کەچی تۆ دەستەکانت گرتووە "دەستەکانی بەر دەدات" ئاخۆ تۆ یەک قاچت هەیە.

دووەم: بەڵێ تەنیا یەکێک

یەکەم: ئەی ئەوی تر؟

دووەم: بڕیمەوە، دەستی بە بۆگەنکردن کرد.

یەکەم: ئاخۆ هێشتا هەر ڕۆژە؟

دووەم: ڕۆژ.. ئەگەر بتەوێ، جگە لەوە وشەیەکی تر نییە

یەکەم: ئاخۆ هاتنی شەو نێزیک نەبووە؟

دووەم: زەوی جولەی وەستاوە، لە رۆژێکداین خۆر نابینین، لە کاتی رۆئاوابوون لە ناوەراستی زستان.

یەکەم: ئاخۆ لە دەوروبەرمان سەوزایی هەیە؟

دووەم: نەخێر

یەکەم: لەوانەیە لە شوێنێکی دەوروبەرمان هەبێت.

دووەم: تا چەندی تر دەتەوێ لێرە بەو شێوەیە بوەستی؟

یەکەم: زۆرجار ئاوا دەوەستم، چەندان کاتژمێر هەموو ئەو دەنگانەم گوێ لێ دەبێت.

دووەم: چ دەنگێک؟

یەکەم: نازانم چ دەنگێکە بیرم چوو

دووەم: من دەتوانم بیبینم "بێدەنگی"

یەکەم: بێدەنگ نابیت؟

دووەم: نەخێر "سەری دەگرێت" من باش دەیبینم، لەوێ لەلایەکی تری ئێرە "بێدەنگی" بیلی ئەگەر وەرت گرت و رات کرد، چی دەکەی؟ "بێدەنگی" لەوانەیە پیاوێکی پیری تر بێت، رۆژێک بێت لە ژوورێک دەربچێت، فلوت بژەنێت و چیرۆکی ئامێرێکی بچووک بگێرێتەوە، کە رۆژێک لە رۆژان لەلای تۆ بووە "بێدەنگی" ئاخۆ وانییە بیلی؟ "بێدەنگی" تۆ گۆرانی دەڵێیت؟ ها بیلی چی دەکەیت "بێدەنگی" دوای لەدەستدانی فلوتەکەت لێرە بە قورگێکی تاساو دژی بای زستان هاوار دەکەی "بەدارەکەی لێی دەدات" ئاخۆ وانییە بیلی؟

"یەکەم بەدەوری خۆی دەسورێتەوە، لایەکی دارەکە بۆ خۆی رادەکێشێ، و دەیەوێ بەتەواوی لە دووەمی بسەنێت".

## شانۆیی پاڕانەوە

لەدایکبوون مردن بوو بۆ ئەو.. سەرەمەرگ پەیڤە کەمەکانی بوو، پێ دەکەنی، گاگۆڵەی دەکرد تا بگاتە بێشکەکەی، ئەوە یەکەم شکستی بوو، یەکەم هەنگاوی لە باوەشی دایکییەوە بەرەو مامی دەرۆیشت دواتر دەگەرایەوە، ئێوارەیەک بە مردوویی لەدایک بوو، زۆر پێش وادەی خۆی خۆر لەناو درەختە کالیپتۆسەکان ون دەبوو، گوڵە سپییەکان رەنگیان خۆڵاویی دەبوو، تاریکی دەهاتە ژوورەوە.. شەو دەهات و رووناکی تێدا ون ئەبوو، لە کوێوە؟ لە پەنجەرەوە رووناکی نەدەکوژرا، نە دەزانرا رووناکی لە کوێ ون دەبێت، هیچ شتێ نەدەجولا.. لە دوورەوە ئاسۆیەکی رەش هەبوو، بەر ئەو رێگەیە دەکەوت کە چراکەی لەسەر راگیرابوو، ئەو چرایەی کە بۆ دواجار کوژایەوە، دەنکە

شقارتەکان لە گیرفانی ڕاستی بوو، یەکێک دای گرساند بەهەمان شێوازی کە باوکی فێری کردبوو، چراکەی لە تەنیشت خۆی دانا و دەنکە شقارتەکەی کوژاندەوە، شووشەی چراکەی لابرد، دووکەڵ بەدەوری بڵاو دەبووەوە، بلورەکەی بەدەستی چەپی دەگرت، دەیویست دای بنێتەوە و چراکە دەکوژایەوە "پەلوپۆ دەکوتێ وەکو کوێرێک، تاکێ گۆڕەوی دادەکەنێ، بەرەو ڕووی تیشکی ڕووناکییەک دەچێت"

ڕۆژگارێک وێنەیەک ئێرەی داپۆشیبوو، چوارچێوەی شووشەیی نەبوو، بزمار لەسەر دیوارەکە وێنەی جیاوازی دروست دەکرد، ئەو هەموو ساڵە لە شەوەکان تێپەڕی، جگە لە بزمار هیچ شتێکی تر لەسەر دیوار نییە.. لە ڕووناکی شەو دەچێت، هیچ شتێک لەوێ ناجولێتەوە، هیچ شتێک لە هیچ شوێنێک ناجولێتەوە، هیچ شتێک لە هیچ شوێنێک نابیسترێ.

جارێکیان ژوورێک پڕبوو لە دەنگ، دەنگی کز، لە کوێوە؟ نازانم.. بەدرێژاییی زەمەن نەما، شەوەکان هاتن، ئێستا یەک دەنگ چییە لێرە نەماوە، هەندێک شەو هێشتا باران لە شووشەی پەنجەرەکان خوناو دروست دەکات، یا سەر زەوی تەڕ دەکات و چراکە دووکەڵ دەکات.

دووکەڵ بنمیچی ژوورەکە ڕەش دەکات، ڕەش تێکەڵی تاریکی دەبێت، هیچ جولەیەک بەدی ناکرێ، هیچ شتێک نییە.. شتێک ناجولێتەوە، دەکرێ ببینی ببیستی، ئارەزوویەک نییە بۆ جولەکردن.

ترس لە تاریکی.. جلەکانی پێ دەپۆشێ، گۆرەوی لە پێ دەکات، بەدرێژاییی شەو و ڕۆژ بەو جلانەوەیە، ساتێکی تر هەموو شتێک دەگۆڕێت، ڕووناکییەکی کز دێتە ژوورەوە نازانرێت لەکوێوە هاتووە.

زەمەنێکی درێژە خۆر لە پشت درەختەکان خۆی حەشارداوە، ڕووناکیی لە سەرەمەرگدا ڕوح دەدات ڕوح گەیشتووەتە کۆتایی، کەس نەماوە بۆ ئەوەی بمرێت، نا، کێ وتی ڕووناکی نییە.. ئاسمان بێ ئەستێرە و مانگە، لە بەرەبەیان دەمرێ و نامرێ، لەوێ تاریکی لە پەنجەرەوە دێت، شەو لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، چاوەکان لەناو ژوورێکی تاریک تێ دەپەڕن "دەگەشێتەوە" تاریکی دەمرێ و لەگەڵ تیشکێکی ئەرخەوانی باران دەبارێ، چەترێکی زۆر لە دەوری گۆڕەکەی کۆ دەبنەوە.. جلوبەرگیان وەک چەترەکانیان ڕەش بوو، تیشکی ڕووناکییەکە بەتەنیا دەمایەوە.

مارف بەرزنجی

# گای پیرۆز

زۆر سەرمەست بوو بەو باوەڕە دەسکردەی کە خۆی کردبوو بەپاسەوانێکی بێ هاوتای. بەم هۆیەوە لەناو کۆمەڵێ خەڵکی سادە و ساویلکەی ئەو هەرێمەدا پایەیەکی بەڕواڵەت بەرز و بڵندی بۆ خۆی گرتبوو.

دەس ماچکردن و لێشاوی شەکر و چاپەز و ئاژەڵ و پوول و پارەی خۆڕایی، کارەکەر و نۆکەری بەنانەزگ، بێ تۆز لێ نیشتن و ئارەق ڕشتن خۆشخۆری و تەڕپۆش! لە ڕاستیدا شێخ (کابرا) خۆی باش دەیزانی پاسەوانی چییە! لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەم بەندوباو و چاوەڕاوەدا بەدرێژیی تەمەنە پیرۆزەکەی خۆیشی لە خۆی گۆڕابوو، بڕوایەکی ڕووکەشیی لەخۆ گرتبوو، مەگەر بۆ خۆهەڵکێشان و فشەکردن لای خێزانە تازەکە جارجار چەکمە ڕەقی و زەبر و زۆرداری و دەس وەشێنی چاری جارانی خۆی بەدەمدا بهاتایەتەوە، لەو کەمە ڕاستییە بترازایە ئیتر هەروا خۆی پێشان دەدا کە لە سکی دایکیدا بەوەلییەتی گیان بە بەریداکراوە و خوانەخواستە ئەم نەبێ خواپەرستی لەناو دەچێ. هەروەک خوایا خواپەرستی تێروپڕی و کوت قەڵەوی و دەوڵەمەندیی ئەو بێ.

تازە پاش سێ ساڵ تێپەڕین بەسەر لەناوچوونی عوسمانلیدا ئەمجارە قوتابخانەیەکی یەک پۆلی لە دێکەیاندا کرابووەوە ئەوەش بەنابەدڵی ئەم و تەقەلای چەند کەسوکارێکی ژێردەستە و نانبڕاوی چاوچنۆکی شێخ. بۆ بەدبەختی ئەم، مامۆستای قوتابخانەکە خوێندەوارێکی وریا و زرنگ و مێشک کراوە بوو. تەنانەت زۆر باشی دەزانی کە شێخ بۆ ئەوەندە بە زمان خواپەرستە و کەچی بە کردەوە و ڕەوشت خۆپەرستێکی زۆر ناپەسندە. لەبەر پەلی ڕۆژگار خۆی لە دەرەتان و ڕێگەوبانی شێخ نەدەدا.

زۆرتر خەریکی قوتابییەکانی بوو، شەوانیش لە ژوورەکەی خۆیدا فەلاح و ڕەنجبەر و وریاکانی دێیەکەی میوانداریی دەکرد، لەو فەلاحانە کە شێخ و بارەگەی شێخیان بە بارێکی زۆر گران دەزانی لەسەر شانی خۆیان. مامۆستایان دەدوان و مامۆستا دەیانی دواند تا شتێک تێبگەن لە هۆی ژیانی کوێرەوەرییان، وەک با بە گوێچکەیدا دابن کە ئەم کوێرەوەرییە و دەردیسەرییە بێ هۆ نییە بێ چاریش نییە. شێخ؛ کابرا بۆ ئەم شتانە لە مشک سڵ و سرکتر بوو. زۆری نەبرد کە گومانی پەیدا کرد لەم هاتوچۆ گەرمە و دەورەدانە لەم ئەفەندییە تەنیایە کە دیمەنەکەی دڵی تەنگ دەکرد. لە دڵی خۆیدا دەیوت: تا زووە چارێک! وەک بڵێ: تا بە تەقەڵێک دەدوورێتەوە نەیگەیەنمە کلافەیەک.

ئەو شەوە لە پەنجەرەی باڵەخانەکەیەوە چاوی لە تروسکەی چرا گەشەکەی ژوورەکەی مامۆستا ئێسک قورسەکەی نەترووکان. تا شەو درەنگ بوو ئەوجا چرا کزبوو. ئەمیش دڵنیا بوو کە جووتیار و ڕەنجبەرەکان ماڵئاواییان کردووە.

شێخ لە مەراقدا هەر تووکی سمێڵی خۆی دەبرد بەدەمدا و پیشی دەخواردەوە. بەڵام دەردی دڵی خۆی بۆ خەڵکەکەی دەوروپشتی دەرنەدەبڕی. هەر بە ئاخ و ئۆف و هایوهوو بەبا دەدا. خەڵکەکەش وایان دەزانی کە شێخ خەریکی خوایە و سۆزی دڵی تاوی گرتووە. ئەو شەوە نەیتوانی وەک جاران بنوێ. لەژێر لێفە سورمەکەیەوە هەر ئەملا و ئەولای دەکرد تا بەرەبەیان ئەوسا خەو بردییەوە. تەنانەت بۆی نەکرا شێخ ژنی تازەش دڵنیا بکا، هەرچەند کە ساڵێک نابێ چوارەی سونەتی پێ پڕ کردووەتەوە و سیانە کۆنەکەشی بۆ بەجێ هێشتووە.

بەیانی چاپەزی تەکیە و تایبەتی شێخ لە جاران زیاتر چاوەنواڕی کرد تا تەشریفی بێ و پیاوماقووڵان و خەلیفە و دەس و پێوەندی لە قوربان نزیک بنەوە چایەکەی لە خزمەتدا بخۆنەوە. گەیشتە چێشتەنگاو ئەمجارە شێخ حەرەمی بەجێ هێشت. خەلیفە پرچنە ورگنە نەوسنەکان سەریان هاتبووە ژان و سەروچاویان گرژ بوو بۆ چای سەنگین. هەرچەند بۆنی چایەکەیان دەهات بە لووتدا گیف هەڵدەهاتن دەتوت قەلەموونن و فیکەیان لێ کێشراوە. ئەم دەمەیان بە ڕۆژێکی ڕەمەزان لێ بەسەرچوو، بەڵام بەپێش خواردنەوە و هایوهوو بێ ئارامیی خۆیان دەدایە با، تا خوا بەدەرکەوتنی باڵا گرگنەکەی شێخ لەم تاسەیەی ڕزگار کردن. شێخی گورگ خەوکەری شەو خەو لێزڕاوی هۆڵ لێ هاتووی دەردی مامۆستا "شەیتانەکە" خەوێکی دەست هەڵبەستیشی ئامادە کردبوو بۆ دامەزراندنی بەزمی پەڵپ پێ گرتن. شێخ کە خۆی پاسەوانی خوایە، مامۆستای خواگرتووش دەبێ شەیتانپەرست بێ، ئەوسا شوێنی دەس وەشاندن دەبێ.

شێخ: ئەوەتەی ئەم قوتابخانە گاورینە هاتووەتە ئەم بارەگەیە، پیت و بەرەکەتی دێیەکەمان هەڵگیراوە. ئەو مالوومە پیسە کە هەر دەڵێی شەیتانە هیچ نوری ئیسلامی لە چارەیدا نییە. دەترسم نەک هەر ڕزق و ڕۆژیمان لەدەس بدا، بگرە زیان بەڕەوشتی ئاینەکەشمان بگەیەنێت. خەلیفە ورگ زلە نەوسنەکە پاش ئەوەی چاوە زەقەکانی زل و بڵ کردەوە و لرخەیەکی کرد و

دەستێکی بەڕیشە بۆزەکەیدا هێنا کە لە بنجەزەلی گاگەل بەلادانەچووی دەکرد، وتی:

قوربان! ڕۆژگار باش نەماوە، ڕۆژ بەڕۆژ چەرخ بەرەو خراپتر دەسووڕێ. خوا ئیمانمان سەلامەت بکا، دیسان تا جەنابیشتان مابن هەر باشترە. خوانەکردە دوای جەنابتان هاوار بە مالْم، یەکجاری چرای دین دەکوژێتەوە.

شێخ: ئا حەمە ئەو ناوساجییە بدەرە خەلیفە و چایەکی پڕ ڕەنگی و شیرینی بۆ تێ کەرەوە... خەلیفە ئەمشەو بابە گەورەم ئیشارەتی پێ فەرمووم کە دەبێ ئەم شەیتانە لەم بارەگەیە دوور خرێتەوە. ئێمە لای خوا و پێغەمبەر مەسئوولین بەرامبەر بە پاراستنی ئەم ڕێگەیە، ڕێگەی تەریقەت کە لە شەریعەت گەورەترە، خوا حەزکا جڵەوی دراوەتە دەستی ئێمە.

حەمەی مەیتەر چەناگە کۆستەکەی بادا و دەمە ڕەقەکەی وەک قاچی دا بەیەکدا و سەرەگێز و گوڵەنگدارەکەی بۆ لەراندەوە وتی: قوربان! بێ قەزاوی چی دەفەرمووی هەر ئیسە ئەو سەگسارەت بۆ سنگ دەکەم وەقوربانی گوللەیەک، بچم وەخۆی کێتوە شرەکانێو شار وەدەری کەم؟ سەری تۆم بۆ خۆش وێ هەزار پرچنەی وات بۆ ئەوەسم وەرەشمەکەی ئەسپەکویتۆ. ئێمشەو بچم ئاگر بینم وەخۆی قوتاو خانەکەیۆ؟ وازانێ تۆپ و جبەخانەی لێ دابەستوگین، بێ قەزاوی یاخۆ!! حەی وەخوا سەیرە بۆ ئەمیش پۆلیس و قومسیرەکەس دەنگ نەکەین؟

کوێخا میوان کە سەر و تەپلەیەکی دامەزراو و ڕیشێکی لە مەکینە دراوی پێوە بوو لە پەرێزی گەنمی تازە درەوکراوی دەکرد. دەستێکی برد بۆ دەستەسرە سوورەکەی ملی و هاوردییەوە بەسەر و کوشتەکی خەنجەرە مشتوماهییەکەیدا و چاو و برۆ پێوەستەکانی لەسەر خۆ هەڵبڕی و بە شەرمیی حزوورەوە کارامەییی خۆی نواند.

– نا بیللا مانا! یا شێخ ئەم چتانە لایقی جەناوتان نییە و لە ناوبانگتان ناوەشێتۆ، وەدەس ئەم دەمڕووتانۆ خۆتان پیس مەکەن، چونکە ئەم تەرحە کەسانە ناوتان دەرزێن. ئەمە چاری ئەوەسا لەژێرۆ دیارییەکی ڕێک و وەنرخ بۆ مدیر یا قایمقام بنێرێ وە ناو مفەرکۆ، ئەوانیش لەژێر وەنۆکە قەڵەمێک ملی دەشکێنن... دەتوانن هەر وەجارێ قوتارخانەکەیشتان لە کۆڵ بکەنۆ، دەڵێن (موشابەغە) دەکا و بۆ ئیدارە زیانی هەس، وەخوا قوتاوخانە خۆش وێ دوو ساڵی تر ناوا مناڵێک ناوی کەمولەیەک ئاو بدا وەدەم میوانێکتانۆ. باش و ئێمەش تووش ئەم نەگوەتییە بووین، خوا حەزی کرد وەک عەرزم کردی وەچتێکی ئەوها ڕزگار بووین.

– شێخ: ئافەرم کوێخا لەبەر ئەم شتانە ڕاوێژ بە سونەت دانراوە. کەوابوو ئەم کارە هەر بە خۆت دەسپێرم، با ئەم خێرە هەر بە خۆت ببڕێ. ئەو فەرشەی کە لەگەڵ دەستدا هێنابووت بۆ تەکیە، باشە؟ جا بۆ مدیری بنێرین یا بۆ قایمقام؟ ڕەنگ بێ بۆ قایمقام باشتر بێ. گەورەترە و بەم هۆیەوە دۆستایەتیش پەیدا دەبێ و گەلێ فرمانی تەکیە و دەست و دایەرەشمان پێ دەکەوێت. خۆ مەسەلەی بەراوەکەشمان هێشتا جێبەجێ نەبووە. وەختی خۆی قاقەزیشم بۆ ئینگلیزەکان

نووسیبوو کە بە موتەسەڕیف بڵێن، بەڵام ئەوەتەی شەڕ بڕاوەتەوە زۆر شیرمان بۆ دانادەن. هەر ئەو دسیە مانگە بوو کە هەراوهوریاکەی سەردەمی "شێخ سەدر" بوو، بەخوا پاش ڕاکردنی نووری پاشا و ساڵح جەبر باش ترسابوون. هەر خوا خوایان بوو دوو قسەیان بۆ بکەین. ها ئەوەتە قاقەزەکانیان کە پەیتا پەیتا پیاویان بەڕێوە هاواریان دەکرد کە شیوعییەکان دین نایەڵن. پێویستە لەناو مورید و عەشایەرەکاندا لە زێدی ئەم شیوعییانە بدوێن کەچی ئێستاش بە ساڵی جارێک جوابی قاقەزێکمان نادەنەوە. وا مسکێنەکان خەریکن بە گوێمان نەکەن. بەخوا ترسی تفەنگ و قامچی نەبێ ملمان بۆ دانانەوێنن. کەمێ قومیسەرەکە باشە، باهیری کوڕم برادەریی لەگەڵیدا گرتووە. میوانداری بەیەک دەکەن و جارجار دیاریی بۆ دەنێرێ.

ئەم مسکێنانە بوونەتە وەهابی دەوروپشتی مەکە، دوای قسەی خوا و پێغەمبەر ناکەون، دوای گوێرەکەیەکی وەک ئەو سەرڕووتە دەکەون، وەک قەومەکەی حەزرەتی مووسا کە دوای سامیری کەوتن، ڕەحمەت لەو پیاوچاکەی کە فەرموویەتی کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە بەجارێک تۆبی و خوا کوێخا ئەو بەراوە بۆ تەکیە باشە بابۆ مسکێنە خوانەناسە کە دوژمنی خوا و پیاوی خوان؟ ئەو مالوومەش ئەوەتی هاتووە بەجارێک ئەم ناوەی شێواندووە.

کوێخا: بەڵێ قوربان جوان دەفەرمووێ!

کۆلکە مەلا بەسەر و جامەدانییە زلەکەی و ڕیشە قەڵەمکراوەکەیەوە کە بۆ سەرفترەی ڕەمەزانی ئامادە کردبوو تا شێخ نامەیەکی بۆ بنووسێ بۆ ئەو دێیەی کە چاوی لێ بڕیبوو، ملی قوتەوەکرد و وتی: جا یا شێخ: با بنێرینە شوێنی بانگی کەین، لە خزمەتی جەنابتدا کوڕێکی پێ بگرین، خۆ لە باسی گورگ و چەقەڵ بەولاوە هیچی تر نازانن، بزانە چۆنی بۆڕ دەدەم؟ سەری تۆ خۆش بی و خوا یار بێ دەمی دەکەم بە تەڵەی تەقیو، ئەوسا چیی تری لێ دەکەن بیکەن.

شێخ: بەجێیە، ئەوەش بەجێیە، تا ئەو مسکێنە سەگبابانەی دوای کەوتوون بۆیان دەرکەوێ کە دوای کەرەکەی جەجاڵ کەوتوون، بەڕێککەوت ئەو ئێوارەیە قوتابییەک نەخۆش بوو، مامۆستا دەچوو تیماری بکا، ڕێگەکەی دەیدا بە بەردەم بارەگەی شێخدا، لەو کاتەدا کە لەگەڵ دەستەودایەرەی بۆ چای خواردنەوەی ئێوارە کۆڕیان بەستبوو لە دەوری سەماوەری زەرد و قۆریی هەشتەرخان. دووکەڵی جگەرە و سبیل ژوورەکەی پڕ کردبوو لە تەم. دیاربوو کە هێشتا گۆشت و برنجەکەی نیوەڕۆیان باش بۆ نەتوێنراوەتەوە. لە ژیان و گوزەرانێکی وا تێروتەسەل و بێ ئەرکدا فڕوفیشاڵ زۆرە و گەلێک شێر بە گوێچکە دەگرن.

کۆلکە مەلاش هەر ملەقوتێی ئەوەی بوو سینگ بەرێتە پێشەوە و هونەری خۆی بنوێنێ و پێشنیازە بەنرخەکەی پێش نیوەڕۆی بێنێتە جێ کە وەک مۆرانە لە مێشکیدا هەر دەخولایەوە. لەو کاتەدا مامۆستای بەرچاو کەوت، خێرا هەڵی دایە و هاواری لێ هەڵسا ها ها ها... ئەوەتە... ئەوەتە... یا شێخ فرسەتە بفەرموو ئەو کافرە بانگ بکەن تا دوور لە ڕووی جەنابت سەگ بە

حەسارێکی پێ بکەین... ها ها ئەوەتە بزانە بۆ چ فرۆفێڵێک خۆی دەکوتێ بۆ ناو دێ، دەڵێی سەگی هارە. نا بۆ باوکی دەچی! یەکجاری لە تەوەرە دەرچووە و شەرمی لێ هەڵگیراوە.

شێخ: ئادەی حەمە، قالە، حوسە ڕاکەن... بانگی کەن... دەی مەلا بتبینم چی پێ دەکەی؟! دەترسم هیچی پێ نەکەی. ئەمانە شەیتان دەرسی داون... تۆ بڵێ بەم بانگی شێوانە هار بووی ڕوو دەکەیتە ماڵان... وەڵڵا لێمان بووەتە کەڵەشێر یا سابرینە نێرەی ناو گەلە...

پەح... پەح... پەح!...

مامۆستا پاش سڵاوکردن شێخ بەلادمێکە بەخێرهاتنێکی کرد و هەڵی دایە و پرسی: ئەوە بۆ کوێ دەچووی ئەفەندی؟

مامۆستا: بۆ ماڵی «حەمە ڕەشید» کوڕەکەی نەخۆشە دەچم تیماری بکەم.

حەمە: قوربان خێزانەکەشی ناساقە تیماری ئەویش دەکا!

مامۆستا: ئەگەر ناساغ بێ تیماری ئەویش دەکەم.

شێخ: جا تۆ دوختۆری یا موعەلیمی؟ خۆ تۆ مەحرەم نیت، چۆن دروستە بێگانە هاتوچۆی ناو ماڵ و منداڵی خەڵک بکا، یا دەس لە لەشی ئافرەت بدا؟

مامۆستا: بۆ چ حەرامە؟ هیچ حەرام نییە بگرە واجبە. نەخۆش تیمارکردن پێویستی سەرشانی ئەو کەسەیە لە توانایدا بێ. لێرەدا کە دوختۆر نییە منیش شتێکی لێ دەزانم خۆم بە گوناهبار دەزانم ئەگەر لە نەخۆشەکانتان نەپرسمەوە. لەلایەکی تریشەوە خۆ جەنابتانیش ڕۆژ نییە دەس بەسەر لەش و سەری کچ و ژنی خەڵکی دانەهێنن. بۆچ حەرام نییە؟

شێخ دەمار دەیگرێ و بە تووڕەیییەوە دەنەڕێنێ: ئێمە بۆ خوا خزمەتی خەڵک دەکەین. ئێمە پاسەوانی خواوەند دەکەین تا لە شەیتان و شەیتانپەرستی وەک ئێوەیان بپارێزن ئێمە لە شوێن باوکی کچ و ژنی ئەم ئوممەتەین.

مامۆستا: یا شێخ تووڕەبوونی پێ ناوێ... ئەگەر جەنابت خۆی بە باوکی ئەم خەڵکە دابنێ، ئێمە برای دڵسۆزیانین، خوای گەورەش دوژمنی نییە. چونکە خۆی هەموو شتێکی دروست کردووە. کێ شەیتانی دروست کردووە هەر خۆی دروستی نەکردووە؟ ئاخۆ کەس دوژمن بۆ خۆی دروست دەکا بە ئارەزووی خۆی؟ یا ئەگەر دروستی بکا داماوی یارمەتە بۆ پاراستنی.

شێخ: نوێژنەکەری وەک تۆ کەی خوا دەناسێ؟ تۆ خەریکی ئاژاوەنانەوەی، وابزانم ئەم خەڵکەمان لێ هەڵدەگێڕیتەوە و کەسمان بەدەستەوە نایەڵی. ئەگەر بەردەوام بی مسکێن و زەویوزارەکانیشمان لەدەس دەکەیتەوە. کەسێ نابێ ماسەیە ئاومان بدا بەدەمەوە یا سەری وڵاخێکمان بۆ ڕاکێشی... کوفر یەکجاری عالەم دادەگەری.

مامۆستا: قوربان ئەگەر فەلاح زەویوزاری هەبێ بۆ خۆی یا ئەگەر سەری وڵاخی خەڵک

رانەکێشی کوفرە؟! من وا دەزانم زۆر خێرە و ئەگەر هەموو فەلاحێک بەری جووتی خۆی هەبێ و هەر کەس بۆ خۆی رەنج بدا. من بەشبەحاڵی خۆم حەز دەکەم و زۆریشم پێ خۆشە کە خزمەتی خەڵک بکەن نەک خزمەتی من بکەن، یا هیچ نەبێ بە دەسیا و خزمەتی یەکتر بکەین. ها ئەوە دەبینی دەچم تیماری هاوسێیەک بکەم بەخۆڕایی، ئامادەم لە پێی توانا و زانینی خۆم خزمەتی هەمووتان بکەم. ئەوەتە بە منداڵەکانتان دەخوێنم و کەمێک دەسی تیماریشم هەیە تیماری نەخۆشەکانتانی پێ دەکەم، ئەوەی لە بارمدا بێ دریغی ناکەم.

شێخ! هەموو بۆ فڕوفێڵە ئەگەر دەستتان بڕوا چی خوا حەزی پێ نەکا ئەوە دەکەن، کافرن، نوێژنەکەرن، خوانەناسن... شێخ دەنگی لێ هەڵبڕی، ئەوەندەی نەڕاند و شیڕاند کەف کەوتە لغاوەکانی و بە سەر ریش و سمێڵیا وەک کرێوە بڵاو بووەوە. دێوانە و خەلفەکان کە زانییان شێخ شپرزە بوو دەسیان کرد بە قیژەقیژ و هاوار هاواری شێتانە، بە مرەمرِ و لرخەلرخ دەستیان دایە شمشێرە ژەنگن و تەوەرزین و زەرگەکانیان، وەک دێو و درنج دەور و خولی مامۆستای بەسەزمانیان دا.

کۆلکە مەلاش وەک ژووژوو هەر ملی دەبردە ناوا و هیچی لە هۆنەرەکەی پێ نەنوێنرا. مامۆستا کەمێک حەپەسا، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و لەسەرخۆ هەڵساو بێدەنگ لەناو کۆڕە شڕوشێتە خۆی ڕزگار کرد، بەدەم ڕێوە لەبەر خۆیەوە هەر دەیوت: گای پیرۆز... گای پیرۆز لە هیندستانیش گا دەپەرستن... تا گەیشتە بەردەرگەی ژوورەکەی خۆی هەر گوێی لە قیژە و هاوار و لرخەلرخە بوو. کە گەیشتە لای ژوورەکەی سەرنجی دا و حەمە رەشید کوڕە نەخۆشەکەی گرتووەتە باوەشەوە وەستاوە چاوەنواڕی دەکا، کە مامۆستای دڵسۆزی دی، وتی: ئەفەنی دەترسم دڵگەردیان کربێ، ئەمانە ئەفەنی وەک جەناوتیان خۆش نەگەرەکە، ئەوە ئەگەر پۆلیسێکی دەم شڕ بوایە هەزار مەراییان لەبەر دەکرد چونکە قامچی وەدەستە. لای خۆیان پیاوی خوان، پیاوی خوا ئەوی دووروو نەوێ و دنیای نەگەرەک بێ. بەڵام بۆ دنیاکەیە، ئەفەنی، هەمووی بۆ تەماحە تەماح... دەبوایە دڕکیان لەگەڵ هەژار دەرکردایە، نە تۆ بێژە دڕکمان پیا مەکەن.

مامۆستا: هەر وا نابێ خاڵۆ حەمە رەشید... هەر وا نابێ... ئەم دەسگا فڕوفێڵاوییانەش زۆری نەماوە دادەتەپن و دڕکی ئازار لە گیانی هەژاران دەرهێنرێ. ئەوسا سێبەری خەست دەست پیاوی ئیشنەکەر ناکەوێ، هەروەک خۆتان دەڵێن «هەر کەس ئیش نەکا نان ناخوا» ئەمجارە دەسی ماندوو دەکەوێتە سەر زگی تێر و مامۆستا و برینپێچ لە مدیری پۆلیس و قایمقام بەنرختر دەبن بگرە هەر پۆلیسمان ناوێ و خۆمان پۆلیسی خۆمان دەبین.